# هەڵسەنگاندنی پەرتووکی زمان و ئەدەبی کوردیی

# پۆلی یازدەهەمی ئامادەیی بەپێی پێوەرکانی چێژی ئەدەبی

## کازم ئەجەل ڕەشید

## ماستەرنامە

******


کەناڵی

(سەرچاوەی زمان و ئەدەب و ڕێگەکانی وانەوتنەوەی زمانی کوردی)

☟

https://t.me/Sercawe

لەم کەناڵەی تیلیگرامدا، ئەم سەرچاوانە هەیە:

١-زمانی کوردی

٢-ئەدەبی کوردی

٣-پەوەردە/ ڕێگەکانی وانەوتنەوە/ بوارەکانی دەروونزانی بە زمانی کوردی

٤- فەرهەنگی کوردی

وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی
زانکۆی بەغداد
کۆلێژی پەروەردەی ئیبن ڕوشد بۆ زانستە مرۆڤایەتییەکان
بەشی زمانی کوردی/ خوێندنی باڵا- ماستەر

# هەڵسەنگاندنی پەرتووکی زمان و ئەدەبی کوردی پۆلی یازدەهەمی ئامادەیی بە پێی پێوەرەکانی چێژی ئەدەبی

نامەیەکە

**کازم ئەجەل ڕەشید**

پێشکەشی ئەنجومەنی کۆلێژی پەروەردەی ئیبن ڕوشد بۆ زانستە مرۆڤایەتییەکانی زانکۆی بەغدادی کردووە و بەشێکە لە پێویستییەکانی وەرگرتنی بڕوانامەی ماستەری پەروەردە لە ڕێگاکانی وانەوتنەوەی زمانی کوردیدا

بەسەرپەرشتی
پرۆفیسۆری یاریدەدەر
**کەوسەر جاسم عوبێد**

سەرماوەرزی (٢٧٢١)ی کوردی زولحەجەی(١٤٤٣)ی کۆچی تشرینی دووەم(٢٠٢١)ی زایینی

بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

﴿ إِنَّ فِي خَلۡقِ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِ وَٱخۡتِلَٰفِ ٱلَّيۡلِ وَٱلنَّهَارِ
وَٱلۡفُلۡكِ ٱلَّتِي تَجۡرِي فِي ٱلۡبَحۡرِ بِمَا يَنفَعُ ٱلنَّاسَ وَمَآ أَنزَلَ ٱللَّهُ مِنَ
ٱلسَّمَآءِ مِن مَّآءٖ فَأَحۡيَا بِهِ ٱلۡأَرۡضَ بَعۡدَ مَوۡتِهَا وَبَثَّ فِيهَا مِن كُلِّ
دَآبَّةٖ وَتَصۡرِيفِ ٱلرِّيَٰحِ وَٱلسَّحَابِ ٱلۡمُسَخَّرِ بَيۡنَ ٱلسَّمَآءِ وَٱلۡأَرۡضِ
لَأٓيَٰتٖ لِّقَوۡمٖ يَعۡقِلُونَ ١٦٤ ﴾

صَدَقَ ٱللَّهُ ٱلۡعَظِيمُ

صورة البقرة

الآية ﴿ ١٦٤ ﴾

# بڕیاری سەرپەرشت

گەواهی دەدەم کە ئەم نامەیە بە ناونیشانی (هەڵسەنگاندنی پەرتووکی زمان و ئەدەبی کوردی پۆلی یازدەهەمی ئامادەیی بە پێی پێوەرەکانی چێژی ئەدەبی) قوتابی (کازم ئەجەل ڕەشید حەسەن) بەسەرپەرشتی من لە کۆلێژی پەروەردەی ئیبن ڕوشد بۆ زانستە مرۆڤایەتییەکانی زانکۆی بەغداد ئامادەی کردووە، بەشێکە لە پێویستییەکانی وەرگرتنی بڕوانامەی ماستەری پەروەردە لە (ڕێگاکانی وانەوتنەوەی زمانی کوردی)دا.

سەرپەرشت

واژۆ:

ناو و ناسناو: پ.ی .د. : کەوسەر جاسم عوبێد

ڕێکەوت: / / ٢٠٢١

بەپێی پێشنیازی مامۆستای سەرپەرشت، ئەم نامەیە پێشکەش بە لیژنەی هەڵسەنگاندن دەکەم.

پ. عەلی داود جوامێر

سەرۆکی بەشی زمانی کوردی

/ / / ٢٠٢١

# بڕیاری شارەزای زمانەوانی

گەواهی دەدەم کە ئەم نامەیە بە ناونیشانی (هەڵسەنگاندنی پەرتووکی زمان و ئەدەبی کوردی پۆلی یازدەهەمی ئامادەیی بە پێی پێوەرەکانی چێژی ئەدەبی) قوتابی (کازم ئەجەل ڕەشید حەسەن) لە کۆلێژی پەروەردەی ئیبن ڕوشد بۆ زانستە مرۆڤایەتییەکانی زانکۆی بەغداد ئامادەی کردووە، بەشێکە لە پێویستییەکانی وەرگرتنی بڕوانامەی ماستەری پەروەردە لە ( ڕێگاکانی وانەوتنەوەی زمانی کوردی)دا، بینیم لە لایەنی زمانەوانی و دەربڕینەوە گونجاوە بۆ تاوتوێکردن، لە بەر ئەوە واژۆم کردووە.

شارەزای زمانەوانی

واژۆ:

ناو و ناسناو: پ.ی: سرود ولی اسماعیل

زانکۆ و کۆلێژ: زانکۆی بەغداد/ کۆلێژی پەروەردەی ئیبن ڕوشد بۆ زانستە مرۆڤایەتییەکانی

ڕێکەوت: / / ٢٠٢١

# بڕیاری شارەزای زانستی

گەواهی دەدەم کە ئەم نامەیە بە ناونیشانی (هەڵسەنگاندنی پەرتووکی زمان و ئەدەبی کوردی پۆلی یازدەهەمی ئامادەیی بە پێی پێوەرەکانی چێژی ئەدەبی) قوتابی (کازم ئەجەل ڕەشید حەسەن) لە کۆلێژی پەروەردەی ئیبن ڕوشد بۆ زانستە مرۆڤایەتییەکانی زانکۆی بەغداد ئامادەی کردووە، بەشێکە لە پێویستییەکانی وەرگرتنی بڕوانامەی ماستەری پەروەردە لە ( ڕێگاکانی وانەوتنەوەی زمانی کوردی)دا، بینیم لە لایەنی زانستییەوە گونجاوە بۆ تاوتوێکردن، لە بەر ئەوە واژۆم کردووە.

| | |
|---|---|
| شارەزای زانستی | شارەزای زانستی |
| واژۆ: | واژۆ: |
| ناو و ناسناو:پ.ی.د:مناضل عباس قاسم | ناو و ناسناو:پ.ی.د:نظام عبدالجبارحسين |
| زانکۆ و کۆلێژ: گەرمیان-پەروەردەی بنەڕەت | زانکۆ و کۆلێژ: سلیمانی-پەروەردەی بنەڕەت |
| ڕێکەوت: / / ٢٠٢١ | ڕێکەوت: / / ٢٠٢١ |

## بڕیاری شارەزای ئامار

گەواهی دەدەم کە ئەم نامەیە بە ناونیشانی (هەڵسەنگاندنی پەرتووکی زمان و ئەدەبی کوردی پۆلی یازدەهەمی ئامادەیی بە پێی پێوەرەکانی چێژی ئەدەبی) قوتابی (کازم ئەجەل ڕەشید حەسەن) لە کۆلێژی پەروەردەی ئیبن ڕوشد بۆ زانستە مرۆڤایەتییەکانی زانکۆی بەغداد ئامادەی کردووە، بەشێکە لە پێویستییەکانی وەرگرتنی بڕوانامەی ماستەری پەروەردە لە ( ڕێگاکانی وانەوتنەوەی زمانی کوردی)دا، بینیم لە لایەنی ئامارییەوە گونجاوە بۆ تاوتوێکردن، لە بەر ئەوە واژۆم کردووە.

شارەزای ئامار

واژۆ:

ناو و ناسناو: م.ی: أمید صابر عبدالله شوانی

زانکۆ و کۆلێژ:سەڵاحەدین- کۆلێژی کارگێڕی و ئابووری

ڕێکەوت: / / ٢٠٢١

# بڕیاری لیژنەی تاوتوێکردن

ئـێمەی ســەرۆك و ئەنــدامانی لیــژنەی تــاوتوێکردن و هەڵســەنگاندن، ئەم نامەیەمــان خوێنــدەوە، کــە بــە ناونیشــانی (هەڵســەنگاندنی پــەرتووکی زمــان و ئــەدەبی کــوردی پــۆلی یازدەهــەمی ئامــادەیی بــە پێــی پێوەرەکــانی چێــژی ئــەدەبی) و لەگــەڵ قوتابییەکــەدا گفتوگۆمــان لــە بــارەی نــاوەرۆك و لایەنەکــانی تــری کــرد و بڕیارمــان دا، کــە شــایانی ئەوەیــە بــە پلــەی (          ) بڕوانــامەی ماســتەری پــەروەردەی لە ( ڕێگاکــانی وانەوتنەوەی زمانی کوردی)دا پێبدرێت.

واژۆ:
ناو و ناسناو:پ.ی.د.صباح جلیل خلیل
ئەندام
ڕێکەوت:    /    / ٢٠٢١

واژۆ:
ناو و ناسناو:پ.ی .د. ئالان جمیل ابراهیم
ئەندام
ڕێکەوت:    /    / ٢٠٢١

واژ:
ناو ناسناو: پ.ی .د. کوثر جاسم عبید
ئەندام و سەرپەرشت
ڕێکەوت:    /    /٢٠٢١

واژۆ:
ناو ناسناو: پ.د. مهاباد عبدالکریم احمد
سەرۆکی لیژنە
ڕێکەوت:    /    /٢٠٢١

لەلایەن ئەنجومەنی (کۆلێژی پەروەردەی ئیبن ڕوشد بۆ زانستە مرۆڤایەتییەکان/ زانکۆی بەغداد)ەوە پەسەندکرا.

پ. د : علاوي سادر جازع
ڕاگری کۆلێژی پەروەردە ئیبن رۆشد بۆ زانستە مرۆڤایەتییەکان:
ڕێکەوت:    /    / ٢٠٢١

# پێشکەشە بە

- گیانی پاکی ئەو پیاوە جووتیارەی کە بە ئاواتی ئەم ڕۆژەوە بوو، وە هەمیشە ڕێنیشاندەرم بوو لە ژیاندا (باوکی) ئەزیزو خۆشەویستم.
- بەو چرایەی کە لە بەر ڕووناکیەکەی ئێمە پەروەردە بووین (دایکی) میهرەبانم.
- ئەو مرۆڤانەی کە هاوکار و سەرخەرم بوون لەم قۆناغەدا (خوشك و براکانم).
- هاوژین و چاوگەشەکەمان (ئیمان و محەمەد).
- هەموو ئەو مرۆڤە سادانەی کە خاوەنی پسپۆڕین لە بوارەکانیاندا بەڵام وەك برا هاوکارم بوون.
- هەموو ئەو مرۆڤانەی کە هاوکار و پاڵپشتم بوون لە بەدەستهێنانی ئەم بڕوانامەیە.

**لێکۆڵەر**

# سوپاس و پێزانین

- سوپاس و ستایشی بێ پایان بۆ خودای باڵادەست و کارزان و میهرەبان ، کە منی گەیاند بەم ڕۆژو قۆناغە، بە ژیانم قەرزاری ئەوانەم کە هیچ کات هەوڵ و ماندووبوونیان لە بیرناکەم کە هاوکارم بوون لە تەواوکردنی لێکۆڵینەوەکەم، بەتایبەتی سەرپەرشتیار و ڕێنیشاندەرو ئامۆژگاری کارم پرۆفیسۆری یاریدەدەر دکتۆرە کەوسەر جاسم عوبێد، کە زۆر خەمخۆرانە ئەم لێکۆڵینەوەیەی گرتە ئەستۆ، تا کۆتاییش بە گیانێکی پڕ لە ڕێزو لێبووردن و زانست دۆستانە ئامۆژگاری و ڕێنماییەکانی ئاڕاستەم دەکرد، هەرگیز ناتوانم ئەو هاریکاری و یارمەتیدانەی ئەو لە بیر بکەم ، داواکارم لە خودای گەورە ساغ و بەختەوەری هەردوو دونیای بکات، هەر لە بەر ئەمەشە پێیدەڵێم تۆ سەرکەوتوو سەرفرازی.

- زۆر سوپاسی ڕاگرایەتی کۆلێژی پەروەردەی- ئیبن ڕوشد -دەکەم کە دەستبار و هاوکاربوون بە تایبەتی سەرۆك بەش و سەرجەم مامۆستایانی بەشی کوردی لە تەواوکردنی لێکۆڵینەوەکەمدا.

- بۆ ئەو خانەوادە یەکگرتوو یەك گیانەی کە هەمیشە بە یەك دەست و دڵ کاردەکەن لە بەدەستهێنانی ئامانجەکان بە تایبەتیش لەم قۆناغەی مندا کە ئەویش ماڵەگەورەیە.

- سوپاس و پێزانینی خۆم ئاڕاستەی هەریەکە لە زۆر بەڕێزان دکتۆر ئازاد ئەمین باغەوان و دکتۆر عادل گەرمیانی و مامۆستا سامان محەمەد عەلی ومامۆستا دلێر ئیسماعیل و مامۆستا محەمەد ئەحمەد دەکەم کە هاندەرو ڕێنیشاندەرم بوون.

- سوپاس و پێزانینی خۆم ئاڕاستەی دایك و برا و خوشك و هاوسەری ژیانم دەکەم، هەروەها زۆر سوپاسی هاوڕێ و خۆشەویست و یارمەتیدەرم لە ژیانداو وە بەم کارەمەوە زۆر ماندووبوو کاك فازڵی برام دەکەم هیوادارم هەمیشە لەشساغ و بەختەوەر بێت.

لێکۆڵەر

# پوختەی لێکۆڵینەوە

ئامانجی ئەم لێکۆڵینەوەیە هەڵسەنگاندنی پەرتووکی زمان و ئەدەبی کوردی پۆلی یازدەهەمی ئامادەیی/ بەشی ئەدەب بە هەر دوو لقی (زانستی و وێژەیی) ەوە لە هەرێمی کوردستانی عێراق بە پێی پێوەرەکانی چێژی ئەدەبی، بۆ ڕاستی ئامانجی لێکۆڵینەوەکە لێکۆڵەر ڕێبازی وەسفی شیکاری پەیڕەو کردووە لە بەر شیاوی لەگەڵ ڕێکارەکانی لێکۆڵینەوەکە، بۆی هەیە کۆمەڵگەی لێکۆڵینەوەکە لە پەرتووکی زمان و ئەدەبی کوردی بەشی ئەدەب کە بڕیار بوو قوتابییانی پۆلی یازدەهەمی ئامادەیی (زانست و وێژەیی) بیخوێنن بۆ ساڵی (٢٠٢٠-٢٠٢١) لە هەرێمی کوردستانی عێراق، نموونەی لێکۆڵینەوەکە هەر خۆیەتی کە کۆمەڵگەی لێکۆڵینەوەکەیە و پێکهاتووە لە دەقی ئەدەب کە لە ناو پەرتووکی زمان و ئەدەبی کوردی / بەشی ئەدەب پۆلی یازدەهەمی ئامادەیی هەیە.

بەڵام ئامرازی لێکۆڵینەوەکە ڕاپرسی بوو کە ناوەڕۆکەکەی لە ژێر ناونیشانی (هەڵسەنگاندنی پەرتووکی زمان و ئەدەبی کوردی پۆلی یازدەهەمی ئامادەیی بە پێی پێوەرەکانی چێژی ئەدەبی) ، کە ئامادەکرا دوای گەڕانەوە بۆ سەرچاوەی تایبەت بە بابەتی لێکۆڵینەوەکەو لێکۆڵینەوەکانی پێشوو، وە دواتر دڵنیابوون لە ڕاستی ئامرازەکە لە ڕێگای دەرخستنی ڕاپرسی و ڕاوەرگرتن بە پسپۆڕان لە پرۆگرامی زمانی کوردی و ڕێگاکانی وانەوتنەوە و پێوانەو هەڵسەنگاندن و سەرپەرشتیارانی زمانی کوردی و مامۆستای زمانی کوردی کە ئەو ڕاوەرگرتنەش پێکهاتووە لە (٥٥) ئاماژە و بە سەر (١٩) پێوەر دابەشکراوە لە دوو بواردا ، هەروەها جێگیری و بنیاتی تەواوی شیکردنەوەکە بە ڕێگەی ڕێکەوتنی نێوان دوو شیکەرەوە لە بواری شیکردنەوەکە خراوەتە ڕوو، کە تیایدا ڕێژەی جێگیربوونی شیکردنەوەکە کە لە نێوان یەکەم شیکەرەوەو لێکۆڵەر گەیشتە (٨٥%) و لە نێوان دووەم شیکەرەوەو لێکۆڵەر گەیشتە (٨٤%)، بەڵام ڕێژەیی جێگیربوونی لێکۆڵینەوەکە لە نێوان لێکۆڵەرو خودی خۆیدا گەیشتە (٨٩%)، دوای شیکردنەوەی ئاماری ئەنجامەکان بە

بەكارهێنانی ناوەندی یەكلاكەرەوە و ڕێژەیی سەدییەكەی، لێكۆڵەر كۆمەڵێك دەرئەنجامی بەدەستهێناوە.

سەرەڕای نەبوونی بنەمایەكی زانستی بۆ تاقیكردنەوەی دەقە ئەدەبییەكان لە پەرتووك و پڕۆگرامی زمان و ئەدەبی كوردیدا بۆ پۆلی یازدەهەمی ئامادەیی لە بەر تیشكی ئەنجامەكان، ڕاسپاردەكانی لێكۆڵەر ئەوەیە كە پێویستە ڕای مامۆستایانی زمان و ئەدەبی كوردی بەهەند وەربگیرێت بۆ پۆلی یازدەهەمی ئامادەیی لە پێناو باشتر كردنی پڕۆگرامەكەو بەشداری پێكردنیان لە لیژنەكانی ناسینەوەو پەرەپێدانیان.

هەروەها لێكۆڵەر بۆ تەواوكردنی ئەم لێكۆڵینەوەیە چەندین پێشنیاری پێشكەش كردووە ، لە هەمووشیان گرنگترو سەرەكیتر هەڵسەنگاندنی هەموو پڕۆگرامەكانی زمان و ئەدەبی كوردی قۆناغی دواناوەندییە بە پێی بنەماو پێوەرەكانی چێژی ئەدەبی.

# پێرستی ناوەڕۆک


| لاپەڕە | ناونیشانی بابەت |
|---|---|
| II | قورئانی پیرۆز |
| III | بڕیاری سەرپەرشت |
| IV | بڕیاری شارەزای زمانەوانی |
| V | بڕیاری شارەزای زانستی |
| VI | بریاری شارەزای ئاماری |
| VII | بڕیاری لێژنەی تاوتوێکردن |
| VIII | پێشکەشە بە |
| IX | سوپاس وپێزانین |
| X-XI | پوختەی لێکۆڵینەوە |
| XII-XIII-XIV-XV | پێرستی ناوەڕۆك |
| XVI-XVII | پێرستی خشتەکان |
| XVIII | پێرستی پاشکۆکان |
| ٢ ـ ١٩ | بەشی یەکەم: ناساندنی لێکۆڵینەوەکە |
| ٢-٣ | یەکەم: کێشەی لێکۆڵینەوەکە |
| ٤-١٥ | دووەم: گرنگی لێکۆڵینەوەکە |
| ١٥ | سێیەم: ئامانجی لێکۆڵینەوەکە |
| ١٥ | چوارەم: سنووری لێکۆڵینەوەکە |
| ١٦-١٩ | پێنجەم: دیاریکردنی زاراوەکان |
| ٢١ ـ ٥٢ | بەشی دووەم: لایەنی تیۆری و لێکۆڵینەوەکانی پێشوو |
| ٢١-٤٤ | تەوەری یەکەم: لایەنی تیۆری |
| ٢١-٣٠ | یەکەم: هەڵسەنگاندن |
| ٢١-٢٢ | ١ـکورتەیەك لە مێژووی هەڵسەنگاندن |

| ناونیشانی بابەت | لاپەڕە |
| --- | --- |
| ٢ـ چەمکی هەڵسەنگاندن | ٢٣ـ٢٤ |
| ٣ـ گرنگی هەڵسەنگاندن | ٢٤ |
| ٤ـهەڵسەنگاندنی پەرتووکی قوتابخانە | ٢٥ |
| ٥ـ هەنگاوەکانی هەڵسەنگاندن | ٢٥ـ٢٦ |
| ٦ـ بنەماکانی پرۆسەی هەڵسەنگاندن | ٢٦ـ٢٧ |
| ٧ـ پێوەرەکانی هەڵسەنگاندن | ٢٧ـ ٢٨ |
| ٨ـ فەرمانەکانی هەڵسەنگاندنی پەروەردەیی | ٢٨ |
| ٩ـ ئامرازەکانی هەڵسەنگاندن | ٢٩ |
| ١٠ـ جۆرەکانی هەڵسەنگاندن | ٢٩ـ٣٠ |
| دووەم:پەرتووکی قوتابخانە | ٣١ـ٤٠ |
| ١ـ چەمکی پەرتووکی قوتابخانە | ٣١ |
| ٢ـ گرنگی پەرتووکی قوتابخانە | ٣١ـ٣٢ |
| ٣ـ ئامانجەکانی پەرتووکی قوتابخانە | ٣٢ |
| ٤ـ ڕێگاکانی دانانی پەرتووکی قوتابخانە | ٣٣ |
| ٥ـ چۆنیەتی پەرتووکی قوتابخانە | ٣٣ـ٣٤ |
| ٦ـ بۆچوونی تازە لە ئامادەکردنی پەرتووکی قوتابخانەدا | ٣٤ |
| ٧ـ ئەرکی پەرتووکی قوتابخانە | ٣٥ |
| ٨ـ هەڵسەنگاندنی پەرتووکی قوتابخانە | ٣٥ـ٣٦ |
| ٩ـ ڕەگەزەکانی هەڵسەنگاندنی پەرتووکی قوتابخانە | ٣٦ |
| ١٠ـ شێوازەکانی هەڵسەنگاندنی پەرتووکی قوتابخانە | ٣٧ـ٣٨ |
| ١١ـ هەنگاوەکانی هەڵسەنگاندنی پەرتووکی قوتابخانە | ٣٨ـ٤٠ |

| ناونیشانی بابەت | لاپەڕە |
| --- | --- |
| ١٢- پەیوەندی نێوان هەڵسەنگاندن و پەرتووکی قوتابخانە | ٤٠ |
| سێیەم: چێژی ئەدەبی | ٤١-٤٥ |
| ١- چەمکی چێژی ئەدەبی | ٤١ |
| ٢- سەرچاوەکانی دروستبوونی چێژی ئەدەبی | ٤١-٤٢ |
| ٣- قۆناغەکانی چێژی ئەدەبی | ٤٢-٤٣ |
| ٤- ئەو هۆکارانەی کار لە چێژ دەکەن | ٤٣ |
| ٥- پێوەرەکانی شارەزایی چێژی ئەدەبی | ٤٤-٤٥ |
| ٦- پەیوەندی نێوان چێژ و ئەدەب | ٤٥ |
| تەوەری دووەم:لێکۆڵینەوەکانی پێشوو | ٤٦ _ ٥٢ |
| یەکەم: لێکۆڵینەوە عەرەبییەکان | ٤٦ |
| ١- لێکۆڵینەوەکەی (السید-٢٠٠٥) | ٤٦ |
| ٢- لێکۆڵینەوەکەی (الاستاذ-٢٠٠٦) | ٤٧-٤٨ |
| ٣- لێکۆڵینەوەکەی (العمري ٢٠٠٧) | ٤٨ |
| ٤- لێکۆڵینەوەی (المهني ٢٠٠٧) | ٤٩ |
| ٥- لێکۆڵینەوەکەی (حسین ٢٠١٤) | ٤٩-٥٠ |
| دووەم:هاوسەنگی لێکۆڵینەوەکانی پێشوو | ٥٠-٥١ |
| سێیەم: ئاماژە و نیشانەی لێکۆڵینەوەی پێشوو | ٥١ |
| چوارەم: لایەنەکانی سوود وەرگرتن لە لێکۆڵینەوەکانی | ٥٢ |
| بەشی سێیەم: میتۆدی لێکۆڵینەوەکەو ڕێکارەکانی | ٥٤ _ ٦٥ |
| ڕێکارەکانی لێکۆڵینەوەکە | ٥٤ |
| یەکەم: کۆمەڵگەیی لێکۆڵینەوەکە و نموونەکەی | ٥٤-٥٨ |
| دووەم :ئامرازی لێکۆڵینەوەکە | ٥٨-٥٩ |
| سێیەم: ڕاستگۆیی | ٥٩-٦٠ |
| چوارەم : پراکتیزەکردنی ئامرازی لێکۆڵینەوەکە و راڤەکردنیان | ٦٠-٦١-٦٢ |
| پێنجەم :جێگیر کردنی شیکردنەوەکە | ٦٣-٦٤ |

| لاپەڕە | ناونیشانی بابەت |
|---|---|
| ٦٤-٦٥ | شەشەم :هۆیەكانی ئاماری |
| ٦٧ـ ١٠٣ | بەشی چوارەم: خستنەڕووی ئەنجامەكانی لێكۆڵینەوەكەو دنیان |
| ٦٩ـ ١٠٣ | ئەنجامی پێوەرەكان |
| ١٠٥ـ ١٠٦ | بەشی پێنجەم: دەرئەنجام و ڕاسپاردە و پێشنیارەكان |
| ١٠٨ـ ١١٩ | سەرچاوەكان |
| ١٠٨ | سەرچاوەكان بە زمانی كوردی |
| ١٠٩-١١٨ | سەرچاوەكان بە زمانی عەرەبی |
| ١١٩ | سەرچاوەكان بە زمانی ئینگلیزی |
| ١٢١ـ ١٤٧ | پاشكۆكان |
| ١٢١-١٢٤ | پاشكۆی ژمارە (١) |
| ١٢٥-١٢٦ | پاشكۆی ژمارە (٢) |
| ١٢٧-١٣٧ | پاشكۆی ژمارە (٣) |
| ١٣٨-١٤٧ | پاشكۆی ژمارە (٤) |
| II-III | پوختەی لێكۆڵینەوە بە زمانی عەرەبی |
| B-C | پوختەی لێكۆڵینەوە بە زمانی ئینگلیزی |

# پێرستی خشتەکان



| ژ | ناونیشان | لاپەرە |
|---|---|---|
| ١ | ژمارەی لاپەڕەو بابەتەکانی زمان و ئەدەبی کوردی بۆ پۆلی یازدەهەمی ئامادەیی (بەشی ئەدەب) بۆ ساڵی خوێندنی ٢٠٢٠-٢٠٢١ زایینی | ٥٥ |
| ٢ | ئەنجامەکانی ڕاوەرگرتنی لێکۆڵەر لەگەڵ خۆی و شیکەرەوەی یەکەم و دووەم | ٦٤ |
| ٣ | ناوەندە ژمێری لە بوارەکانی ئامرازەکانداو ڕێژەی سەدییەکەیان | ٦٨ |
| ٤ | ناوەندە ژمێری بۆ پێوانە کردنی بواری ناوەڕۆک و ڕێژەی سەدییەکەیان | ٦٩- ٧٠ |
| ٥ | ئەجامەکانی شیکردنەوەی پێوەری یەکەم بۆ بواری ناوەڕۆک | ٧٢ |
| ٦ | ئەجامەکانی شیکردنەوەی پێوەری دووەم بۆ بواری ناوەڕۆک | ٧٤ |
| ٧ | ئەنجامەکانی شیکردنەوەی پێوەری سێیەم بۆ بواری ناوەڕۆک | ٧٥ |
| ٨ | ئەنجامەکانی شیکردنەوەی پێوەری چوارەم بۆ بواری ناوەڕۆک | ٧٧ |
| ٩ | ئەنجامەکانی شیکردنەوەی پێوەری پێنجەم بۆ بواری | ٧٩ |

| | | |
|---|---|---|
| | ناوەڕۆك | |
| ١٠ | ئەنجامەكانی شیكردنەوەی پێوەری شەشەم بۆ بواری ناوەڕۆك | ٨٠ ـ ٨١ |
| | ئەنجامەكانی شیكردنەوەی پێوەری حەوتەم بۆ بواری ناوەڕۆك | ٨٢ |
| | ئەنجامەكانی شیكردنەوەی پێوەری هەشتەم بۆ بواری ناوەڕۆك | ٨٤ |
| | ئەنجامەكانی شیكردنەوەی پێوەری نۆیەم بۆ بواری ناوەڕۆك | ٨٥ |
| | ئەنجامەكانی پێوەری دەیەم بۆ بواری ناوەڕۆك | ٨٧ |
| | ئەنجامەكانی شیكردنەوەی پێوەری یازدەهەم بۆ بواری ناوەرۆك | ٨٩ |
| | ئەنجامەكانی شیكردنەوەی پێوەری دوازدەهەم بۆ بواری ناوەڕۆك | ٩١ |
| | پلەیی بەدیهاتوو بۆ پێوەرەكانی بواری بنیاتی هونەری ناوەڕۆك | ٩٢ |
| | ئەنجامەكانی شیكردنەوەی پێوەری یەكەم بۆ بواری بنیاتی هونەری ناوەڕۆك | ٩٤ |
| ١٩ | ئەنجامەكانی شیكردنەوەی پێوەری دووەم بۆ بواری | ٩٥ |

| | | |
|---|---|---|
| | بنیاتی هونەری ناوەڕۆك | |
| ٢٠ | ئەنجامەکانی شیکردنەوەیی پێوەری سێیەم بۆ بواری بنیاتی هونەری ناوەڕۆك | ٩٧ |
| ٢١ | ئەنجامەکانی شیکردنەوەی پێوەری چوارەم بۆ بواری بنیاتی هونەری ناوەڕۆك | ٩٨ |
| ٢٢ | ئەنجامەکانی شیکردنەوەی پێوەری پێنجەم بۆ بواری بنیاتی هونەری ناوەڕۆك | ١٠٠ |
| ٢٣ | ئەنجامەکانی شیکردنەوەی پێوەری شەشەم بۆ بواری بنیاتی هونەری ناوەڕۆك | ١٠١ |
| ٢٤ | ئەنجامەکانی شیکردنەوەی پێوەری حەوتەم بۆ بواری بنیاتی هونەری ناوەڕۆك | ١٠٢-١٠٣ |


## پێرستی پاشکۆکان


| ژمارەی پاشکۆ | ناونیشان | لاپەڕە |
|---|---|---|
| ١ | ناوی ئەو بەڕێزو پسپۆڕو شارەزایانەی کە لێکۆڵەر لە هەندێ ڕێکارەکانی لێکۆڵینەوەکەدا بەگوێرەی ناسناوی زانستی و پیتەکانی ئەلف و بێ ڕای وەرگرتوون | ١٢١-١٢٤ |
| ٢ | فۆڕمی ڕاوەرگرتنی کراوە بۆ پێوەرەکانی چێژی ئەدەبی | ١٢٥-١٢٦ |
| ٣ | فۆڕمی ڕاوەرگرتن بۆ پێوەرەکانی چێژی ئەدەبی بەشێوە سەرەتاییەکەی | ١٢٧-١٣٧ |
| ٤ | فۆڕمی ڕاوەرگرتن بۆ پێوەرەکانی چێژی ئەدەبی بەشێوە کۆتاییەکەی | ١٣٨-١٤٧ |

# بەشی یەکەم

# ناساندنی لێکۆڵینەوەکە

**یەکەم :کێشەی لێکۆڵینەوەکە**

**دووەم :گرنگی لێکۆڵینەوەکە**

**سێیەم :ئامانجی لێکۆڵینەوەکە**

**چوارەم :سنووری لێکۆڵینەوەکە**

**پێنجەم :دیاریکردنی زاراوەکان**

# بەشی یەکەم

## یەکەم : کێشەی لێکۆڵینەوەکە:

چێژی ئەدەبی بە بنچینەی لێکۆڵینەوەی ئەدەبی ئامانجی باڵا دادەنرێت و پێویستییەکی گرنگە تا خوێنەر هەست بە نایابی و جوانی ئەو شتە بکات کە دەیخوێنێتەوە، هەروەها لەگەڵ ئەو ئەزموونەدا بژی کە نووسەر تێدا ژیاوەو بەجۆرێك هەست بەهەڵچوون و داچوونەکانی دەکات و لە شێوازی زمانەکەی و ئەزموونەکەی سوودمەند دەبێت. (ابو النجا، ٢٠٠٨، ص١٨٤).

لەگەڵ ئەوەی لە دەقە ئەدەبییەکان دەکۆڵێتەوە هاوکات لە داڕشتنی بنەماکانی چێژی ئەدەبی دروست لە دەروونی قوتابییاندا دەکات، بەڵام هێشتا سێبەری لاوازی ئەم بابەتە باڵی بەسەر تواناکانیاندا کێشاوە لە تێگەیشتنی دەقە ئەدەبییەکان و چێژ لێوەرگرتنیدا. (جاب الله، وعطية، ٢٠٠٦، ص٥٦٦).

هەروەها لێکۆڵەر پێی وایە سەرباری بانگەوازی پسپۆڕان لە پڕۆگرامی زمانی کوردیداو ڕێگەی وانەوتنەوەکەیدا کە بایەخ بە ئەدەب و دەقەکانی بدرێت، بەڵام ئەوە هیچ سوودێکی نەبووە. بۆیە ناوبەناو گلەیی دەبیستین کەقوتابییەکان لە چێژی دەقە ئەدەبییەکان و شیکردنەوەیدا لاوازن و کەمتر توانای پیادەکردنی چێژی دەقە ئەدەبییەکانیان هەیە، ئەمەش بۆ چەند هۆیەك دەگەڕێتەوە، لەوانە بێ تواناییان لە تێگەیشتنی وشەکان و شێوازەکانی ڕەوانبێژی کە لە ناو دەقەکاندا هەن، چونکە لەو ڕەگەزانە بێ ئاگان کە دەقە ئەدەبییەکانیان لێ دروستبووە.

لێکۆڵەر لە گەڵ ئەو بۆچوونەدایە کە دەڵێت ئەو ئامانجەی بۆ بابەتی ئەدەبی دانراون لای قوتابییان نەهاتووەتە دی، چونکە ئەوان جگە لە چەند سەرچاوەیەك شارەزاییەکی ئەوتۆیان نییە، ئەوان زۆر جار جیاوازی لە نێوان ئەوانەدا ناکەن کە خوێندوویانەتەوە، بینینی جوانی لای ئەوان سنووردارەو چێژی جوانی تا ڕادەیەك شاش و سەرزارییە. (عطية، ٢٠٠٠، ص١٦).

خوێندنی ئەدەب لە قۆناغی ئامادەیی تووشی چەند گرفتێك بووەو دەبێت، ئەویش بووەتە هۆکاری لاوازی ڕادەی قوتابییان لە چێژی دەقی ئەدەبیدا ئەوەیە ئەوان گیرۆدەیی خراپی هەڵبژاردنی ئەو دەقانە بوون چونکە وشەکانیان قورسن و لە فەرهەنگی قوتابییانەوە دوورن، سەرباری ئەوەش بە هونەرەکانی درکە باریان قورس کراوەو شیعر بەسەر هونەرەکانی دیکەی ئەدەبدا زاڵە، ئەمەش دەبێتە مایەی نەبوونی چێژی ئەدەبی لەلایان.

ئەوەی سەرنج بداتە زمان و ئەدەبی کوردی بەشە ئەدەبیەکەی بۆ پۆلی یازدەهەمی ئامادەیی لە هەرێمی کوردستانی عیراقدا جەخت لە سەر ئەوە دەکات کە قوتابییان هان بدرێن دەقەکان لەبەربکەن و ڕێنماییە گشتییەکان دەربارەی ئەدەب و نووسەران لە سەردەمە جیاوازەکاندا پێشان بدەن دەقە ئەدەبییەکانیش گەواهی بۆ پاڵپشتی کردنی ئەم ڕێنماییانە دەدەن. لێکۆڵینەوەی ئەدەب لەم قۆناغەدا ئەو مەبەستەی نەپێکاوە کە پەرە بە چێژی ئەدەبی لای قوتابییان پەرەی پێبدات و هێزی هونەرییان گەشە بکات تا بتوانن جیاوازی نێوان دەقە ئەدەبییەکان بکەن و لایەنی جوانیان دەربخەن کاریگەرییان لە دەروونداو سەرچاوەی ئەم کاریگەرییە پێشانبدەن، بە تایبەتی چێژی ئەدەبی کە بە دیارترین ئامانجەکانی لێکۆڵینەوەی ئەدەبی دادەنرێت.

لێکۆڵەر دەگاتە ئەو ئەنجامەی کە مانەوەی پەرتووکی زمان و ئەدەبی کوردی و بەشی ئەدەب بێ ئەوەی کاری هەڵسەنگاندنی بۆ بکرێ و بێ ئەوەی ڕادەیی هەبوونی پێوەرەکانی چێژی ئەدەبی تێدا ڕەچاو بکرێ، ڕەنگە ببێتە هۆی ئەوەی بە کەمی ئامانجە پەروەردەییەکانی تێدا بێتە دی.

گرفتی ئەم لێکۆڵینەوەیە بە وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارەی خوارەوە چڕ دەبێتەوە:

ئایا ڕادەی هەبوونی پێوەرەکانی چێژی ئەدەبی لە پەرتووکی زمان و ئەدەبی کوردی/ بەشی ئەدەب بۆ پۆلی یازدەهەمی ئامادەیی (بەشی زانستی و وێژەیی) لە هەرێمی کوردستانی عیراقدا هەیە؟

## دووەم : گرنگی لێکۆڵینەوەکە:

پەروەردە ڕێگایەکە بۆ گواستنەوەی بەهاو بیروباوەڕو زانیاری وداب ونەریت لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر تا بەردەوامی نێوان نەوەکان ئاسان بێت، ئەمەش پێویستییەکی گرنگە چ لە بواری تاك وچ کۆمەڵ و ناکرێ فەرامۆش بکرێ. بەم شێوەیەش تا مرۆڤ بە ڕادەکانی شارستانێتیدا سەربکەوێت پتر لە هەوڵی پەروەردەیەو هەر بەهۆی پەروەردەوە تاك ئاڕاستە دەکرێت بەجۆرێ لەگەڵ فەلسەفەی ئەو دەوڵەتەدا دەگونجێت کە تێیدا دەژین تا لە ئایندەدا لە پای خزمەتی وڵاتەکەیان ڕۆڵی خۆیان ببینن. (العمايرة، ٢٠٠٠، ص٤١).

ئامانجی پەروەردە ئەوەیە کە تاك بە شیوەیەکی زانستییانە ئامادە بکات و گەشە بە ئارەزوو جەستەی و روحی بدات و بە ڕۆشنبیرییەکی زانستییانەی گشتی و شارەزاییەکی کۆمەڵایەتی، بۆیە زانایان ئامۆژگارییان ئەوەیە کە مرۆڤی ئاینده ئامادە بکرێ و بەڕۆشنبیرییەکی ئایندەگی سازبدرێ و گەشە بە توانای داهێنانی بدرێ تا لەگەڵ دنیای ئایندەدا بگونجێت. (التميمي، ٢٠٠١، ص١٩٨).

جا بۆ ئەوەی پەروەردە ئامانجەکەی خۆی بەدیبێنێت پێویستە لە بنچینەدا پشت بە بەرنامەی خوێندن ببەستێت کە ڕەنگدانەوەی فەلسەفەی دەوڵەتی لە سەر بنیات بنرێت و لە میانی پرۆگرامی نوێوە بگات بە ئامانجەکانی. (الموسوي، ١٩٩٧، ص١٥).

زمانی مرۆڤایەتی دیاردەیەکی زیندووی کۆمەڵگایە و ئەو ئامرازە داهێنراوەیە کە مرۆڤ فێری بووە، چونکە ئەتوانێت ئەرك و پێویستییەکانی پێی جێبەجێ بکات بەبێ زمان بە شێوەیەکی تەواو بۆی ناچێتە سەر، زمان نرخێکی گەورە و کاریگەرە لەسەر ڕوونکردنەوەی هەموو ئەو ساتانەی کە ژیانی تێیدا پێ تێپەڕدەبێت هەر لە تێڕامان و بیرکردنەوە و تێگەیشتن و پەیوەندییەکانی بە دەوروبەرەوە، چەندین بیردۆز و زانا سەبارەت بە دابەشکردن و گەشەکردنی زمان بەشێوەیەکی گشتی نووسینیان هەیە، ئەوەی سەبارەت بە زمانی کوردی بێت ئەوەیە کە زمانی کوردی، زمانی نەتەوەی کوردە، لە سەرانسەری خاکی وڵاتی کوردستان پێی دەدوێن و بەکاردەهێنرێت، لە ناو هەموو ئەم جۆرە دابەشکردنانەدا زمانی کوردی دەکەوێتە ناو کۆمەڵەی زمانە هیندۆ ئارییەکانەوە لە بەشی خێزانی زمانە ئێرانیدایە و بەپێی شوێنی جوگرافی قسەکردنی زمانەکەش لە

کیشوەرەکانی دنیادا دەکەوێتە بەشی زمانەکانی کیشوەری ئاسیاوە لە ناو کۆمەڵەی هیندۆ ئاریدایە.(شوانی،٢٠٠٨، ل٨٣-١٠٣).

لە مادەی ژمارە(٤) ی بڕگەیی (أ) لە دەستووری عێراقیدا هاتووە کە زمانی کوردی بە زمانی فەرمی دووەم دادەنرێت لە دوایی زمانی عەرەبی، وە لە مادەی ژمارە(١٤)ی بڕگەیی (١) لە دەستووری هەرێمی کوردستاندا هاتووە کە زمانی کوردی و عەرەبی دوو زمانی فەرمی هەرێمی کوردستانن، ئەم دەستوورە مافی هاوڵاتییانی هەرێمی کوردستان دەستەبەر دەکات لە فێرکردنی منداڵەکانیان لە دام و دەزگا فێرکارییەکانی حکومەتدا بە پێی مەرج و ڕێکارەکانی پەروەردەیی بە زمانی زگماکی خۆیان.(تاڵەبانی،٢٠١٣، ل٢١).

پڕۆگرامی خوێندن لە بنچینەدا بۆ ئەوە هاتووە تا پەرە بەکاری فێرکردن بدات، ئەمەش لە چەندین چەمك و دۆخی جیاواز و ئامانجی فێرکردن و پەروەردەکردنەوە لە نێوان ڕەسەنایەتی و تازەگەرییەوە سەری هەڵداوە، کە هەماهەنگە لەگەڵ ڕووداوەکانی سەردەم و لەگەڵ ئەو گەشەکردنە بەدەستهاتووە ڕێك دەکەوێ، ئیدی لە سەر ڕادەی زانستی بێت یا ن پەروەردە بێت. (الكثيري، ٢٠٠٦، ص٤٤).

بۆیە بەرنامەکانی خویندن بە کۆڵەگەیەکی سەرەکی دادەنرێ لە پڕۆسەی خوێندندا، کە قوتابییان بە کۆمەڵێ ڕاستی و زانیاری و مەیلگەرایی و شارەزایی دروست ئاشنا دەکات تا کەسایەتی بەجۆرەها ڕەهەند گەشە بکات. (الدليمي، والهاشمي، ٢٠٠٨، ص٩).

گەشەکردنی پڕۆگرامەکانی خوێندن بایەخێکی گەورەو شوێنی تایبەتی خۆی لە سیستەمی پەروەردەدا هەیە، چونکە گەشەکردنی بەرنامەکانی خوێندن لە ڕاستیدا ئەوە دەگەیەنێت کە مرۆڤ بۆ ئاییندە ئامادە دەکرێت، پەرتووکی قوتابخانە بە بەشێکی گرنگی پڕۆگرام دادەنرێت ڕێگایەکی گرنگ و کاریگەرە و ڕەنگدانەوەی پڕۆگرامەکەو ئامانجەکانیەتی، ئیدی لەلایەن قوتابی یان مامۆستاوە بێت، لە بواری فێرکردندا فەرامۆش بکرێت ئیدی ڕێگاکانی فێرکردن چەند بەردەست بن و هەمەڕەنگ بن. (الخياط، والهولي، ٢٠٠٦،ص٧).

دیارە پەرتووکی قوتابخانە ڕەنگدانەوەی ناوەڕۆکی ئەو پرۆگرامەیە و گرنگترین ئامرازە و یەکێکە لە دەروازەکانی سیستەمی فێرکردن و زۆرترین سەرمایەی فێرکردنی بەردەستە و لە سیستەمی پەروەردەدا ئاماژەیی پێدراوە، کە دەفرێکە بەشێکی گرنگە لە بوارەکانی فێرکردن لە خۆ دەگرێت و کە ئامانجەکانی پرۆگرامەکەو کەرەسە جێبەجێ کراوەکان لە خۆدەگرێت. (الخوالدة، ٢٠٠٧، ص٣٠٣).

پەرتووکی قوتابخانە بە ئامرازی فێرکردنی بەردەست بۆ گشت قوتابییان دادەنرێت و سەرچاوەی ئەو زانیارییانەیە کە دەویسترێت بە قوتابی بگات، کۆڵەگەیەکی گرنگی وانەوتنەوەیە و تەنیا شێوازێکی دیاریکراوی نییە، (رضوان، ١٩٩٢، ص٣)

لە بەر ئەوەیە پەرتووك سەرچاوەیەکە لە سەرچاوەکانی فێربوونی قوتابییان، لە بەر ئاسانی و کەمی تێچوونی بۆیە بە ڕادەیەکی کەم ناوەڕۆکی بەرنامەکە وەك پێویست ڕێك دەخرێت، ئاسانیش پێش بخرێت و بایەخ بە چاپکردنی بدرێت و بە وێنە دەوڵەمەند بکرێت بەجۆرێ وای لێبکرێت چێژبەخش و سەرنج ڕاکێشبێت بۆ فێرخوازان، هەروەها ئاسانکاریش بۆ مامۆستاش دەکات بۆ دیاریکردنی ئامانجی خوێندنەکە و دەرخستنی چەمکە بنەڕەتییەکان و پێشکەشکردنی ئامرازی فێرکردن و شێوازی هەڵسەنگاندن. (الطورة، ١٩٩٤، ص١٢).

لە کاتێکدا گەر ئەمە پایەی پەرتووکی قوتابخانە بێت لە کاری فێرکردن، پێویستە پەرتووکی فێرکردن بەشێوەیەك لە بەردەستی قوتابی و مامۆستادا بێت، تا ئاسانکاری بێت بۆیان و یارمەتییان بدات تا ئەو ڕۆڵەی بۆیان دیاریکراوە جێبەجێبکەن، پێویستە قوتابی و مامۆستا بەشێوەیەکی وشیارانە پەرتووکی قوتابخانە بەکاربهێنن تا لایەنە باشەکانی پەرتووکەکە بەرهەمی هەبێت، هەروەها لایەنەکانی دیکەی چاك بکرێت وگەشەی پێبدرێت و تا بەشێوەیەکی باش و کاریگەر و سوودبەخش بێت. (بني صعب، ٢٠٠٨، ص١١).

لێکۆڵەر پێی وایە گرنگی پەرتووکی زمان و ئەدەبی کوردی دەردەکەوێت، چونکە ئەدەب بەشێکی سەرەکییە لە لقەکانی زمانی کوردیدا، چونکە لەگەڵ لقەکانی دیکەدا یەکەیەکی تەواو پێکدەهێنن و یەك ئامانجیان هەیە لە تێگەیشتن و تێگەیاندنیاندا.

گرنگی ئەدەب لەوەدایە کە ڕێگە بۆ قوتابی خۆش دەکات لە ژیان تێبگات و دەرگای زانیاری بۆ دەکاتەوەو لە بەردەمیدا دەرگای زانیاری دەکاتەوە و خۆیشی ئامادە دەکات کە دیاردەکانی دەوروبەری قەبووڵ بکات بە خۆشی و ناخۆشییەوە، وای لیدەکات بەتوانا بێت بەرانبەریان و خۆی لەگەڵیان بگونجێنێت، هەروەها ئەدەب هەل دەڕەخسێنێت تا مرۆڤ لە میانەی ئەو شتانەی لە سەر کەسانی دی دەیانخوێنێتەوە خۆی بناسێت، چونکە ئەوەی لەمەدا هەیە لە کەسانی دیکەشدا هەیە ئیدی با لە هەندێ شتدا جیاواز بن. ئەدەب کاریگەرییەکی ڕوونی لە سەر ژیانی بزووتنەوەی هەیە، چونکە وێنای ژیانی مرۆڤ دەکات و بەشداری لە چارەسەرکردنی کێشە گشتییەکانی ناو کۆمەڵ دەکات، ئەوەندەی لە توانایدا بێت بیری نووسەر یان شاعیر لە بەرامبەر کێشەیەك لە کێشەکان بڵاوی دەکاتەوە. (عبد عون، ٢٠١٣، ص١٧٠-١٧١).

وا دیارە گرنگی ئەدەب لەوە دایە کە قۆناغی دۆزینەوەی ڕاستییەکان تێدەپەڕێنێت و بەرەو قۆناغی گەشەکردن و باڵایی دەبات، ئیدی بۆ ئەم قۆناغە ڕەهەندی تازە دەخاتە سەر ئەرکی ئەدەب ئەوە نییە وەك ڕاپۆرتێك ژیان وەك خۆی وێنا بکات، بەڵکو بریتییە لە بیرکردنەوەو ئاڕاستەکردن کە ڕێگە بۆ گەشەکردن و دۆزینەوەی خۆشی دەکات بوار بۆ گەشەکردن ئاسان دەکات و ئەو پلانەش دیاری دەکات کە ڕەنگە ببنە ڕێگر لە بەردەمیدا، هاوکات هە ل دەڕەخسێنیت تا هەڵوێستی میللەت دەربخات بۆ دروستکردنی ژیانی خۆی و بنیاتنانی ئایندە، ئەمەش وا دەگەیەنێت کە ئەدەب قوتابی بە بیرکردنەوە ساز بدات و پڕ بێت لە زانست و زانیاری و بەهای روحی و ئاکاری و لە لا دروست بکات و ئاشنای کێشەکانی نەتەوەکەی و سەردەمەکەی بکات و پارێزگاری لێبکات و پێشکەشی سەردەمەکەی خۆی بکات، هەروەها زمانەکەی تۆکمە دەکات و چێژی ئەدەبی باڵا دەکات و دژی ئەو شەپۆلە ئەدەبییە نا جۆرانە دەیپارێزن کە دژی کۆمەڵگاکەیەتی. (عطا، ٢٠٠٦، ص٣٣٠-٣٣١).

ئەدەب لە دەروونی قوتابیدا چێژو هەڵچوون دروست دەکات بە پیی جوانییەکەی، پارێزگاری زمان دەکات و خۆراکی روحی دەپارێزێت و هۆش و دڵ و هەست دەپارێزێت

بەتایبەتی ئەوانەی سەروەری و شارستانیەتی نەتەوەیان لە سەر بنیات نراوە. (شحاتة والنجار، ١٩٩٣، ص١٨٣).

کاتێ قسە لە سەر ئەدەب دەکەین چەندین زاراوەو چەمك بە خەیاڵماندا دێت، وەك (چێژی ئەدەبی، ڕوانبێژی، ڕەخنەی ئەدەبی). ئەدەبیش بەشێوە گشتییەکەی بریتییە لە بەرهەمی بیرکردنەوەی گشتی نەتەوە لە جۆرەها زانست زانیاری و سیاسەت و ئابووری و شتی تر، بەڵام شێوە تایبەتیەکەی بریتییە لەوەی جۆرە داڕشتنێکی درکەیی کە هەست و ویژدان دەوروژێنێت، چونکە هەڵگری واتایەکە بە دەرکی دەریدەبڕێت. (قورة، ١٩٨٦، ص٦٨).

ڕەنگە لە ڕاستیدا جوانییەکەی تەنها درکاندن نەبێت. هەروەها واتاکەشی نەبێت، چونکە وێنەی ئەدەب لەوەدا کاریگەری خۆی هەیە، بۆیە ئەدەب چێژێکی زەینی و هۆشی بۆ قوتابییان بەدیدەهێنێت لە هەمان کاتدا لە میانەی خوێندنەوەو سوودێکی پێدەگەیەنێت لە ڕووی وردبوونەوە لە واتاکان و دروستبوونی پەیوەندی نێوانیان، بۆیە خەیاڵ دەکات و چێژ لە جوانییەکەی دەبینێت، کە واتا ئەرکی ئەدەب لە ئامادەکردنی دەروونی مرۆڤدا گرنگە چونکە کەسایەتییەکی مرۆڤیتی لە لا دروست دەکات و ڕەفتاری زمان ئاڕاستە دەکات و هەست پاکژی دەکاتەوەو چێژو هەست ناسك دەکاتەوە. (العفیف، ٢٠١٣، ص٢٠).

لێکۆڵەر پێی وایە کە خوێندنی ئەدەب لە قۆناغە جیاوازەکانی خوێندندا گرنگییەکی گەورەی هەیە، چونکە لە ڕووی بەهاو ڕەوشتەوە بۆ قوتابی گرنگە، لە بەر ئەوە بایەخێکی زۆر بە وتنەوەی ئەدەبیات بە قوتابییان دەدرێ لە ڕێگەی پرۆگرامی خوێندنەوە لە قۆناغە جیاجیاکاندا بەتایبەتی لە قۆناغی ئامادەییدا.

چونکە لە میانەی وتنەوەی هەر زمانێکدا وانەیەکی تایبەت بە ئەدەب و دەقەکانی ئەدەب هەیە و بە لایەنی کەمەوە لە هەفتەیەکدا دوو وانەی بۆ تەرخان کراوە کە مەبەستی بەدیهاتنی فەلسەفەی پەروەردەیە کە هەوڵ دەدات مرۆڤێکی باش و بەکەڵك دروست بکات کە بڕوای بە خودایەو سەر بە نەتەوەکەی و ئاینەکەیەتی و هەوڵدەدات ئایندەیەك بنیات

بنێت کە بەردەوام لە گەشەکردندایە، ئەمە لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە، بەڵام لە بارەی زمانەوە ئامانجی ئەدەب ڕاستکردنەوەی زمانی قوتابییان و جۆرە شارەزاییەکیان لە لا پەیدا دەکات تا لە خوێندنەوەی دەقەکەدا توانا پەیدا بکەن و چێژی ئەدەبییان گەشە بکات، سەرباری ئەوەش خوێندنی ئەدەب یارمەتی قوتابییان دەدات تا کارا بن و لە ژیاندا هەست بە بەهای ئەدەب بکەن چونکە پەیوەندییەکی ویژدانی لە نێوان خۆیان و دەقەکاندا پەیدا دەبێت. (مجاور، ١٩٩٨، ص٧٩).

دەقە ئەدەبییەکان لە نێو لقەکانی هەر زمانێکدا گرنگییەکی گەورەی هەیە ، چونکە ئاسۆی بیرکردنەوەی قوتابی لە ژیانی خۆیان و دەوروبەریان و جیهان و ئەو سەردەمەی تێیدا دەژین، فراوان دەکات، هەروەها بۆ ئەو کەلتوورەی باب و باپیران بۆی جێیهێشتووین، بەجۆرێك لە ناخیاندا هێزی داهێنان گەشە دەکات و خەیاڵیان فراوان دەکات و چێژیان دەمەزرد دەکات و هەستیان گەشە دەکات هەستی ئیستاتیکییان گەشە دەکات. (السيد،١٩٨٠،ص٦).

لێکۆڵینەوەی دەقی ئەدەبی پەرە بە توانای قوتابی دەدات بۆ شیکردنەوە وگەیشتن بە ئەنجام وچێژوەرگرتن و وردی لە بڕیاردان، سەرباری ئەوەش مامەڵەکردن لەگەڵ دەقی ئەدەبیدا توانای جوانناسی تێدا دروست دەکات، چونکە مەبەستی گەورەی ئەدەب ئەوەیە، کە چێژی ئەدەبی لای قوتابییان دروست بکات، تاوەکو لە دەربڕینەکانیاندا ڕەنگبداتەوەو ببنە زەمینەیەك و وایان لێ بکات لە کاتی دەست بەتاڵیدا لە خوێندنەوە بەردەوام بن و ڕایان بهێنێت تا بە دروستی بیخوێننەوەو بەدروستی ڕەخنە بگرن. (خاطر، واخرون، ٢٠٠٠، ص١١٤).

ئەدەبی جیهانی درەختێکی ئێجگار گەورەو قەف ئەستوورە، لقی زۆر بڵندی لێبوەتەوە بەرەو ئاسمان، دەماری پتەوی خوار بۆتەوە ناخی زەوی و پەلی هاویشتووە بۆ هەموو لایەك گەیشتووەتە سەرچاوەی هەموو ئاوێك ، لق و پۆپی کۆن و تازەیی تیکەڵ بە یەکتری بووە، بێگومان ئەدەبی کوردیش یەکێکە لە لقە هەرە گرنگەکانی ئەم درەختە لە کۆنەوە تاوەکو ئێستا، مێژووی ئەدەبی کوردی بریتییە لە مێژووی قسەی جوانی کوردی ئەو قسە

جوانە بەشێکە لە کلتور و شارستانیەت و کۆمەڵگایەکی نەتەوایەتی دروست دەکات، قسەی جوان هەموو ژیانی گرتووەتەوە، بەشێك لەو قسە جوانانە لە دووتۆیی دەقێکی ئەدەبیدا بە شێوازی شیعر یان پەخشان یان چیرۆك یان ..... هتد دا دێت، و بۆ مەبەستی نیشتیمانپەروەری وبیروباوەڕی ئایینی و مرۆڤایەتی و دڵداری و ژیانی کۆمەڵایەتی و گەلێ دەقی تردەگرێتەوە،(خەزنەدار،٢٠١٠، ل١٧٧).

چێژی ئەدەبی واتا قوتابی بتوانێت لە کاری ئەدەبیدا لایەنی جوانی وناشرینی لێك جیابکاتەوە، گرنگییەکەشی لە داهێنەر و خوێنەردا دەردەکەوێت، بۆ داهێنەر گرنگییەکەی ئەو کاتە دەردەکەوێت کە کارێکی ئەدەبی دادەهێنێت، یان پەرتووك دەنووسێت کە شایەنی پێداچوونەوەیە، بەڵام بۆ وەرگر گرنگییەکەی لەوەدایە کە هاوبەشی دانەر دەکات و خەیاڵەکانی و هەستەکانی و جوانی درکاندنی لە ڕووی ڕیتم و واتاوە دەبێت و لە ڕووی پێکهاتنی جوانی وێنەوەو جوانی شێوازو ڕۆنانەوە، دواجاریش سۆزێکی ڕاستگۆیانەی تێدابێت. (عبدالقادر، ٢٠٠٢، ص٢٦٩).

چێژی ئەدەبی لە کاری داهێناندا کاریگەرییەکی زۆری هەیە، چونکە چێژ وەرگر دەبێتە تەواوکەری داهێنەر لە کاتێکدا داهێنەر لە هەستەوە دەست پێدەکات و بە کاری داهێنان کۆتایی دێت، بەڵام چێژ وەرگر لە کاری داهێنانەوە دەست پێدەکات و بە هەست و سۆز کۆتایی دێت، واتا داهێنەر بەو هەستە دەست پێدەکات کە هەوڵدەدات دەریببڕێت، بۆیە لە هەست و سۆزێك دەگەڕێت کە شێوەیەکی هونەری هەبێت گونجاویش بێت تا ئەزموونەکەی دادەڕێژێت، دوای چێژ وەرگرتن بەدوای هەستێك دەگەڕێت کە بۆ ئەم مەبەستە شێوە هونەرییە هانی داوە. (انیس، ١٩٧٢، ص٨٣).

گرنکی چێژی ئەدەبی لە کاتێکدایە کە ڕەگەزەکانی جوانی بیرۆکەکە و سۆزو خەیاڵ و مۆسیقاو شێوازی دەقە ئەدەبییەکە فەراهەم بوو بێت کاتێ قوتابییەکە دەیخوێنێتەوە، کەشێکی دەروونی بۆ دروست بکات کە بە پێی ئامادەکاری سۆزو بیرۆکە خۆی بۆ ئامادە دەکات، بە جۆرێ دڵتەنگی دەڕەوێنێتەوەو دڵخۆشی دەکات و کەسێتی بەهێز دەکات و سەربەخۆیەکی پێدەبەخشێت و وای لێدەکات چێژ لە ژیان وەربگرێت و لەگەڵێدا چالاك بێت، بەم شێوەیەش چێژی قوتابی بخەملێنێت و وای لێبکات خەیاڵی لە لا دروست بێت و

شت لە بەر بکات و لە یادگەیدا بیپارێزێت و لەگەڵ خوێندنەوەی دروست ڕای بهێنێت و توانی لێکدانەوەی هەبێت. (الجبوري، والسلطاني، ٢٠١٣، ص٢٠٢).

چێژی ئەدەب بۆ نووسەر کاریگەرییەکی گەورەی هەیە، چونکە کاتێ لە خەیاڵی داهێنەرانەی خۆی ورد دەبێتەوە دەبێتە یەکەم چێژ وەرگر بۆ کارەکەی خۆی کە چ داهێنانێکی بەدیهێناوە، دوای ئەوە دەقەکە بەرهەم دێنێت دووبارە لێ ڕادەمێنێت، کاتێ چێژی لێ وەردەگرێت هەست بە کەیفسازی دەکات، بەڵام گرنگی چێژی ئەدەبی بۆ وەرگر لەوەدایە کە ئەدەب سۆزی دەورووژێنێت و تووشی هەڵچوونی دەکات و وای لێدەکات لەگەڵ کەشی دەروونی ناو کارە ئەدەبییەکە کارا بێت، هاوشان لەگەڵ نووسەرەکەدا چێژ وەردەگرێت و بە خەمینی ئەو خەم دایدەگرێت و لەگەڵ گەشبینی ئەودا گەشبین دەبێت، بەم شێوەیەش چێژ وەرگرتن لە کاری ئەدەبیدا وای لێدەکات لە سەر بیرۆکەو شارەزاییەکانی نووسەر و مەیلەکانی و ڕۆشنبیرییەکەی و دیدگای بەرانبەر گەردوون و ژیان هەڵوەستە بکات. (عبدالباري، ٢٠١٣، ص٧٠).

گرنگی چێژی ئەدەبی لە پەیوەستبوونی ئەم چەمکە بە کاری سەرەتایی دەردەکەوێت، وەك بەهای جوانی وشەکان و لێکدانەوەی وێنەی هونەری و هاوسەنگی و بەراوردی نێوان دەقە جیاوازەکان، سەرباری ئەوەی کە چێژی ئەدەبی بۆ خۆی بەهرەیەکی خۆڕیسکەو مامۆستا و دەقەکان پێکەوە جوانکاری تێیدا دەکەن لە پای گەشەپێدانی و گەیاندنی بە ڕادەیەکی گونجاو لە وردی و ڕادەدا کە لەگەڵ تەمەنی قوتابییان و ڕادەی تێگەیشتنیان و تواناو بەهرەی عەقڵیان و ویژدانیان گونجاو بێت. (خاطر، واخرون، ١٩٨٩، ص١١).

هەوڵی مرۆڤیش لە خویندنەوەی ئەو دەقانەدا بۆ بەدەستهێنانی چێژە تا لە سایەیاندا ئەو ئازارەی تووشی بووە خۆی لێ دەربازبکات و دووربکەوێتەوە، یان دوای بخات تا هەلێکی بۆ دەگونجێت بێ گرفت بگاتە ئامانجەکە، بەرهەمی ئەدەبی چێژ بەخشە و لە یاری منداڵان نزیکە، چونکە جیهانێکی تایبەتە و دژی واقیعە، نووسەر لەو دەقە ئەدەبییانەدا یاری بە زمان دەکات و مەبەستەکانی بە ناڕاستەوخۆ دەردەبڕێت، پاڵنەری سەرەکی چێژیش توخم و

مەبەستەکانی دەقی ئەدەبین کە نووسەر بۆیان دەنووسێت و دواجار خوینەریش هەست بەو چێژە دەکات.(دزەیی، ٢٠٢١، ص١٧٠-١٧١).

پێویستە ئاماژە بەگرنگی قۆناغی ئامادەیی بکرێت، چونکە قوتابییان لەم قۆناغەدا تا ڕادەیەك هۆشیان بەرەو کامڵی دەچێت و ئەو توانا زمانییەی بۆیان فەراهەم بوو دوای ئەوەی قۆناغی سەرەتایی و ناوەندییان بڕیوە، ئامادەییان ڕوون دەبێتەوە توانایان لە بواری چێژی ئەدەبیدا گەشە دەکات تا ڕادەیەك دەتوانن لایەنی جوانی دەقە ئەدەبییەکان ببینن و بەراوردکارییان پێ بگات و گەشە بکات، هەروەها توانای شارەزای ڕێکاری گونجاوی بن. (طعيمة، ١٩٩٨،ص ٤٥).

ئەوەی ئەم ئاڕاستەو ویژدان و لایەنەکانی سۆزداری لای قوتابییان لەم قۆناغەدا دەگۆڕێت، ئەوان پێویستیان بەوەیە ئەم مەیلانەیان گەشە بکات کە شوێنەواری لە سۆزو ڕوحدا دەردەکەوێت، بە جۆرێ پێویستە بە خێرایی بە دەنگییەوە بچن و چالاکانە بەشداری تێیدا بکەن و تێیدا کاربکەن. (ابراهيم، ١٩٧٨،ص ٢٥٢).

لێکۆڵەر پێی وایە ئەو پەرتووکە ئەدەبییانەی بۆ قوتابییانی قۆناغی ئامادەیی دانراون، گەر پێوەرەکانی چێژی ئەدەبییان تێدا ڕەچاو بکرێ، ئەوا وا لە قوتابییان دەکات پتر ئامادەبن و ئارەزووی بکەن بابەتی خوێندنەکە فێر بن و وا لە مامۆستاکەش بکات ئەوەی وەك ئامرازی خوێندن پێشکەشی دەکات قایل بێت چونکە فێرکردن وا دەخوازێت زانیارییەکان وەربگرێت و ڕێکبخرێن بەجۆرێ لەگەڵ پێویستی قوتابییان بگونجێت، ئەمەش لە میانەی پەرتووکی قوتابخانەوە لە سەر بنەمایی زانستی پێکدێت.

پێویستە هەر کارێکی سوودبەخش کاری هەڵسەنگاندنی بۆ بکرێ تا بزانرێ تا چ ڕادەیەك سەرکەوتووەو دەتوانێت ئامانجەکانی بەدیبهێنێت پێویستە کاری هەڵسەنگاندن گشتگیر بێت و بەردەوام بێت تا بە باشترین شێوە ئەرکی فێرکردن و پەروەردەیی بەجێ بگەیەنێت. (احمد، ٢٠١٢، ص٩).

لەئەنجامی گرنگی زۆری بابەتی ئەدەب لە سەر  ڕادەی تاك و کۆمەڵ، پێویستە لایەنە پەیوەندیدارەکان بایەخ بەکاری ئامادەکردنی پرۆگرامەکان و هەڵسەنگاندنیان بدەن، هەروەها بەشێوەیەکی کارامەییەوە بەردەوام بە پرۆگرامەکان بدەن، کاری هەڵسەنگاندنی

پەرتووك و تازەکردنەوەیان لە بواری زانستی و پەروەردەییدا لە کارە بنچینەیەکانە، پرۆگرامی جێگیر بە بەردەوامی نییە، بێ ئەوەی کاری پەرەپێدان و پێداچوونەوەی بۆ بکرێ. بۆیە وڵاتانی پێشکەوتوو تازەگەشەکردوو چاویان لەوەیە فێرکردن گەشە بکات و لە میانەی گەشەکردنی بەرنامەو هەڵسەنگاندنەوەی پەرتووکەکان تازە بکەنەوە. (العزاوي، ۲۰۰۷، ص٢٤).

لەبەر ئەوە هەڵسەنگاندن توخمێکی گرنگە لە توخمەکانی پرۆگرامەکان و هاوتەرییە لەگەڵ کاری پەروەردەدا و توخمێکی سەرەکییە، بەجۆرێ ئەو پێویستییە سەری هەڵداوە تا بڕیار بدرێ وەك کارێکی کۆکردنەوەو شیکردنەوەی زانیارییەکان بەمەبەستی دیاریکردنی ڕادەیی ئامانجە بەدیهاتووەکان تا بڕیاریان لە سەر بدرێ بۆ چارەسەرکردنی لایەنی لاوازی و فەراهەم کردنی گەشەیەکی دروست و کامڵ، ئەمەش لە میانەی دووبارە ڕێکخستنەوەی بنیاتی پەروەردەیی و دەوڵەمەندکردنی. (جامل، ۲۰۰۲، ص۱۷۳).

بۆیە هەڵسەنگاندن بۆ هەر پەرتووکێکی قوتابخانە پێویستە، بەڵکو بۆ هەر بەشێك لە بەشەکانی، ئەمەش کارێکی بەردەوام و لەگەڵ هەموو پەرتووکەکەدا بەڕێوە دەچێت وەك بەشێکی دانەبڕاو، مەبەست لە هەڵسەنگاندنی پەرتووکی قوتابخانە ئەوەیە بڕیار لە سەر گەشەکردنی قوتابی بدەن لە میانەی بەکارهێنانی پەرتووکەکە لە بەر ڕۆشنایی ئامانجەکانی بەردەستمان بە دەربڕینێکی دیکە کاریگەری پەرتووکی قوتابییان لە گواستنەوەی زانیاری و هاندانی قوتابی هەیە و پێکەوە وابەستەیەو دەیەوێت زیاتر فێربێت و لە گەڵیدا بەربکەوێت و لە تۆماری کلتووری مرۆڤایەتی پەیوەست بێت و لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە بەکاری بهێنێت. (ابوسرحان، ۲۰۰۰، ص۲۰٤).

هەڵسەنگاندن دەیەوێت بزانێت ڕادەیی سەرکەوتن و سەرنەکەوتن لە ئامانجە گشتییەکاندا لە نێوانیاندا پرۆگرامەکان بەدیهاتووە. (الحموز، ۲۰۰٤، ص۲۰٦).

هەروەها هەڵسەنگاندن لە دروستکردنی جۆرەها بڕیاری پەروەردەیی ڕۆڵی گرنگی هەیە، چونکە بە هۆیەوە شارەزایی لە کارایی و کاریگەری پرۆگرامە پەروەردەییەکان و ئاڕاستەکانی لە کاتی هەر قۆناغێك لە قۆناغەکانی ئامادەکردنیدا و جێبەجێکردنی پەیدا دەکەین، ئیدی لە بواری ئامانج یان ئەرکدا یان ناوەڕۆکدا، هەروەها دەکرێ لە میانەی

هەڵسەنگاندنی پڕۆگرامی خوێندن لە بەر ڕۆشنایی پێوەری دیاریکراوەوە بەباشی بەدەم داواکاری کاری پەروەردەییەوە بێت. (علام، ۲۰۰۹، ص۲۰).

کاری پەروەردەیی وەك هەر کارێکی تر پێش ناکەوێت و گەشە ناکات گەر ئەوانەی سەروکاری دەکەن، بایەخ بە هەڵسەنگاندنی ئەنجامەکان نەدەن و بەردەوام چاودێری سەرکەوتنی نەکەن بە تایبەتی ئەو گۆڕانکارییە باشانەی تێدا کراوە کە کاری لە سەر گۆڕانی ڕەفتاری قوتابییاندا هەیە، لێرەوە دەبینین پەروەردەکارانی نوێ بایەخێکی زۆر بە هەڵسەنگاندنی پەروەردەیی دەدەن چونکە بەشێکی گرنگە لە پڕۆسەی پەروەردەدا، چونکە بەبێ هەڵسەنگاندن ناکرێ ڕادەیی ئەو پێشکەوتنە لە کاری پەروەردەدا بزانرێ و توانایی پڕۆگرامە بەکارهاتووەکە تا چ ڕادەیەك لێهاتووە تا پێ بگات، ئینجا ناکرێ چارەسەری سەرکەوتووی بۆ ئەو تەگەرانە دابنرێ کە ڕەنگە ببنە کۆسپ لە بەردەم بەدیهاتنی ئامانجەکانیان. (الامام، واخرون، ۱۹۹۰، ص۲۵).

خودی هەڵسەنگاندن بۆ خۆی ئامانج نییە، بەڵکو ڕێگایەکە بۆ بەدیهاتنی ئامانجێك، پاشان دوا ئامانجیش لە هەڵسەنگاندندا دەبێتە یارمەتیدەرێك بۆ بڕیاری باشتر لە پای باشکردن وکاری پەروەردەو فێرکردندا. (ملحم، ۲۰۰٦، ص٥۲۱).

کاری هەڵسەنگاندن کارێکی دابڕاو یان جیاواز یان بەرئەنجامێکی کۆتایی نییە، بەڵکو کارێکی پێکەوەیی و گشتگیرە لەگەڵ کاری فێرکردن و فێربووندا، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو گۆڕانکارییەی کە لە ئامانج و ئامرازەکانیدا بەسەر پەروەردەدا دێت، چونکە هەڵسەنگاندن تەنها دۆزینەوەو دیاریکردنی کاری فێرکردن و فێربوون نییە، بەڵکو کاری ڕێنمایی کردن و چاکسازییە و کارێکە هاوشانی کاری فێرکردنەو شانبەشانی بەشەکانی پەروەردە دەڕوات. (الامین، واخرون، ۱۹۹۰، ص۸۱).

ئەرکی سەرەکی هەڵسەنگاندن دروستکردنی وێنەیەکی گشتی دەرئەنجامەکانی کاری فێرکردنە کە ئامانجی گەشەپێدان و بەدیهێنانی باشترین ئامانجە بۆ بیرۆکە دانەرانی پڕۆگرام و دانەرانی پەرتووکی قوتابخانە کە تا چ ڕادەیەك ئەو بەرنامانەو پەرتووکانە بۆ قوتابییانی قوتابخانەکان گونجاوە. (عبدالرحمن، والصافي، ۲۰۰٦، ص۳۲٥).

گرنگی لێکۆڵینەوەکە لە مانەی خوارەوە چڕ دەبێتەوە:

١- بەشداریکردن لە دەرخستنی لایەنی بەهێزی و لاوازی لە بەدیهاتنی هەڵسەنگاندنەکە کە لە کاری پەروەردەییدا گرنگی هەیە.

٢- ئەم لێکۆڵینەوەیە بەپێی زانیاری لێکۆڵەر لە بوارێکدا دەکرێت کە پێشتر کاری لە سەر نەکراوە، ئەمەش بەکارێکی دەستپێشخەر دادەنرێت.

٣- گرنگی بابەتی ئەدەب بەو پێیەی کە لایەنی ویژدانی و گوشاوی پێشاندەدات لە نێو بابەتەکانی قۆناغی ئامادەییدا.

٤- گرنگی قۆناغی ئامادەیی چونکە دەبێتە خاڵی پەیوەندی نێوان قۆناغی ناوەندی و زانکۆ، چونکە لەم قۆناغەدا قوتابییان دەگەنە قۆناغی پێگەیشتن و زانیاری و توانای شیکردنەوەی دەقی ئەدەبییان لە لاپەیدا دەبێت و چێژی ئەدەبییان دەخەمڵێنێت و دەتوانن بڕیاری لە سەر بدەن.

٥- دەکرێ ئەم لێکۆڵینەوەیە سوود بەو کەسانە بگەیەنێت کە پەیوەندییان بەم ئامانجەوە هەیە بۆ باشکردنی پەرتووکی زمان و ئەدەبی کوردی بۆ پۆلی یازدەهەمی ئامادەیی.

## سێیەم : ئامانجی لێکۆڵینەوەکە:

مەبەست لەئامانجی ئەم لێکۆڵینەوەیە هەڵسەنگاندنی پەرتووکی زمان و ئەدەبی کوردی پۆلی یازدەهەمی ئامادەیی بە پێی پێوەرەکانی چێژی ئەدەبی .

## چوارەم : سنووری لێکۆڵینەوەکە:

ئەم لێکۆڵینەوەیە بەم شێوەیە دیاری دەکات:

ئەو دەقە ئەدەبییانەی کە لە پەرتووکی زمان و ئەدەبی کوردی/ بەشی ئەدەب کە بۆ قوتابییانی پۆلی یازدەهەمی ئامادەیی (لقی زانستی و وێژەیی) لە هەرێمی کوردستان-عیراق بڕیار دراوە بۆ ساڵی (٢٠٢٠-٢٠٢١ )دا بخوێنرێ.

## پێنجەم : دیاریکردنی زاراوەکان:

### هەڵسەنگاندن:

لە ڕووی زاراوەوە بەم شێوەیە پێناسە کراوە:

١- (محمد، و عبدالعظيم ، ٢٠١٢) : "بریتییە لە کۆکردنەوەو پۆلین کردنی و شیکردنەوەو لێکدانەوەی واتاو زانیاری دەربارەی دیاردەیەك یان هەڵوێستێك یان ڕەفتارێك بەمەبەستی بەکارهێنانی لە دەرکردنی بڕیارێك"، (محمد، و عبدالعظيم، ٢٠١٢، ص٢٦٩).

٢- (السلطاني، وعمران، ٢٠١٦) : " بریتییە لە کاری بەدواداچوون یان دڵنیابوون یان بڕیاردان لە سەر بەهایەك یان ڕادەیی شتێك ئەویش بە بەکارهێنانی پێوەری خەملاندن کە چەند ڕێکارێك لە خۆ دەگرێت لە ڕووی بنیاتی ناوەکی و پێوەری دەرەکی". (السلطاني، وعمران، ٢٠١٦، ص١٠٣).

٣- (ابراهيم، ٢٠١٨) : " ئەو کردارەیە ئامانجی ڕادەیی بەدیهاتنی ئامانجە پەروەردەییەکانە و تا چ ڕادەیەك پڕۆگرامی پەروەردەیی کاریگەرە لە نەخشەدانان و جێبەجێ کردنی و شێواز و ڕێکارەکانی فێربوون فەراهەم کراوە" (ابراهيم٢٠١٨، ص٢٤١).

٤- (سعادة، وفهد، ٢٠١٩) : "بریتییە لە کاری دەستنیشانکردن و چارەسەرکردن و خۆپاراستن کە بە ڕادەی یەکەم ئامانجی دۆزینەوەی لایەنی بەهێزی لەو شتەی کە دەمانەوێت هەڵیبسەنگێنین لە پای کارکردن بۆ بەهێزکردنی، پاشان دیاریکردنی خاڵە لاوازەکانی کە ڕەنجێکی زۆری تێدا دەدرێت لە پێناو چاککردنی، بەجۆرێ کاری تێدا دەکرێت تا بڕیار لەو شتە بدرێ کە هەڵدەسەنگێندرێت". (سعادة، وفهد، ٢٠١٩، ص٤٨).

### لێکۆڵەر بە کارەکی پێناسەی دەکات:

کە بڕیارێکە تا چ ڕادەیەك پێوەرەکانی چێژی ئەدەبی تێدا ڕەچاوکراوە کە لێکۆڵەر لە پەرتووکی زمان و ئەدەبی کوردی/ بەشی ئەدەب بۆ پۆلی یازدەهەمی ئامادەیی.

## پەرتووکی قوتابخانە:

لە ڕووی زاراوەوە بەم شێوەیە پێناسە کراوە:

١- (خليفة، وشبلاق، ٢٠٠٧) پێی وایە" دەفریکی زانیارییەو بەرنامەی خوێندن بە هەردوو جۆرەکەیەوە دەگرێتەوە کە وەزارەتی پەروەردە بڕیاری لە سەر داوە کە لە قوتابخانەکان و کۆلێژەکاندا لەلایەن قوتابییان یان مامۆستاوە بەکاربهێنرێت بۆ فێرکردن و بەدیهێنانی ئامانجەکانی پڕۆگرامی خوێندن". (خليفة، وشبلاق، ٢٠٠٧، ص٩٧).

٢- (الخريشا، ٢٠١٢) : کە بریتییە "لە بەڵگەنامەیەکی فەرمی نووسراو و ڕێکخراو وەك دەروازەیەك بۆ بابەتی خوێندنەکە، گرنگییەکەی لەوە دایە بۆ بەکارهێنانی لە پۆلی خوێندندا چونکە چەندین زاراوەو دەقی گونجاو و وێنەی ڕاهێنان و نموونە بۆ قوتابی لە کاری فێرکردندا نموونەی وانەوتنەوە لە خۆدەگرێت". (الخريشا، ٢٠١٢، ص٢٠٩).

٣- (القضاة واخرون،٢٠١٤): پێی وایە" بریتییە لە سیستەمێکی چەندێتی کە هەموو بەشەکانی پڕۆگرام لە ئامانج و ناوەڕۆک و چالاکی و هەڵسەنگاندن لە خۆدەگرێت، ئەمەش بە مەبەستی یارمەتیدانی مامۆستایان و قوتابیان لە بەدیهێنانی ئامانجەکان لەبابەتێکی خوێندن یان لە وەسف کردنی شتێک ، پراکتیزەکردنی زانستی بۆ ئەو پڕۆگرامەی کە ڕەنگدانەوەی فەلسەفەی کۆمەڵگایە، وە سروشتی قوتابیان و سروشتی ئەو زانیارییەی کە لاپەڕەکانی لەخۆی دەگرێت". (القضاة واخرون ،٢٠١٤ ،ص٢٦٢).

٤- (هادي، و جاسم، ٢٠١٩) : "پەرتووکی ئاڕاستەکراو بۆ خزمەتکردن لە سەر بڕیاردان بۆ خوێندنێکی دیاریکراو کە چەند ڕاستییەکی بنەڕەتی دەگرێتەوە کە لە بواری خۆیاندا جێگیر کراون تا ببنە پاشەکەوتێك بۆ زانیاری، کە لە بنەڕەتدا ئامانجەکەیان فێرکردنێکی ئاڕاستەکراوە". (هادي، و جاسم ، ٢٠١٩، ص٢٠).

### لێکۆڵەر بە کارەکی پێناسەی دەکات:

بریتییە لە پەرتووکی (زمان و ئەدەبی کوردی) وەك پڕۆگرام دانراوەو بڕیارە قوتابییانی پۆلی یازدەهەمی ئامادەیی بیخوێنن (هەردوو لقی زانستی و وێژەیی) بۆ ساڵی خوێندنی( ٢٠٢٠-٢٠٢١ ) کە وەزارەتی پەروەردە/ بەڕێوەبەرایەتی گشتی پڕۆگرامەکان لە هەرێمی کوردستانی عیراق.

## پێوەرەکان:

لە ڕووی زاراوەوە بەم شێوەیە پێناسە کراوە:

١- (Longman,1980) : "لە بنچینەدا بریتییە لەوەی کە بڕیار لە سەر شتێك بدرێ". (Longman,1980,p263)

٢- (شحاتة، والنجار، ٢٠٠٣) : " بنەمایەکی نموونەییە یان چوارچێوەیەکی ژێدەرییە، یان ئەو مەرجانەیە کە بەهۆیانەوە بڕیار دەدەین یان ڕەفتاری تاك یان کۆمەڵ و یان کار و بیرکردنەوە و جێبەجێ کردنیان لە سەر پێوانە دەکەین".(شحاتة، والنجار، ٢٠٠٣، ص٢٨٥).

٣- (الخطيب، والخطيب، ٢٠١٠) :" ڕێگایەکی یاساییە بۆ پیوانە کردن و کاری هەر دەزگایەکی فێرکردن، بە پشت بەستن بە کۆمەڵێ پێوەری خەملاندنی پشت پێبەستراو یان بە کۆدەنگی کۆکن لە سەری، ئەمەش بە ئامانجی دیاریکردنی باشی دەزگاکە و کارو پلانی پێشکەوتنی پێویست بۆ بەجێ گەیاندنی ئامانجەکانی".(الخطيب، والخطيب، ٢٠١٠،ص ٣٨).

٤- (خليل، ٢٠١٠) : " بریتییە لە کۆمەڵێ خەسڵەت و مەرج کە دەبێت لە دیاردەیەکی دیاری کراو هەبێت، ئەم خەسڵەتانەش بنەمای ناوەکین بۆ بڕیاردان لە سەر پڕۆگرامەکان، ئەمەش لە بەر ڕۆشنایی جیبجێکردنێکی کارەکی تا تێیدا بەشدار بێت، بەم شێوەیەش ئاسایی شێوازی چەندایەتی وەردەگرێت و لە بەر ڕۆشنایی خەسێتە واقیعیەکانی ئەم جێبەجێکردنە دیاری دەکرێت". (خليل، ٢٠١٠، ٦).

## چێژی ئەدەبی

لە ڕووی زاراوەوە بەم شێوەیە پێناسە کراوە:

١- (ابوحطب، ١٩٩٣) :" شێوەیەکی لێکدراوە کە ڕەفتارو ویستنە بڕیار لە سەر بەهای شتێك یان بیرۆکەیەك لە لایەن جوانییەوە بدرێ". (ابوحطب، ١٩٩٣، ص٣١).

٢- (الربيعي، ٢٠٠١) :" بریتییە لە توانایی قوتابی بۆ تێگەیشتنی دەقی ئەدەبی بە شیعرو پەخشانەوە جیاوازی نێوان باش و خراپی بکات و بڕیار لە سەر باش و خراپییەکەی بدات". (الربيعي، ٢٠٠١، ص٦).

٣- (عطا، ٢٠٠٦) :" تێکەڵەیەکە لە سۆزو عەقڵ و هەست، بۆیە بە پێی گۆڕان و سۆز و عەقڵ و هەستی ئەو کەسە دەگۆڕێت کە لێی ورد دەبێتەوەو لە ڕووی تێگەیشتن و لێکدانەوەوە بەری دەکەوێت". (عطا، ٢٠٠٦، ص٤٩).

٤- (اسماعيل، ٢٠١١) :"پێی وایە بریتییە لە باش تیگەیشتن و جوانی دەقەکە کە پێی وایە لە دەقی دیکە باشترە". (اسماعيل، ٢٠١١، ص٢٨٧).

## لێکۆڵەر بە کارەکی پێناسەی دەکات:

بریتییە لە کۆمەڵێ مەرج و تایبەتمەندی کە ناوەڕۆکی زمان و ئەدەبی کوردی/ بەشی ئەدەب کە بڕیارە لە پۆلی یازدەهەمی ئامادەیی (هەردوو لقی زانستی و وێژەیی لە هەرێمی کوردستانی عیراقدا بخوێنرێت بە پێی پێوەرو ئاماژە گەلێك ئامادەکراوەوە پێشانی کۆمەڵێ پسپۆڕ دراوە تا بڕیاری لە سەر بدەن، کە لە شێوەی لیستێکدا پیشاندراوە.

## قۆناغی ئامادەیی:

ئەو قۆناغەی خوێندنە کە دوای قۆناغی ناوەندی دێت و ماوەی خوێندن تێیدا سێ ساڵەو پسپۆڕی تێیدا دیاری دەکرێت، زانستی و وێژەیی. قۆناغەکە لەم پۆلانە پێکدێت (دەهەمی زانستی و وێژەیی، یازدەهەمی زانستی و وێژەیی، دوازدەهەمی زانستی و وێژەیی). (جمهورية العراق، ٢٠٠٨).

# بەشی دووەم

## لایەنی تیۆری و لێکۆڵینەوەکانی پێشوو

### تەوەری یەکەم: لایەنی تیۆری

یەکەم: هەڵسەنگاندن:

دووەم: پەرتووکی قوتابخانە:

سێیەم: چێژی ئەدەبی:

### تەوەری دووەم: لێکۆڵینەوەکانی پێشوو

یەکەم: لێکۆڵینەوە عەرەبییەکان

دووەم: هاوسەنگی لێکۆڵینەوەکانی پێشوو

سێیەم: ئاماژە و نیشانەی لێکۆڵینەوەکانی پێشوو

چوارەم: لایەنەکانی سوودوەرگرتن لە لێکۆڵینەوەکانی پێشوو

# بەشی دووەم

## لایەنی تیۆری و لێکۆڵینەوەکانی پێشوو

**تەوەری یەکەم: لایەنی تیۆری:** لایەنی تیۆری ئەمانەی لە خۆگرتووە، یەکەم هەڵسەنگاندن و دووەم پەرتووکی قوتابخانە و سێیەمشیان چێژی ئەدەبی.

**یەکەم: هەڵسەنگاندن:**

**دووەم: پەرتووکی قوتابخانە:**

**سێیەم: چێژی ئەدەبی:**

**یەکەم: هەڵسەنگاندن:**

**١ ـ کورتەیەك لە مێژووی هەڵسەنگاندن:**

پڕۆسەی هەڵسەنگاندن بە چەند قۆناغێکی جیاواز تێپەڕبووە، ئامرازەکانی پەرەی سەندووە لەگەڵ پەرەسەندنی ژیانی مرۆڤ، لە چاخە کۆنەکاندا مرۆڤ هەڵسەنگاندنی بەکارهێناوە و بە جۆرێك بڕیاری داوە سەبارەت بە دیاردە ژینگەییەکان، و ئەوانەی کە لەگەڵیدا دەژین، بە پەرەسەندنی پڕۆسەی فێربوون پڕۆسەی هەڵسەنگاندن پەرەی سەندووە، سەرەڕایی ئەوەی لە سەرەتادا ئامرازەکانی سادە بووە، هەر بۆ ئەم مەبەستەش لە کۆمەڵگای یۆنانی کۆندا مامۆستایانی پێشەنگ وەکو سوکرات و ئەفلاتۆن هۆیەکانی هەڵسەنگاندنی زارەکییان بەکارهێناوە چونکە گونجاوبوو لەگەڵ شێوازی فێرکردنی ئەو کاتە.(علام، ٢٠٠٩،ص ٩٨)

یەکەم هەوڵدان بۆ هەڵسەنگاندن لە ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لە ساڵی (١٨٤٥)، دەستپێکردووە کاتێك(هورسمان) هەندێك چاکسازی کرد بۆ ئەو شێوازە باوەی هەڵسەنگاندنی فێرخوازان، لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەهەم، هەڵسەنگاندن زیاتر پەرەی سەندووە، زانا(جیمس کاتل) جەختی کرد لە سەر توانا ژیرییەکان و پەیوەندییان بە توانا زیرەکییەکان لای تاکەکان، ئەم زانایە یەکەم کەس بوو زاراوەی تاقیکردنەوەی ژیری

بەکارهێناوە بۆ زانینی مەودای کارتێکردنی مامۆستایان، وە چەندین جۆر تاقیکردنەوەی داهێناوە، هەروەها چەند جۆرە تاقیکردنەوەیەکی داهێنا کە بەکاردێت بۆ لێکۆڵینەوەی بەراوردکاری بۆ تواناکانی فێرخوازان.(الزيدي،٢٠١١،ص٣٦).

لە ئەوروپاش بۆ یەکەم هەڵسەنگاندن لە بەریتانیا دەستی پێکرد لەسەر دەستی (جۆرج فیشەر)، لە ساڵی (١٨٦٤)، ناوبراو هەستا بەدانانی پەرتووکی ( الميزان) هەر بۆیە بە یەکەم کەس لە تاقیکردنەوەی سەردەمییانە دادەنرێت لە پرۆسەی فێربوون، لە میانەی ئەو تاقیکردنەوانەی کە دایهێنا توانی ئاستی فێرخوازانی بزانێت و پۆلێنیان بکات نەك تەنها بۆ یەك بابەتی خوێندن، بەڵکو بۆ گشت وانەکان، ئەم پەرتووکە پێوەری نووسینی دەستی و پێوەری خوێندنەوە و کۆمەڵێك پرسیاری تر لە بیرکاری و وێنە و زانستی پراکتیکی لە خۆگرتبوو.(حمادة،١٩٧٥، ص١٨).

پاشان بە هۆی ئاڵۆزی ژیان هەڵسەنگاندن گوازرایەوە بۆ لای مامۆستایانی پیشەگەر بۆ بڕیاردان لەسەر ئەو فێرخوازانەی کە لە سەر دەستی ئەوان فێردەبن بۆ ئەوەی بزانێت هەر یەك لەوان تا چەند فێری پیشەکە بوون ئامانجی ئەم هەڵسەنگاندنەش بڕیاردانە لەسەر بەهای پیشەکان و گەیشتنە بە خەملاندنی و جۆری هەڵسوکەوتی کرێکارەکان، هەڵسەنگاندنی پیشەکان بە درێژایی مێژوو پەرەی سەندووە،( فريدريك تيلر) یەکێکە لەو کەسانەی بانگەوازی دەکرد بۆ هەڵسەنگاندنی پیشەکان لە ساڵی(١٨٨٠) کاتێك کرداری بەرهەمهێنانی شیکردەوە لە کۆمپانیاییەکی پیشەسازیدا گەیشتە ئەو ئەنجامەی کە پێویستە کەسانی شیاو بۆ هەڵسوڕاندنی کاروباری کۆمپانیاکە دیاری بکرێت.(دعمس،٢٠٠٧، ص٧-٩).

## ٢- چەمکی هەڵسەنگاندن:

سەبارەت بە چەمکی پەروەردەیی هەڵسەنگاندن، مەبەست لێی زانینی مەودای سەرکەوتنە لە بەدیهێنانی ئامانجەکانی پرۆسەی پەروەردەیی بە گشت جومگەکانیان، دیاریکردنی لایەنی بەهێزو لاوازی ئەو هۆیانەی کە بەکارهاتوون بۆ ئامانجەکان ئەمەش لە پیناو کارکردن بۆ پەرەسەندنی و ڕاستکردنەوەی هەرچی چەوتییە هۆکاری بەدینەهاتنی ئامانجەکانە، بەڵام لە پەروەردەدا مەبەست لە هەڵسەنگاندن بڕیاردانە لەسەر فێرخوازان

لەبەر ڕۆشنایی نزیکبوونەوە و دوورکەوتنەوە یان لەو ئاستەی داواکراوە لێیان لە گەشەسەندنی ژیری و جەستەیی و کۆمەڵایەتی و ویژدانی، هەڵسەنگاندن ئەو هۆیەیە کە مامۆستا پشتی پێدەبەستێت لە بەدیهێنانی ئەو ئامانجە پەروەردەیانە کە لە پێناویدا پرۆگرامی خوێندن دانراوە.(الدليمي والهاشمي،٢٠٠٨، ص١١٦).

مەبەست لە هەڵسەنگاندن بە چەمکە فراوانەکەی پرۆسەیەکی ڕێکخراوە لە سەر پێوانە بونیادنراوە کە لە میانەیدا بڕیار دەدرێت لەسەر ئەو شتەی کە بۆی دەخوازرێت پێوانە بکرێت لە بەر ڕۆشنایی هەرچی تایبەتمەندییەك دەچێتە ژێر باری پێوانە، واتا پرۆسەیەکی دەستنیشانکردن و چارەسەری و خوپارێزی و ڕێنماییە.(العبسي،٢٠١٠، ص١٤).

هەڵسەنگاندن یەکێکە لە ڕەگەزەکانی پرۆگرامی فێرکاری بنەڕەتی، بەو پێیەی کە پرۆگرام سیستەمە، گرنگی هەڵسەنگاندن دەگەڕێتەوە بۆ پێویستی بەدواداچوونی پرۆگرامەکان و بەرنامە فێرکارییەکان، وە پێویستە هەڵسەنگاندن بکرێت بۆ دەرئەنجامەکان پاش جێبەجێکردنیان و زانینی مەودای بەدیهاتنی ئامانجە پەروەردەیی و فێرکارییەکان.
( الفتلاوي,٢٠٠٥، ص١٠٢)

لە چەند گۆشەیەکەوە بڕوانینە هەڵسەنگاندن، هەندێك لە شارەزایان بەم شێوەیە دەڕواننە هەڵسەنگاندن کە پرۆسەی کۆکردنەوەی زانیارییەو بەکارهێنانی لە کاتی بڕیاردان دەربارەی پرۆگرامێکی پەروەردەیی، هەندێکی تر دەڕواننە هەڵسەنگاندن بەوەی کە کۆکردنەوەی زانیارییەو بڕیاردانی بەهادارە لەسەر پرۆگرام و گشتاندنیان، لایەنی سێیەم بەم شێوەیە دەڕواننە هەڵسەنگاندن کۆکردنەوەی زانیارییەکانە دەربارەی مەودای پێشکەوتنی فێربوونی فێرخوازان و بڕیاردان لەسەر کاتی چالاکی کرداری فێرکاری(الدليمي والمهداوي،٢٠٠٥، ص١٣-١٤)

کاتیك کە قسە لەسەر پەرتووکی خویندن دەکەین، دەبێت قسە لە سەر هەڵسەنگاندن بکەین کەپایەیەکی بنەڕەتییە لە پایەکانی پرۆسەی فێرکاری، لەبەر ئەوەی پێشدەکەوێت و لەگەڵیدایە و بەدواداچوونی بۆ دەکات بەمەستی دیاریکردنی کێشەکەی و پلان داڕێژی

پێویستی بۆ بکات، هەتا پەرتووك ناوەڕۆکی پەروەردەیی فێرخوازان بێت، دەبێت بزانێت کە فێرخوازان چی فێربوون وە چی فێرنەبوون.(شحاتة،٢٠٠١، ص٢٠٤).

## ٣- گرنگی هەڵسەنگاندن:

گرنگی هەڵسەنگاندن لە بواری پەروەردەییدا لەوەدایە هەڵسەنگاندن ئەو پرۆسەیەیە کە بڕیاری سەرکەوتنی پرۆسەی پەروەردەیی دەدات لە بەدیهێنانی ئامانجەکان ، ئەوش ڕووندەکاتەوە کە هەڵسەنگاندن بەشێکی دانەبڕاوەی پرۆسەی فێرکردن و فێربوونە.(فرج،٢٠٠٩، ص١٢١).

هەڵسەنگاندن پرۆسەیەکی دەستنیشان و چارەسەری خۆپاریزی کردنە، لە کاتێکدا لایەنی بەهێزی و لاوازی دیاری دەکات لە هەر بەرنامەیەکی فێرکاریدا، و هەوڵدان بۆ ناسینی ئەو هۆکارە شاراوانەی لایەنی بەهێزی و لاوازی ئەو بەرنامە فێرکارییە، چارەسەری گونجاو بۆ لایەنی لاوازی زاڵبوون بەسەریدا پێشنیاردەکات، سوود لە لایەنی بەهێزیشی دەبینێت، بۆیە مەبەست لە پرۆسەی هەڵسەنگاندن باشترکردنی پرۆسەی فێرکردن و فێربوونە و گەیشتنە بە ئامانجەکان.(الرشيدي، ١٩٩٩، ص٢١٣).

(ستانلی وهویکنز) ئاماژەیان بە پرۆسەیی پەروەردەیی کردووە کە لە سێ ڕەگەزی بنەڕەتی خۆی دەگرێت:

١- دیاریکردنی ئامانجە پەروەردەییەکان.
٢- پێدانی شارەزایی فێرکاری کە یارمەتیدەرە بۆ گەیشتن بە ئامانجەکان.
٣- جێبەجێکردنی پرۆسەی هەڵسەنگاندن بۆ دیاریکردنی تا چەند ئامانجەکانیان بە دیهاتوون.

هەر کەمتەرخەمییەك بکرێت لە هەر ڕەگەزێك لەو سێ ڕەگەزانە کە دەبێتە هۆی تیکچوونی چالاکی پرۆسەی پەروەردەیی لە بەدیهێنانی کارەکانی، بۆیە زۆر پێویستە ئەو کەسەی ئەم پرۆسەیەی لە ئەستوگرتووە کە ئەویش مامۆستایە بزانێت چۆن ئەو زانیارییانە بەدەست دەهێنێت کە پەیوەندی بە مەودای پێشکەوتنی فێرخوازەوە هەیە و بەرەو ئامانجە پەروەردەییەکەی.(الامام وآخرون،١٩٩٠، ص٢٥).

## ٤ـ هەڵسەنگاندنی پەرتووکی قوتابخانەیی:

پەرەپێدانی پڕۆگرامی خوێندن پڕۆسەیەکی گرنگ و پێویستە بۆ باشتر کردنی پڕۆسەی فێرکاری، هەر بۆیە دەبێت هەڵسەنگاندن بۆ ئەم پڕۆگرامانە ئەنجام بدرێت تاوەکو سوود لە ئەنجامی هەڵسەنگاندنەکە وەربگیرێت بۆ دووبارە بونیادنانەوەی پڕۆگرامەکە یان باشترکردنی هەندێ لایەنی.

هەڵسەنگاندنی پەرتووکی قوتابخانە دەبێت ڕەچاوی ئەم خاڵانە بکات:

١. ڕەچاوکردنی پڕۆگرام بۆ ئامانجەکانی پەروەردەیی و فێرکاری و بەدیهێنانیان.
٢. ڕەچاوکردنی شارەزاییە فێرکارییەکانی تایبەت بە فێربوون لە ئامادەباشی و توانادارى و حەز و ئارەزوو وە قۆناغەکانی گەشەکردنیان.
٣. بەیەکەوە بەستنی پڕۆگرام و ڕەگەزەکانی ژینگەیی ئابووری و ژینگەیی کۆمەڵایەتی و لە ڕووی پێداویستی و کێشەکانیانەوە.
٤. هەڵسەنگاندنی ئەو کۆمەڵانەی لە پڕۆگرامدا کار دەکەن لە دوو ڕووەوە، کارگێری و بابەتی فێرکاری و ڕابەران، کارگێری قوتابخانە تا چەند بەشدارە لە سەرکەوتنی پڕۆگرامی فێرکاری.
٥. هەڵسەنگاندنی ڕەگەزەکانی پڕۆگرام لە ڕووی ئامانجەکان و چالاکی و شێوازەکانی وانەوتنەوە، هەڵسەنگاندنەکە لە ڕووی هۆ و ئامراز و کات و تواناداریيەکانی بۆ پێوانەی مەودای بەدیهاتنی ئامانجە خوازراوەکان بۆ پڕۆگرامی فێرکاری.(الفتلاوي والهلالي،٢٠٠٥، ص٩٨).

## ٥ـ هەنگاوەکانی هەڵسەنگاندن:

١. دیاریکردنی ئامانجی هەڵسەنگاندنەکە: دیاریکردنی ئامانج یارمەتیدەرە بۆ هەڵسەنگاندنی پەرتووك و دانانی پلانەکان کە دەبنە هۆی دوورکەوتنەوە لە شێوەی هەڕەمەکی، هەروەها دیاریکردنی ئەو ئامرازانەی کە بەکاردێن بۆ جێبەجێکردنی پلانەکان و بەفیڕۆنەدانی کات و خەرجییان، ئامانجی هەڵسەنگاندن دەبێت ڕوون و ورد بێت، وجەخت بکات لەسەر ئەو بوارەی کە دەخوازێت پێوانەی بکرێت لە پەرتووکی خوێندندا.

٢. ئامادەکردن و پلان دانان: لەبەر ڕۆشنایی ئامانجەکان لە پرۆسەی هەڵسەنگاندنی پەرتووك ئامرازی پێویست دابین دەکات بۆ ئەم پرۆسەیە، وەك: ڕاوەرگرتن، تاقیکردنەوە، و... هتد، پلانێکی تۆکمە دادەڕێژێت کە کاتی پراکتیزەکردن و دیاریکردنی ئەو پەرتووکە لە خۆدەگرێت کە هەڵسەنگاندنی بۆ دەکرێت.

٣. کۆکردنەوەی زانیاری: بە پشت بەستن بە ئامرازی بەکارهاتوو لە هەڵسەنگاندن، لەبەر ڕۆشنایی پلانە دیاریکراوەکە زانیارییەکان کۆ دەکرێنەوە، هەنگاوەکانی پراکتیزەکردنی تاقیکردنەوەکان بۆ پەرتووکی خوێندن، بابەتی هەڵسەنگاندن لە خۆدەگرێت، پاشان داتاکان و زانیارییەکان تۆمار دەکرێن بە شێوەیەکی ڕوون و بەراوردکردنی لەگەڵ زانیارییەکانی تر.

٤. شیکردنەوەی داتاکان: لێرەدا داتاکان شی دەکرێنەوە بە شێوەیەکی زانستی و ورد و ئاشکراکردنی پەیوەندییە تێکهەڵکێشەکەی نێوان ئامرازی بەکارهاتووە لەگەڵ هەڵسەنگاندنەکە.

٥. شرۆڤەی داتاکانی و پوختەکردنی دەرئەنجامەکان: داتاکان بە شێوەیەکی ڕوون و ئاسان شرۆڤە دەکرێن لەسەر بنەمای ئامانجەکان و مەودای بەدیهاتنی لە پەرتووکی خوێندن، دیاریکردنی لایەنی بەهێزی یان هەرچی پێویستی بێت بۆ چارەسەرو پوختەکردنی دەرئەنجامە گرنگەکان و بڕیاردان لەسەری.

٦. بڕیاردان: تێیدا پەرتووکی خوێندن هەڵدەسەنگێندرێت کە ئەمەش گرنگترین ڕەگەزە لە پرۆسەی فێرکاری، بە پشت بەستن بەو دەرئەنجامانەی کە پێیگەیشتووین لە لایەن هەڵسەنگێنەرەوە، پاشان گەیشتن بە گرنگترین ڕاسپاردەو پێشنیارەکان کە لە دەرئەنجامەکان هەڵهێنجراون، بڕیاری باش و گونجاو دەدرێت.(کاظم،٢٠٠١، ص٣٤).

## ٦- بنەماکانی پرۆسەی هەڵسەنگاندن:

**١.** پرۆسەی هەڵسەنگاندن پرۆسەیەکی چارەسەری خۆپارێزیی و دەستنیشانکەرە، بۆ ئاشکراکردنی لایەنی لاوازی ڕاستکردنەوە و پڕکردنەوەی کەلێنەکان.

**٢.** پرۆسەی هەڵسەنگاندن پرۆسەیەکی گشتگیرە، ئەمەش بە واتای ئەوەی کە پرۆسەی هەڵسەنگاندن گشت بوارەکانی ئامانجی پەروەردەیی(مەعریفی و ویژدانی و کارامەیی) لە خۆدەگرێت.(زیتون،١٩٩٩، ص٣٤٦-٣٤٧).

**٣.** پرۆسەی هەڵسەنگاندن پرۆسەیەکی بەردەوام و بەشێکی ڕەسەنی پرۆسەی فێرکارییە.(زاير وعايز،٢٠١١، ص٢٦٨).

**٤.** پرۆسەی هەڵسەنگاندن، پرۆسەیەکی هەرەوەزییە کە( مامۆستا و فێرخواز و بەخێوکەر و سەرپەرشتیار و بەڕێوەبەر و قوتابخانە) ش لە خۆدەگرێت.

**٥.** پرۆسەی هەڵسەنگاندن پرۆسەیەکی زانستییە، ئامانجی زانینی دەسکەوتی فێرخوازە لە میانەی ئامرازەکانی پێوانەدا.(طوالبة وآخرون،٢٠١٠، ص٣٦٣).

## ٧- پێوەرەکانی هەڵسەنگاندن:

ئەو پێوەرانەی کە پێویستە ڕەچاوبکرێن لە کاتی هەڵسەنگاندن بە ڕێکارەکانی هەڵسەنگاندنی پرۆگرامی فێرکاری بریتین لە:

١. دەبێت سەرجەم ڕێکارەکانی هەڵسەنگاندن بەجێ بهێنرێن لە ژێر ڕۆشنایی ئامانجە فێرکارییەکانی هەڵسەنگاندن، بە پێی ئەوەی کە پرۆسەی هەڵسەنگاندن پرۆسەیەکی ئامانجدار و بونیادنەرە.

٢. دەبێت سەرجەم ڕێکارەکانی هەڵسەنگاندن بەجێ بهێنرێت لە بەر ڕۆشنایی ڕەگەزەکانی پرۆگرامی فێرکاری وەك ئامانجەکان، ناوەڕۆك، چالاکییەکانی هەڵسەنگاندن.

٣. دەبێت هەڵسەنگاندن هەموو دەرئەنجامی فێربوون لە خۆبگرێت لە بواری ژیری و ویژدانی و کارامی، بە واتایەکی تر ئەو هەڵس و کەوتەی فێربوو دەریدەخات.

٤. ڕەچاوکردنی لایەنە هەمەجۆرییەکان لە ئامراز و هۆیەکانی بەکارهاتوو لە هەڵسەنگاندن وەك: تاقیکردنەوەی زارەکی، نووسینەکی، مامەڵەکان، ڕاوەرگرتنەکان، تاقیکردنەوەی وتاری و بابەتی، لیستی تێبینیکردن.

٥. هەڵسەنگاندن هۆیەکە بۆ باشترکردنی پرۆسەی فێرکاری و پەرەپێدانی پرۆگرام.

٦. ڕەچاوکردنی کاتی ڕایی کردنی هەڵسەنگاندنەکەو کۆشش و تێچوونی، لە بەر ئەوەی هەڵسەنگاندن پرۆسەیەکی ئابوورییە.

٧. بەکارهێنانی هەڵسەنگاندن لە پرۆگرامی فێرکاری بە چەندین شێوە، لەوانەش پەیوەندی بە پەرتووکی خوێندنەوە و هەیە، لێرەدا پێوەرەکانی دەرکردنی پەرتووك دەردەکەوێت.(طلافحة،٢٠١٣، ص٩٥).

## ٨- فەرمانەکانی هەڵسەنگاندنی پەروەردەیی:

فەرمانی سەرەکی هەڵسەنگاندن بەردەستکردنی خۆراکی گەڕاوەی پێویستە بۆ پارێزگاری کردن لە مانەوەی پرۆگرام و بەردەوام بوونی لە هەڵسەنگاندنی پەروەردەیی قوتابخانە بە شێوەیەکی ڕاست و ورد و گشتگیر، دەتوانین هەندێك لە فەرمانەکانی هەڵسەنگاندن پوخت بکەینەوە لە چەند خاڵێکدا:

١. ڕوونکردنەوەی ئەنجامە پەروەردەییەکان و بڕیاردان لە مەودای پێشکەوتن لە بەدیهێنانی.

٢. دەستنیشانکردنی لایەنی بەهێزی و لاوازی هەر ڕەگەزێکی پرۆسەی پەروەردەیی و پێکهاتەکانی، وەك: فێرخواز و مامۆستا و پرۆگرام و کارگێڕی قوتابخانە و ژینگەیی قوتابخانە.

٣. زانینی حەز و ئارەزووی فێرخوازان و ئاراستەکانیان، ئاراستەکردنی ئەم حەز و ئارەزووانە بە ڕێرەوی فێرکاری دروست.

٤. ڕاستکردنەوەی لایەنی کەموکوڕی لە پێکهاتەکانی پرۆسەی پەروەردەیی.

٥. وروژاندنی پاڵنەرێتی فێرخوازان بەرەو فێربوون و هاندانیان.

٦. دەرکردنی بڕیاری کارگێڕی وەك دەرچوون و دەرنەچوون و پاداشتکردنی فێرخوازان.(الكسباني،٢٠١٠، ص١٩٣).

٧. فەرماندان لەسەر بەهای ئامانجە فێرکارییەکان ئەوانەی قوتابخانە لە خۆی دەگریت، بۆ دڵنیابوون لە خزمەتکردنی تایبەتمەندییەکان و سروشت و فەلسەفەی کۆمەڵگا و پێویستییەکانی بۆ تاکی فێربوو.

٨. هەڵسەنگاندن دەبێتە هۆی بەردەستبوونی زانیارییەکان و بۆ ڕاییکردنی پرۆسەی پەرەسەندنی پرۆگرام لەسەر بنەمای تەندروست و لۆژیکی، و یارمەتیدەرە لە زیادبوونی کاریگەری پرۆگرامی خوێندن و توانادار لە وەرگرتنی بڕیار دەربارەی پەرەسەندنی.(عثمان،٢٠١١، ص٢٠).

## ٩- ئامرازەکانی هەڵسەنگاندن:

١. تێبینی کردن: مەبەست لە تێبینیکردن هۆشمەندی مەبەستدار و ئاراستەکراوە بەرەو هەڵسوکەوتی تاکە کەسی یان بەشێوەی کۆمەڵ، و چاودێریکردن و دەستنیشانکردنی گۆڕانکارییەکانی بۆ ئەوەیە کە لە توانای لێکۆڵەردا بێت وەسفی هەڵسوکەوتەکە یان وەسفکردن و شیکردنی یان وەسفکردن و هەڵسەنگاندنی هەڵسوکەوتەکە بکات.

٢. ڕاوەرگرتن: مەبەست لە ڕاوەرگرتن ئەو هۆیەیە کە بەکاردێت بۆ کۆکردنەوەی زانیاری سەرەتایی دەربارەی کێشەیەك یان دیاردەیەکی لێکۆڵینەوەی زانستی، هەروەها بە واتایی کۆمەڵێك لە پرسیاری نووسراو کە کەسی بەرامبەر هەڵدەسێت بە وەڵامدانەوەی، ڕاوەرگرتن هۆیەکی فرە بەکارهاتووە لە بەدەستهێنانی زانیاری بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ و زانینی ڕاوبۆچوونە باوەڕپێکراوەکان.

٣. چاوپێکەوتن: مەبەست لێی کارلێکی گفتوگۆیی نێوان دوو کەسە، کە تێیدا ئەو کەسەی چاوپێکەوتنەکەی ئەنجامداوە هەوڵدەدات کەسی بەرامبەر بورووژێنێت بۆ ئەوەی هەندێك زانیاری دەست بکەوێت سەبارەت بە ڕاو بۆچوون و باوەڕپێکراوەکانی.

٤. تاقیکردنەوە: تاقیکردنەوە وا ناسراوە کە کۆمەڵە وروژێنەرێکە، کە پرسیاری زارەکی یان نووسینەکی یان وێنەی ئامادەکراوە بۆ ئەوەی پێوانەی هەڵسوکەوتێك بکات بە شێوازی بڕ و چۆنایەتی.

٥. لیستی خەمڵاندن: ئەوەش بەکاردێت بۆ ئەوەی تایبەتمەندییەك دیاری بکرێت لە بارودۆخێکی دیاریکراو، شیکاری ئەو بابەتە دەکات کە خوازراوە بۆ هەڵسەنگاندنی لایەنی سەرەکی و لە ژێر هەر لایەنێك کە کاروباری لایەنی پەیوەندیدار ڕووندەکاتەوەو ئاماژە بە هێمایەکی دیاری کراو دەکات لە کاتی بوونی تایبەتمەندییەك لە تایبەتمەندییەکان و ئاماژەیەکی تر لە کاتی بەردەست بوونی.(النوح،٢٠٠٤، ص٨١-٨).

## ١٠- جۆرەکانی هەڵسەنگاندنی:

١. هەڵسەنگاندنی بەرایی: ئەو هەڵسەنگاندنەیە کە پێش پرۆسەی فێربوون ئەنجام دەدرێت بۆ بەدەستهێنانی زانیاری بنەڕەتی پێشوەختە دەربارەی زانینی ئاستی زانست و زانیاری

پێشینەی فێرخوازان لە بابەتی فێربوون، هەروەها ئامانجی دیاریکردنی ئاستی ئامادەباشییە بۆ فێربوون، ناسینی هەڵسوکەوتی فێرخوازانە پێش دەستپێکردنی وانەوتنەوە. (ملحم،٢٠١١، ص٤٦)

٢. هەڵسەنگاندنی پێکهێنانی: ئەم جۆرەش ئەنجام دەدرێت لە میانەی پرۆسەی فێرکردن و فێربوون بۆ دڵنیابوون لە تەندروستی ڕێڕەویی پرۆسەکە بەپێی ئامانجە دیاریکراوەکان، هەروەها ئامانجی ئەم هەڵسەنگاندنە ناسینی مەودای پێشکەوتنی فێربوون و دیاریکردنی خاڵی بەهێزی و لاوازی پرۆسەی فێرکاری و بەردەستبوونی خۆراکی گەڕاوە بۆ هەر یەك لە مامۆستا و قوتابی.

٣. هەڵسەنگاندنی دەستنیشانکردنی: ئەو هەڵسەنگاندنەیە کە بەستراوە بە هەڵسەنگاندنی پێکهێنانی، ئەمەش لە پێناو دڵنیابوون لە بەردەوامبوونی هەڵسەنگاندن، ئامانج لێی دەستنیشانکردنی ئاستەنگەکانی فێربوون و دیاریکردنی لایەنی بەهێزی و لاوازییە لە کاتی دەستکەوتی خوێندندا.

٤. هەڵسەنگاندنی کۆتایی: ئەم جۆرەش لە هەڵسەنگاندن لە کۆتایی هەر کۆرسێکی خوێندن، یان کۆتایی ساڵی خوێندن ئەنجام دەدرێت، وەك تاقیکردنەوەکان کە لە کۆتایی ساڵی خوێندن ئەنجام دەدرێت، یان ئەو تاقیکردنەوانەی دەزگا فێرکارییەکان ئەنجامی دەدەن بۆ پێدانی بڕوانامە یان نمرەی زانستی، یان بۆ بڕیاردان بە گواستنەوەی فێرخواز لە قۆناغێکی خوێندن بۆ قۆناغێکی تر، یان لە پۆلێکەوە بۆ پۆلێکی تر.(عطية،٢٠٠٨، ص٢٩٠).

٥. هەڵسەنگاندنی دوابەدوایی: مەبەست لێی بەردەوامی پرۆسەی هەڵسەنگاندنە تاوەکو دوایی تەواوبوون لە پراکتیزەکردنی قۆناغی هەڵسەنگاندنی کۆتایی، هەڵسەنگاندنێکی بەردەوام و دوابەدواییە، ئامانجیش لێی دیاریکردنی شوێنەواری بەردەوامبووی بەرنامەیە، یان پێوانەی شوێنەواری دوور مەودای بەرنامەیە بە ڕێگای پەیوەندیکردن بەو لایەنانەی کە تاك بۆی چووە.(العدوان والحوامدة،٢٠١١، ص١٩٥).

## دووەم: پەرتووکی قوتابخانە:

### ١- چەمکی پەرتووکی قوتابخانە:

پەرتووکی قوتابخانە یەکێکە لە توخمە سەرەکییەکان و گرنگەکان کە ڕۆڵێکی دیار لە پرۆسەی فێرکردن و جێبەجێکردنی پرۆگرامدا دەبینێت و بریتییە لە سیستەمێکی گشتگیر و بایەخ بە توخمی ناوەڕۆك و چالاکی و هەڵسەنگاندن دەدات، ئامانجی ئەوەیە یارمەتی قوتابی بدات لە هەر پۆلێکدا و لە هەر بابەتێکی خوێندنی دیاریکراو بۆ وەدیهێنانی ئەو ئامانجەی دەویسترێت. (Good,1973,p51).

پەرتووکی قوتابخانە بۆ مامۆستاو قوتابی زۆر گرنگە بەسەرچاوەیەکی گرنگی فێرکردنی ڕێك و پێکی سادەو هونەری دادەنرێت لە ڕووی ڕاستی و بەهاوە، یارمەتی مامۆستا دەدات لە ڕێکخستنی کاری فێرکردنداو مەرجی گونجاوی بۆ فەراهەم دەکات. (الموسوي، ٢٠١١، ص١٧٧).

### ٢- گرنگی پەرتووکی قوتابخانە:

پەرتووکی قوتابخانە گرنگییەکی چالاکانەی هەیە و ڕۆڵێکی کارا دەگێڕێت لە پرۆسەی پەروەردەو فێرکردندا کە ناکرێت فەرامۆش بکرێت بەڵکو بە بەردی بناغەی بینای فێرکردن دادەنرێت، گرنگی پەرتووکی قوتابخانە بۆ ئەم خاڵانە دەگەڕێتەوە:

١- زانیاری و بیرۆکە و چەمکی بنەڕەتی بە بڕیارە دیاریکراوەکان دەبەخشێت.

٢- پەرتووکی قوتابخانە بە هاوڕێیەکی دڵسۆزی قوتابی دادەنرێت و بۆ کۆشش کردن دەگەڕێتەوە بۆ لای، هەروەها بۆ پێداچوونەوەش پەنای بۆ دەبات و لە هەموو بابەتەکانی خوێندندا بۆ شیکردنەوەو ڕاهێنانەکان و پرسیارەکان هەر بۆ لای ئەو دەگەڕێتەوە.

٣- پاشخانێکی هاوبەش لە نێوان مامۆستاو قوتابی دا فەراهەم دەکات، ئەمەش دەبێت یارمەتیدەر بۆ وروژاندنی گوتوبێژ بە شێوازێك جۆرە تێگەیشتنێکیان لەلا دروست دەکات و دەبێتە مایەی گەشەکردنی توانای بیرکردنەوەی قوتابی.

٤- پەرتووکی قوتابخانە سەرچاوەیەکی سەرەکییە بۆ گواستنەوەی ڕۆشنبیری کۆمەڵ بۆ قوتابی، ئەمەش دەبێتە کار ئاسانییەك بۆ قوتابی لە کاری بەریەککەوتن و خۆ گونجاندنی

دروست و ئەمەش هەلی بۆ دەڕەخسێنێت بۆ بەراورد کردن لە نێوان ڕۆشنبیری کۆمەڵگەکەی خۆی و ڕۆشنبیری میللەتانی دیکەدا بۆ ناسینی ئەزموون و هەوڵی ئەوانی دیکەدا.

٥- پەرتووکی قوتابخانە گەشە بە قوتابییان دەدات بۆ تێگەیشتن لە بەهاو تواناکان و زۆر لایەنی دیکە کە فێری دەبێت لە وێنەیەکی ڕێك و پێکدا.

٦- قوتابییان کەسایەتی کۆمەڵایەتی پەسەند وەردەگرن.(حمدانة، ومحمد، ٢٠١٢، ص٢١٢).

لێکۆڵەر پێی وایە کە پەرتووکی قوتابخانە گرنگییەکی زۆری هەیە، چونکە بە بنچینەیەکی سەرەکی دادەنرێت کە مامۆستاو قوتابی لە کاری وانەوتنەوەدا پشتی پێ دەبەستن، چونکە ئامرازێکە قوتابی سوودی لێ وەردەگرێت تا ببێتە پاشخانێکی کۆمەڵایەتی و ئەو زانیاری لێوەردەگرێت کە پێویستێتی.

### ٣-ئامانجەکانی پەرتووکی قوتابخانە:

بەکارهێنانی پەرتووکی قوتابخانە بە شێوەیەکی کارا لە فێرکردندا ئەم ئامانجانە بەدیدەهێنێت:

١- پەرتووکی قوتابخانە دەبێتە یارمەتیدەری قوتابی بۆ فێربوونی ڕەفتاری دروست لە فێربووندا.

٢- پەرتووکی قوتابخانە یارمەتی قوتابی دەدات تا لە بنیاتی کەرەسە دەروونییەکان و لۆژیکییەکان تێبگات.

٣- پەرتووکی قوتابخانە توانای قوتابی بۆ بیرکردنەوەی هەمەجۆر پتەو دەکات.

٤- پەرتووکی قوتابخانە فێربوونی قوتابییان دەوڵەمەند و ڕەنگڕێژی دەکات.

٥- پەرتووکی قوتابخانە ڕاستی بۆ قوتابییان فەراهەم دەکات.

٦- پەرتووکی قوتابخانە جیاوازی لە نێوان توانای قوتابییان ڕەچاو دەکات.(مرعي، والحيلة،٢٠٠٩، ص٢٧٢).

## ٤-ڕێگاکانی دانانی پەرتووکی قوتابخانە:

بۆ دانانی پەرتووکی قوتابخانە بەم شێوەیەی خوارەوە ڕێگاکانی دەگرێتەبەر:

١-ڕێگای داواکردن و ڕاسپاردن: ئەو دەزگا بەرپرسەیە کە کەسێك یان چەند کەسێك ڕادەسپێرێت کە لە ماوەیەکی دیاریکراودا بەرامبەر پاداشتێك، پەرتووکێك دابنێت، کاری نووسین و دانانی بە پێی بەرنامەیەك دەکرێت.

٢-ڕێگای بانگەواز یان کێبڕکێ و ململانێ: ئەمەش ڕێگایەکی باوە کە لایەنی پەیوەندیدار بۆ دانانی پەرتووك دەیگرێتە بەر، بۆ نموونە وەزارەتی پەروەردە بۆ کێبڕکێی دانانی پەرتووك بەرامبەر دانانی پەرتووکێك کرێیەکی دیاریکراو دادەنێت و لە بانگەوازەکەیدا بابەتی خوێندنەکە کە دادەنرێت و ئەو پۆل و قۆناغەی فێرکردن و مەرجەکانی و چۆنێتیەکەی و کرێکەی ڕوون دەکاتەوە.

٣- ڕیگای لیژنە: لەم ڕێگایەدا دەستەی بەرپرس پشت بە دانانی چەند لیژنەیەکی دانەر دەبەستێت لە هەموو قۆناغەکانی خوێندندا. لەم ڕێگایەدا لیژنەکانی کاریگەر کارەکان لە نێو خۆیاندا دابەش دەکەن، هەروەها لیژنەی دیکەش هەن بۆ هەڵسەنگاندنی دیکە بۆ بڕیاردان دروست دەکرێن. (الخوالدة، ٢٠٠٧، ص٣١٥)، (مرعي، والحيلة، ٢٠٠٩، ص٣١١).

## ٥-چۆنیەتی پەرتووکی قوتابخانە:

١- پێویستە لە لاپەڕەکانی بەرایی پەرتووکدا ئامانجەکانی بابەتی فێرکردنەکە جێگیر بکرێ و لە پێشەکی هەر یەکەیەکی فێرکردن لە یەکەکانی پەرتووکەکەدا ئامانجی یەکەکە دەربکەوێت و پەیوەندی لەگەڵ ئامانجە گشتییەکانی پەرتووکەکەدا هەبێت، ئەم ئامانجەش لەگەڵ ڕەفتاری چاوەڕوان کراوی قوتابییاندا ڕەنگ بداتەوە، چونکە بەرهەمی هەرسێ لایەنی فێرکردن دەگرێتەوە (زانیاری ، ویژدانی ، دەروون جووڵەیی).

٢-پێویستە بەشەکانی پەرتووکی پرۆگرام کورتەیەکی هەر بەشێك لە خۆبگرێت و لایەنە گرنگەکانی ئەو بەشەی تێدابێت، باشتر وایە ئەم کورتەیە لە کۆتایی هەر بەشێکەوە بێت. (عبدالله، وآخرون، ١٩٩١، ص١١٩-١٢٠)

٣- دەبێت پەرتووکی پرۆگرام کۆمەڵێ پرسیاری هەڵسەنگاندن و چالاکی کارەکە لە خۆبگرێت کە دەکرێت بەشێوەی تاقە کەسی یان بە کۆمەڵ لەماڵەوە یان لە ناو پۆلی خوێندندا جێبەجێ بکرێت، ئەمەش دەبێتە مایەی پێکەوە گرێدانی و چالاکی قوتابییان و پەرتووکی بڕیار لە سەردراو.

٤- پێویستە سامانی زمان بۆ قوتابییان بورووژێنرێ.

٥- پێویستە ڕاستی لای قوتابییان بورووژێنرێ. (مرعي، والحيلة، ٢٠٠٠، ص٣٥٤).

## ٦- بۆچوونی تازە لە ئامادەکردنی پەرتووکی قوتابخانەدا:

چەند بۆچوونێکی نوێ بۆ ئامادەکردنی پەرتووکی قوتابخانە هەیە، لەوانە:

١- دابەشکردنی پەرتووکی پرۆگرام بە سەر چەند یەکەیەکی خوێندندا.

٢- ڕوونکردنەوەی ڕۆڵی قوتابی کە پێشبینی دەکرێت لە کۆمەڵگاکەی خۆیدا ئەنجامی بدات.

٤- جەختکردن لە سەر میتۆدی خودی لە میانەی بەکارهێنانی چەمکی فێربوونی قوتابخانە تا ببێتە تەواوکەری فێربوونی دەرەوەی قوتابخانە.

٤- پەرتووکی قوتابخانە بەجۆرێ دەوڵەمەند بکرێ ببێتە مایەی دەوڵەمەندکردنی زانیاری و شارەزایی مامۆستا ئەمەش لە شێوەی پەرتووکێکی ڕێنماییکار بۆ مامۆستا کە ڕێگە خۆش دەکات پەرە بە توانایی خۆی بدات یاخود چاکسازی تێدا بکات.(عقيلي، ٢٠٠١، ص٢٣).

٥- ڕێکخستنی چالاکی فێرکردن بەجۆرێ ببێتە تەواوکەری هەوڵەکانی قوتابخانەو خێزان و دەزگاکانی تر کە لە کۆمەڵگەدا هەن بۆ پەرەسەندنی شارەزایی قوتابییان کە پەرتووکی پرۆگرام ئاماژەیی پێداوە.

٦- دیاریکردنی ئامانجەکانی ڕەفتاری کە چاوەڕوان دەکرێت مامۆستاکە لە پەرتووکی پرۆگرامدا بەدیبهێنێت.

٧- لە کۆتایی هەر بەشیك لە پەرتووکی پرۆگرامدا تاقیکردنەوەی بنیادنان دروست بکرێت. (مهدي، ٢٠١٩، ص٣٥-٣٨).

## ٧-ئەرکی پەرتووکی قوتابخانە:

١- پەرتووکی پرۆگرام ڕێکخستنێك بۆ ئەو بابەتانە فەراهەم دەکات کە قوتابی دەیان خوێنێت لە ئامادەکردنی وانەکان و ڕێکخستنیان پشتی پێدەبەستێت.

٢- پەرتووکی پرۆگرام بە ڕادەیەکی هاوبەشیانە ڕاستییەکان و چەمکەکان و زانیارییەکان بۆ قوتابییان دابین دەکات.

٣- هەبوونی پەرتووکی پرۆگرام لە بەردەستی هەموو قوتابییاندا یارمەتی مامۆستا دەدات تا بڕی دیاریکراو لە بابەت بۆ قوتابییان دیاری بکات، دیارە ئەمەش ڕێکخستنی پەرتووکەکە دەگرێتەوە.

٤- پەرتووکی پرۆگرام چوارچێوەیەکی گشتی بۆ بابەتی دیاریکراو بەگشتی بۆ خوێندن فەراهەم دەکات، ئەمەش دەبێتە یارمەتیدەرێك بۆ دابەشکردنی کاتی دیاریکراو بۆ خوێندنی بابەتەکە.

٥- پەرتووکی پرۆگرام وەك ئامرازیەك لە گەشەپێدانی شارەزایی قوتابییان لە بابەتی خوێندراو بەکاردێت. (صالح، و ترکي، ٢٠١٧، ص١٦٢).

## ٨-هەڵسەنگاندنی پەرتووکی قوتابخانە:

پەرتووکی قوتابخانە بۆ قوتابی بە سەرچاوەیەکی سەرەکی دادەنرێت یارمەتی دەدات تا زانیاری و شارەزایی زۆرتر بێت بەتایبەتی قوتابی دەگەڕێتەوە سەری، چونکە سەرچاوەیەکی چاککراوە، بەم شێوەیەش لە چەندین لایەنەوە کار دەکاتە سەر کەسایەتی قوتابی، هەروەها کار لە کۆمەڵگاش دەکات و بە کۆڵەگەیەکی گرنگی پێشکەوتن و باڵایی هەر کۆمەڵگەیەك دادەنرێت. (عاشور، ٢٠٠٤، ص١٩٩).

لەگەڵ ئەوەی پەرتووکی قوتابخانە گرنگە ڕەنگە ببێتە سەرچاوەیەکی هەڵە بۆ قوتابییان، لێرەدا لەو ترسەوە کە ڕەنگە هەندێ هەڵە لە پەرتووکی قوتابخانەدا لە چەمکی زانستێدا تێدا بێت و بە ڕاست وەرگیرابێت، پێویستە بە سەرماندا تێنەپەڕن و وەك خۆیان بمێننەوە، بۆیە دەبێت پەرتووکەکە هەڵبسەنگێنرێن تا ئاگاداری لایەنی باشیەکەی بین و

جێگیری بکەین، لایەنی خراپیشی ئاشکرا بکەین و وەلای ببەین و بەسەریدا زاڵببین. (الشافعي، وآخرون، ٢٠٠٢، ص٢٤٠).

دیارە کاری هەڵسەنگاندنی پەرتووکی قوتابخانە بە دوو ئاڕاستەدا دەڕوات، یەکەمیان ناوەکیەو: ئەو لایەنە لە ئەستۆی دەگرێت کە پەرتووکەکەی داناوە پێش ئەوەی قوتابییان بەکاریبهێنێت، بەڵام دووەمیان: بریتییە لە هەڵسەنگاندنی دەرەکییەو بەشداری لە دانانی پەرتووکەکەدا نەکردووە واتا لایەنی دەرەکییە. (هندي، وعليان، ٢٠٠١،ص١٢٥).

لێکۆڵەر پێی وایە هەڵسەنگاندنی پەرتووکی قوتابخانە مەبەستی ئەوە نییە تەنها واقیع دەستنیشان بکات، واتا زانینی خاڵی بەهێزی و لاوازی دیاری بکات، بەڵکو مەبەستێتی خاڵی بەهێزی جێگیر بکات و خاڵی لاوازی چارەسەر بکات و نەیهێڵێت.

**٩- ڕەگەزەکانی هەڵسەنگاندنی پەرتووکی قوتابخانە:**

کاری هەڵسەنگاندن لە چوار ڕەگەز پێکدێت کە ئەمانە:

١- ئەو شتەی کە دەویسترێت هەڵبسەنگێنرێت کە پەرتووکی قوتابخانەیە، پێویستە بەردەوام بخرێتە ژێر کاری هەڵسەنگاندنەوە ئەمەش بەپێی ئەو ئامانجەی کە بۆی دانراوە.

٢- ئەو کەرستانەی کە لە کاری هەڵسەنگاندندا بە کار دێن وەك تاقیکردنەوەو ڕوونکردنەوە(ڕەسول،٢١٠٧، ل٦٤-٦٥).

٣- پێوەرەکان کە بریتین لە پێوەرگەلێ کە بەهۆیانەوە بڕیار لە سەر شتەکان دەدرێت.

٥- ئەو کەسەی کە کاری هەڵسەنگاندنی پەرتووکەکە دەکات، یان لە ناو دەزگای پەروەردەیە، یان لە دەرەوەی ئەو دەزگایەیە. (ابوحلو، وآخرون، ١٩٩٥، ص٧٢). (الشبلي، ٢٠٠٠،ص١٤٩).

## ١٠- شێوازەکانی هەڵسەنگاندنی پەرتووکی قوتابخانە:

**ئـ**: شێوازەکانی پەرەپێدانی باوە، لەوانە:

١-لابردن و زیادکردن: لە مەدا مەبەست ئەوەیە کە بابەتێکی خوێندن یان یەکەیەکی خوێندن، یان بابەتێکی خوێندن لە سۆنگەی هۆیەك لە هۆیەکان لاببرێت، ئەمەش بەپێی بۆچوونی بەرپرسان و سەرپەرشتیارانی پسپۆڕ دەبێت، لە جێگەیدا زانیاری نوێ بۆ بابەتی خوێندنەکە یان یەکەیەکی تەواوی بابەتی خوێندنەکە یان بابەتێکی تەواو زیاد بکرێت.

٢- پێشخستن و دواخستن: بەجۆرێ بابەتی خوێندنەکە ڕێکدەخرێتەوە، هەندێ بابەت پێشدەخرێت و هەندێکی تر دوا دەخرێت، ئەمەش بەپێی داواکاری فێرکردن یان سایکۆلۆژی یان لۆژیکی دەکرێت.

٣- بژارکردن و دووبارە داڕشتنەوە: لە سەر ئەم بنەمایە پڕۆگرامەکە لە هەندێ هەڵەی چاپ یان زانستی قوتار دەکرێت کە پێوەی لکاوە، لە شێوازی خستنەبەر دەست و زمانەوە دووبارە چاوی پێدا دەخشێنرێتەوە، تا وەرگرتنی ئاسان بێت و ئاڵۆزییەکەی بڕەوێتەوە.

٤- گۆڕین و ڕاستکردنەوە: مەبەست لەم شێوازە گۆڕینی زانیاری یان بابەتی تازە یان فراوانکردن یان کورتکردنەوە لە هەندێ بابەتی هاوشێوە لە بابەتەکەدا بکرێت، یان بۆ ئەو زانیاری و بابەتانە بگەڕێنەوە کە لە پڕۆگرامەکەدا هەیە، بەجۆرێ دووبارە چاوی پێدا بگێڕینەوەو ڕاستیبکەینەوە تا لە گەڵ داواکاری تازەدا بگونجێت.(عەزیز،٢٠١٤،ل١٧).

٥- پەرەپێدانی یەکێك یان زیاتر لە دوو توخمی پڕۆگرامەکە وەك شێوازێکی هەڵسەنگاندن یان پەرەپێدانی ڕێگاکانی وانەوتنەوە، یان گەشەپێدانی ڕێکخستنی پڕۆگرامەکە لە ڕووی ئامرازی باش بۆ ئامرازی هاوشێوە یان تێکەڵاو. (ابوشارب، ٢٠١٥، ص٣٨١).

بـ: شێوازەکانی گەشەپێدانی نوێ: گەشەپێدان کارێکی گشتگیرەو تێکڕایی پڕۆگرامەکە دەگرێتەوە، ئیدی لە فەلسەفەکەیی و ئامانجەکانیەوە تا بەکاری هەڵسەنگاندن کۆتایی دێت، بۆیە پلانی پەرەپێدانی گشتگیر بۆ پڕۆگرامەکە پێویستە بە پەرەپێدانی ئامانجەکان دەستپێبکات، هەر لە دیاریکردن و داڕشتن و هەمەجۆریەوە. لە بەر ڕۆشنایی ئەوە دووبارە

بە هەڵبژاردنی ناوەڕۆك و شێوازەکانی ڕێکخستنیدا دەچینەوە. بە پێی تازەترین بواری بابەتەکەو شیوازەکانی پەروەردەو تیۆرەکانی دەروونناسی پێگەیشتووە، ئینجا ڕێگاکانی وانەوتنەوەو شێوازەکانی فێرکردن هەڵدەبژێردرێن، ئەوسا ڕەنگە هەندێ شت لە شێوازە کۆنەکان بەواتای تازەی ناوەڕۆکەکانیان و شارەزابوون لە فێرکردندا بگۆڕێت. (عبدالهادي، ٢٠٠١، ص٤٧٥).

ئەم پەرەپێدان و تازەکردنەوەیە بە ناتەواو دادەنرێت ئەگەر لەگەڵیدا پەرە بە ئاڕاستەکردن و سەرپەرشتی کردنی هونەری لەگەڵدا دەبێت، بە تایبەتی گەر سیستەمی فێرکردن لە لایەن حکومەتەوە بوو، هەروەها پێویستە گەشەپێدانەکە مەشقکردنی مامۆستایان لە جێبەجێکردنی پڕۆگرامە گەشەپێدراوەکە بگرێتەوە، بەڵکو هەمان شت لە بەرنامەکانی ئامادەکردندا لە کۆلێژی پەروەردەو پەروەردەی بنەڕەت پەیرەو بکرێت، تا دەرچووان شارەزایی و زانیاری پێدا بکەن کە دەیانگەیەنێتە ئەو ڕادەیەی بتوانن بەباشی مامەڵە لەگەڵ پڕۆگرامە گەشە کردووەکەدا بکەن. (الهاشمي، ومحسن، ٢٠١١،ص٨٨).

## ١١- هەنگاوەکانی هەڵسەنگاندنی پەرتووکی قوتابخانە:

١- دانانی ئامانجی هەڵسەنگاندنەکە: قۆناغی دانانی ئامانجی هەڵسەنگاندنی پڕۆگرام لە زۆربەی قۆناغەکان گرنگترە، بەجۆرێ قۆناغەکانی دواتر لەسەر هەمان بنچینە بنیاد دەنرێت، ئیدی ئامانجەکانی هەڵسەنگاندنی پڕۆگرامەکە لە زەینی هەڵسەنگێنەراندا ورد و ڕوون بوون، کاری هەڵسەنگاندنەکە ئەوەندە سەرکەوتوو دەبێت ڕەنگە کاری هەڵسەنگاندنی پڕۆگرامەکە سەرتاپایی پڕۆگرامەکەو هەموو توخمەکانی بگرێتەوە، بۆیشی هەیە لە سەر یەك بنچینە هەڵوەستە بکات یان یەك پێکهاتە یان زیاتر بە بنچینەو پێکهاتەکان بگرێتەوە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە ئامانجی کاری هەڵسەنگاندنەکە بە پێی جیاوازی سروشتی هەڵسەنگاندنەکەو ڕادەی گشتگیر دەگۆڕێت.(قادر،٢٠١٦، ل١٥).

٢- دەستنیشانکردنی ئامرازەکانی هەڵسەنگاندن و بڕیارەکان و بنیادنانی: ئامرازەکانی هەڵسەنگاندنی پڕۆگرامەکە بەپێی ئامانجەکانی هەڵسەنگاندنەکەی دیاری دەکرێت، بەم شێوەیەش لە کاتی هەڵسەنگاندنی گشتگیردا چەندین ئامرازی هەڵسەنگاندنی لە خۆ گرتووە، ڕەنگە چەند ژمارەیەکی لێ بەکارهێنرابێت کە لەگەڵ بواری ئەوانەی ویستراوە

هەڵبسەنگێنرێت گونجاوبێت، ئەگەر هاتوو ئەم بوارە لەگەڵ تێڕوانینی قوتابییەکاندا پەیوەندیداربوو ڕووبەڕووی نموونەیەك لە پێکهاتەکانی پرۆگرامەکە کرایەوە، ئەوە ئامرازی گونجاو لەم بارەدا بۆ هەڵسەنگاندنەکە ئەوە پێوەری تێڕوانینەکان گونجاوە، خۆ ئەگەر بوارەکە پەیوەستبوو بە هەڵسەنگاندنی کاریگەری پرۆگرامەکەوە، ئەوا تاقیکردنەوەی فێربوون بە هەموو شێوە جیاوازەکانییەوە بە باشترین ئامراز دادەنرێت، دیاریکردنی ئامرازی گونجاوی هەڵسەنگاندن بۆ ئەنجامەکانی هەڵسەنگاندن وا بە باش دادەنرێت کە پسپۆڕانی و شارەزاییان بە شێوەیەکی سەرەتایی ئەو کەرەستانە دروست بکەن، ئینجا لە میانەی زانینی ڕادەیی ڕاستگۆیی و جێگیر بکرێت بە بنیات تا بزانرێت ئاخۆ لەگەڵ بواری داواکراو لە هەڵسەنگاندنەکە تا چ ڕادەیەك گونجاوە.(قادر،٢٠١٨، ل١٤).

٣- بەکارهێنانی ئامرازەکانی هەڵسەنگاندنەکە: لەم قۆناغەدا توانای مرۆڤ ئامادە دەکرێت کە سەرپەرشتی جێبەجێکردنی ئامرازەکانی لێکۆڵینەوەکە لە ئەستۆ دەگرێت ئەوەش لە میانەی کردنەوەی خولی مەشق و ڕاهێنان کە ئامانجەکانی هەڵسەنگاندن و ئامرازە بەکارهاتووەکان لە خۆ دەگرێت، ئەمەش پەیوەستە بە شێوازی جێبەجێکردنی ئەم ئامرازە و مەرجە گونجاوانە کە دەبێتە یارمەتیدەر بۆ سەرکەوتنی کاری جێبەجێکردنەکە، دوای ئامادەکردنی توانا مرۆڤییەکە جێبەجێکردنی ئامرازی هەڵسەنگاندن دەستپێدەکات، هاوکات بە سووربوونێکی تەواوە پێویستە هەڵسەنگێنەر تا ئەو پەڕی خاوەنی هەستی زانستی بێت و هەست بە بەرپرسیاریەتی بکات.

٤- چارەسەرکردن و لێکدانەوەی ئەنجامەکانی هەڵسەنگاندنەکە: دوای تەواوبوونی کاری جێبەجێکردنی ئامرازەکانی هەڵسەنگاندن قۆناغێکی نوێ دەست پێدەکات، ئیدی ئەنجامەکانی هەڵسەنگاندنەکە کۆدەکرێتەوەو بە سەرپەرشتی پسپۆڕانی پەروەردە و کەسانی ئەکادیمی و خاوەنی شارەزایی مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت بەجۆرێ شیدەکرێتەوە بە شێوازی داتای گونجاو چارەسەر دەکرێت، هاوکات بە هاوکاری تەکنەلۆژیای زانیاری بوارەکە تا بگاتە کۆمەڵە ئەنجامێکی بێ غەل وغەش و وردەکار، پاشان ئەو ئەنجامانە پێشانی لیژنەیەکی پسپۆڕ

دەدرێت تا لە ئەنجامەکان بکۆڵێتەوە بەجۆرێ ئاماژەکانی لە لای خاوەن بڕیار ڕوون بن.(ئەلزغول،٢٠١٩، ل٣١٤)

٥- بڕیاردان: خاوەنی بڕیار بە ئەنجامەکانی هەڵسەنگاندنەکەو ئاماژەکانیدا دەچێتەو، ئینجا دەربارەی پڕۆگرامەکە بڕیاری گونجاوی خۆی دەدات لە ڕووی کارکردن بۆ گەشەپێدانی سەرتاسەری یان بەشێکی یان هێشتنەوەی وەك خۆی، چونکە کاری هەڵسەنگاندنی پڕۆگرام بە قۆناغێکی بنچینەیی دادەنرێت و ناکرێت لە کاتی پلانی گەشەکردنی پڕۆگرامدا دەستبەرداری بین، هەروەها ئەوە بۆ خۆی ئامانج نییە، بەڵکو ڕێگایەکە بۆ گەشەپێدان. (کیلبین، مایلمان، ٢٠١٥ ، ص١١٥)

## ١٢- پەیوەندی نێوان هەڵسەنگاندن و پەرتووکی قوتابخانە:

هەڵسەنگاندن لەم ساڵانەی دواییدا لە زۆر ڕووی فێرکردنەوە بایەخیکی گەورەی پێدراوە، چونکە بە یەکێك لە توخمەکانی پەرتووك دادەنرێت، لە بەر ئەوەی پەرتووك بۆ خۆی سیستەمێکە وە هەڵسەنگاندنیش ڕاستکردنەوەو نرخ پێدانە و دیاریکردنی شوێنی بەهێزو لاوازییە. (الناطور، ٢٠١١، ص٢٤٦).

پێویستە ئەوەی لە ناوەڕۆکی پەرتووکەکەدا هاتووە تا چ ڕادەیەك مەبەستی پێکاوە واتا قوتابی چەندی لێ فێربووەو چی لێ فێرنەبووە، ئەمەش وا دەگەیەنێت کە هاوسەنگی و ڕێکەوتنێك لە نێوان چەمکی پەرتووکی قوتابخانەو چەمکی هەڵسەنگاندندا هەیە، پەیوەندی هەڵسەنگاندن بە توخمەکانی پەرتووکی قوتابخانەوە پەیوەندییەکە بازنەییە، بەم شێوەیەش هەڵسەنگاندن کاردەکاتە سەر توخمەکانی پەرتووکەکەو بڕی ئامانجی بەدیهاتوو تۆمار دەکات.(ڕەسول،٢٠١٤، ل٢١٩-٢٢٠).

واتا ئەو گۆڕانەی کە بە سەر ڕەفتاری قوتابییاندا هاتووە، چونکە لەو هۆکارانە دەکۆڵێتەوە کە دەبنە هۆی ئاسان کردنی گەیشتن بە ئامانجەکان یان یەکخستنیان.(مرعي ،والحیلة،٢٠٠٠، ص١٣١-١٣٢).

## سێیەم: چێژی ئەدەبی:

### ١-چەمکی چێژی ئەدەبی:

بۆچوونەکان سەبارەت بەچێژ جیاوازن، ئەمەش بەگوێرەی قوتابخانە هونەرییەکان لە دیدگا و تێگەیشتنیان لە سروشتی داهێنانی ئەدەبیدا، لە بەر ئەوە سروشتی چێژ وەرگرتن ناکەوێتە ژێر ڕکێفی دیاریکراو و پێناسەکان لە یەکتر دەچن و سێ لایەن دەگرێتەوە، کە بریتیین لە (لایەنی زانستی و لایەنی ویژدانی و لایەنی لێهاتوویی).

بەڵام چێژی ئەدەبی هەستکردنە بەجوانی هەر شتێك کە جوان بێت، هەروەها هەستکردنە بە ناشیرینی هەر شتێك کە ناشیرین بێت. چێژی ئەدەبی ڕادەی جیاجیای هەیە و جیاوازی چێژی کردوو لە ڕووی سروشت و هەستی هونەرییەوەو ڕادەی ڕۆشنبیرییە ئەدەبییەکەی و هونەرییەکەی، چێژکردن هەستێکی هونەرییە و بەرەو خەملاندنی شیعر و ڕادەی باشی و خراپی دەبات لە نێوان دەقەکانیدا و لێرەوە هەست بەجوانی کارەکە دەکرێ و ئەمەش لە میانەی مەشقکردن بە شێوازە ئەدەبییەکان و ئاگاداری زۆرەوە بەهرەکەی و هەستەکەی دەخەملێت. (مدكور، ٢٠١٠، ص٢٠٩).

### ٢-سەرچاوەکانی دروستبوونی چێژی ئەدەبی:

چێژی ئەدەبی سەرچاوەی هەمە جۆری هەیە دیارترینیان ئەمانەی خوارەوەن:

١- قورئانی پیرۆز کە بە لوتکەی زمان پاراوی و ڕەوانبێژی دادەنرێت.

٢- فەرموودەکانی پێغەمبەرمان درودی خودای لەسەر بێت.

٣- هەست ناسکی و بەهرەی خۆڕسك.

٤- عەقڵی هاوسەنگ کە لێرەدا مەبەستمان ئەو عەقڵەیە کەبڕیار لەسەر گونجاوی و مەبەست و ڕێکخستن و هاوەبەشییە لە نێوان هۆ و ئەنجام و شیوازو مەبەست.

٥- تێکەڵبوون لەگەڵ خەڵکی دەستەبژێری ئەدەبییان و خوێندنەوەی شاکارەکانی جیهان بە تایبەتی هی گەورە هونەرمەندان، هەروەها ئاگاداربوون لە ڕەوتی جیاوازی ڕەخنەگران و چێژو پڕاکتیکەکانیان.

٦- پەرۆشی هونەری کە باش و خراپ لە یەکتر جیادەکاتەوە.

٧- سۆز کە هەستێکی ڕاستەقینەیەو ڕاستەوخۆ لە ڕێگەی هەستەوە کاردەکاتە سەر دەروون. (الكسواني، ٢٠١٠، ص٢٩).

## ٣-قۆناغەکانی چێژی ئەدەبی:

چێژی ئەدەبی بەم قۆناغانەدا تێدەپەڕێت:

١- هەڵوەستەکردن و بە ئاگایی: دەربارەی بابەتی جوانی یان بەرکەوتن لەگەڵ جوانی دەقی ئەدەبیدا.

٢- گۆشەگیری و تەنهایی: مەبەست لەوەیە کە بابەتەکە کار لەوەرگر بکات و لە دنیای دەوروبەری داببڕێت.

٣- هەڵوێستی ڕوون بینی: لێرەدا مەبەست لەو بابەتەیە کە لە بەردەست وەرگردایەو کاری سەلماندن و ڕێنوێنی عەقڵ ڕادەگرێت و وای لێدەکات ڕووبەڕووی شتی کتوپڕ ببێتەوە، ئیدی یان تێکەڵی بابەتەکە دەبێت یان لێ دوور دەکەوێتەوە.

٤- سروشتی سۆزداری: ئەم بابەتە هونەرییە هەست و هەڵچوون لە لای وەرگر دەورووژێنێت، ئەمەش وا دەگەیەنێت کە بابەتی ستاتیکا تەنها هەڵوێستێکی عەقڵی نییە، بەڵکو هەڵوێستێکی ویژدانییەو لێوە ڕێژە لە سۆزو هەڵچوون دەورووژێنێت.

٥- بیرهاتنەوە: یادەوەری ڕابردوو دەورووژێنێت و کار لە دیمەنی ئێستاو ڕابردوو دەکات، کە ڕەنگە لەگەڵ دیمەنی ئێستادا بگونجێت، بەم شێوەیەش دەبێتە مایەی بەهێزکردنی هەست لە چێژی کارە هونەرییەکەی ئێستا.

٦- یەکگرتنی ویژدانی: وەرگر تێیدا خۆی لە جێگەی بابەتە هونەرییەکە دادەنێت و هاوبەشییەکی سۆزداری و ویژدانی دێتەدی، یان لەگەڵ ناخی خۆیدا قسە دەکات، بەم شێوەیەش وا لە وەرگر دەکات، کە هەست بە خەم و خولیای خاوەنی کارە هونەرییەکە بکات و لەگەڵ هەستەکانیان تێکەڵ بێت. (الدلیمي، ٢٠٠٩، ص٢٠٢).

## ٤- ئەو هۆکارانەی کار لە چێژ دەکەن:

چەند هۆکارێك هەن کە دەکرێ لە باڵایی چێژی ئەدەبیدا بەشدار بن یان لاوازی بکەن،

١- ژینگە: مەبەست لە ژینگە ئەو خاسیەتە سروشتی و کۆمەڵایەتییانەیە کە لە شوێنێکدا هەن و کاریگەری باشیان بۆ دەوروبەری خۆیان هەیە.

٢- پەروەردە: ئەمەش باسی کاریگەری خێزان و پێگەیاندنی تایبەت و فێرکردن دەکات.

٣- ڕۆژگار: لێرەدا مەبەست لەو هۆکارە داهێنراوانەیە کە لە کاتێکی دیاریکراودا لە نێو گەلێکدا هەن و هەبوون.

٤- ڕەگەزو ڕەچەڵەك: واتای ڕەگەز یان کۆمەڵە خەڵکێك لە یەك بنەچەوە ڕەچەڵەکن و لە یەك شوێن نیشتەجێ بوون و لە ژیانیاندا بۆ سەردەمێکی دوورو درێژ دەچێتە ژێرباری کۆمەڵێ هۆکار و داب و نەریت ڕەوشتی تایبەتیان تێیدا دروست بووە.

٥- چێژ:ئەمە گەورەترین ئاماژەیە لە چێژی ئەدەبیداو دراوەتە پاڵ ڕەخنەگرو یەکێکە لە ڕەگەزەکانی ژیانی عەقڵی و لە ڕووی ویژدانییەوە بەپێی کەسەکان دەگۆڕێت. (السلطاني، ٢٠١١، ص٧١).

## ٥- پێوەرەکانی شارەزایی چێژی ئەدەبی:

١- زانینی گرنگی وشە لە نامەکەدا.

٢- زانینی ئاماژەیی درکەکان و وشەکان لە ڕێگەیی بەکارهینانیەوە لە دەقەکەدا.

٣- توانای دەرهێنانی (شادێر) بیرۆکەی سەرەکی دەقەکە لە خۆ دەگریت.

٤- توانایی دیاریکردنی ئەو دێرانەیی کە لە دێڕێکی دەقێکی دیکەوە نزیکن.

٥- تێگەیشتنی واتا لە خۆگرتووەکان و بیرۆکەی قووڵییان.

٦- هەستکردن بە ڕادەیی گونجان لە نێوان بیرۆکەو داڕشتن لە دەقەکەدا.

٧- دیاریکردنی ئەو کەشە دەروونیەی کە بەسەر دەقەکەدا زاڵە.

٨- دیاریکردنی پێکهاتەی وێنەیی شیعری لە دەقەکەدا.

٩- دیاریکردنی بڕی گونجاو لە نێوان وشەکان و کەشی دەروونی کە لە دەقەکەدا هەیە.

١٠- لە بەر ڕۆشنایی بیرۆکەکان یان ئەو سۆزەی کە لە دەقەکەدا هەیە ناونیشانێکی گونجاو بۆ دەقەکە هەڵدەبژێردرێت.

١١- توانای دەرهێنانی ئەو خەسیەتانەی کە شاعیر باسی خۆی دەکات یان وەسفی خەڵکانی دیکە دەکات.

١٢- هەستکردن و زانینی پەیوەندی نێوان هەندێ لە درکەکان و واتاکانیان لە دەقەکەدا.

١٣- هەستکردن بە مۆسیقای ناوەکی و دەرەکی لە جوانی دەقەکەدا.

١٤- توانای دەرهێنانی وێنەی جوانی لە دەقەکەدا.

١٥- دیاریکردن جۆری خەیاڵکردن و ڕادەیی گونجانی لەگەڵ مەبەستی نامەکەدا.

١٦- دیاریکردنی باشترین ئەو دێڕانەی کە لە دەقی ئەدەبیدا هەن.

١٧- دیاریکردنی ئەو سۆزەی کە بەسەر دەقە ئەدەبیەکەدا زاڵە.

١٨- دیاریکردنی نزیکترین ئەو دێڕانەی کە هەستی شاعیر دەردەبڕن.

١٩- زانینی توانایی ئەو وشەیەی کە سروشت بە واتا دەبەخشێت.

٢٠- زانینی ئەو خاسیەتە ئاماژەیی و جوانیەی کە لە تێکڕایی دەقە ئەدەبیەکەدا هەیە.

٢١-زانینی توانای وشەکان و ئاماژەکانیان و ئەو ڕەگەزانەی کە داهێنان و جوانی تێدایە.

٢٢- زانینی گرنگی پێکهاتەی مۆسیقا لە جوانی دەقی ئەدەبیدا. (الكسواني، ٢٠١٠، ص١٠٣-١٠٤).

## ٦- پەیوەندی نێوان چێژ و ئەدەب:

پەیوەندییەکی پتەو لە نێوان چێژی خۆڕسك و ئەدەبدا هەیە، ئەدەب بۆ خۆی زەمینەیەکی بە پیتە بۆ گەشەکردنی هەستکردن بە جوانی لە لای وەرگرو دەبێتە هۆی فراوانکردنی خەیاڵی تا شوێنگەلێ مەلە بکات کە پێشتر وەرگر مەلەی تێدا نەکردووە، لێرەوە بەرەو ئاسمانێکی بەرین لە هەستی مرۆڤانەو ئەزموونی خوودی و گشتی لە شەقەی باڵ دەدات، ئەمەش شارەزایی بۆ پێدا دەکات و بیرکردنەوەی قووڵ دەکات و وشەو درکەکانی دەوڵەمەند دەکات و یارمەتی دەدات کە لە دەقە ئەدەبییەکان تێبگات و چێژ لە نهێنییەکانی جوانییەکەی وەربگرێت، ڕەنگە هەڵبژاردنی زمانناسان لە وشەی چێژو چەشەی کە هەڵگری واتای نەرمونیانی و ڕەفتاری گونجاو و بەوێڵ کە دەروون پێی ئاسوودە دەبێت، بۆ ئەوە بگەڕێتەوە. (البجة، ١٩٩٩، ص١١٠).

لێکۆڵەر پێی وایە کە دەبێت بایەخ بەهەڵبژاردنی جۆری ئەو ئەدەبە بدرێ کە پێشکەشی قوتابی دەکرێ کە مەرجەکانی چێژی ئەدەبییان تێدایە، ئەو چەمك و بەهاو ڕەوت و ئاکارانەی تێیدا بێت کە ویژدانی قوتابییان هاوسەنگ و سەنگین بکات و ڕەفتاریان بەرەو باشی بگۆڕێت و هەست و چێژی ئەدەبییان لە لا دروست بکات.

## تەوەری دووەم : لێکۆڵینەوەکانی پێشوو:

لێکۆڵەر لێرەدا پشتی بە چەند لێکۆڵینەوەیەکی وەسفی بەستووە کە هەر یەکێکیان ئاماژە بە فۆڕمێکی ڕاپرسی دەکات، وەکو پێویستییەکی گرنگ بۆ ئەم لێکۆڵینەوەیە سوودی لێیان وەرگرتووە.

### یەکەم: لیکۆڵینەوە عەرەبییەکان:

#### ١- لێکۆڵینەوەکەی (السید-٢٠٠٥) :

**"هەڵسەنگاندنی ناوەڕۆکی ئەو دەقە ئەدەبییانەی کە بۆ قوتابییانی قۆناغی ئامادەیی ئەزهەر لە بەر ڕۆشنایی پێوەرەکانی داهێنان"**

ئەم لێکۆڵینەوەیە لە قاهیرە/ میسر ئەنجامدراوە،ئامانجی لێکۆڵینەوەکە: هەڵسەنگاندنی ناوەڕۆکی ئەو دەقە ئەدەبییانەی کە بۆ قوتابییانی قۆناغی ئامادەیی ئەزهەر لە بەر ڕۆشنایی پێوەرەکانی داهێنان کراوەو پێشنیاری ئەوەش کراوە تا ناوەڕۆکی دەقە ئەدەبییەکان بە پێی پێوەری داهێنان بکرێت، میتۆدی لێکۆڵینەوەکە: بریتییە لە پەیڕەوێکی وەسفی شیکاری (شیکردنەوەی ناوەڕۆك)، کۆمەڵگەیی لێکۆڵینەوەکە و نموونەکەی: ئەو دەقە ئەدەبییانەی کە قوتابییانی قۆناغی ئامادەیی دەیخوێنن، ئامرازی لێکۆڵینەوەکە: ڕوونکردنەوەی (لیستی پێوەرەکانی داهێنانی ئەدەبی)، هۆیەکانی ئاماری: هاوکێشەی بەیەکەوەبەستنی بیرسۆن وڕێژەی سەدی، ئەنجامەکانی لێکۆڵینەوەکە:

١-دەقە ئەدەبییەکان لە دیدی پێوەرەکانی داهێنان تایبەت بە ڕاڤەکردنی دەق و چارەسەرکردنی لاوازە.

٢- دەقە ئەدەبییەکان نەرموونیانی و هەمەجۆریان تێدا نییەو گەشە بە داهێنانی قوتابییان نادات. (السید، ٢٠٠٥، ص٥-١٤٢).

**٢- لێکۆڵینەوەکەی (الاستاذ-٢٠٠٦) :**

**"شیکردنەوەی پەرتووکی دەق و خوێندنەوە بۆ پۆلی نۆیەمی بنەڕەتی لە بەر ڕۆشنایی پێوەرەکانی ئەدەبی ئیسلامی".**

لێکۆڵینەوەکە لە غەزە/ فەڵەستین کراوە،ئامانجی لێکۆڵینەوەکە: شیکردنەوەی پەرتووکی دەق و خوێندنەوە بۆ پۆلی نۆیەمی بنەڕەتی لە بەر ڕۆشنایی پێوەرەکانی ئەدەبی ئیسلامی و دیاریکردنی ئەو پێوەرە ئەدەبییانەی کە دەیەوێت لە ناوەڕۆکی پەرتووکی دەقەکان و خوێندنەوەدا هەبن بۆ پۆلی نۆیەمی بنەڕەتی کە تا چ ڕادەیەك ئەم پێوەرانەی تێیدا ڕەچاو کراوە، میتۆدی لێکۆڵینەوەکە: میتۆدێکی وەسفی شیکارییە، کۆمەڵگەیی لێکۆڵینەوەکە و نموونەکەی:دەقە ئەدەبییەکان لە پەرتووکی دەق و خوێندنەوەدا بۆ پۆلی نۆیەمی بنەڕەتی.

ئامرازەکانی لێکۆڵینەوەکە:

یەکەم/ ڕوونکردنەوەی (لیستێك لە پێوەری ئەدەبی بەپێی دەستووری ئیسلام).

دووەم/ ئامرازیی شیکردنەوەی ناوەڕۆك لە شیکردنەوەی پەرتووك و دەق و خوێندنەوە بۆ پۆلی دەیەمی بنەڕەتی بەکارهاتووە بە پێی پێوەری ئەدەبی ئیسلامی.

هۆیەکانی ئاماری :هاوکێشەی بەیەکەوەبەستنی بیرسۆن و ڕێژەیی سەدی و کێشی سەدی.

ئەنجامەکانی لێکۆڵینەوەکە:

١- تەوەری جوانی و زمان بە ڕادەی یەکەم هاتووە، چونکە ڕێژەیی سەدییەکەیی گەیشتۆتە (٧٠,٤%).

٢- تەوەری هەڵسەنگاندنەکەی بە ڕادەی دووەم هاتووەوە، چونکە ڕێژەیی سەدییەکەیی گەیشتۆتە (١٢,٨%).

٣- تەوەرەی بیروباوەڕ بە ڕادەی سێیەم هاتووە، چونکە ڕێژەیی سەدییەکەیی گەیشتۆتە (٨,٨%).

٤- تەوەری کۆمەڵایەتی بە ڕادەی چوارەم هاتووە، چونکە ڕێژەیی سەدییەکەیی گەیشتۆتە (٨,١%). (الاستاذ، ٢٠٠٦، ص٤-١٦٩).

**٣- لێکۆڵینەوەکەی العمري (٢٠٠٧) :**

**"هەڵسەنگاندنی دەقە ئەدەبییەکان کە قوتابییانی قۆناغی ئامادەیی دەیخوێنن لە بەر ڕۆشنایی هەندێ لە بەها عەرەبییەکان".**

لێکۆڵینەوەکە لە قاهیرە/میسر ئەنجام دراوە.

ئامانجی لێکۆڵینەوەکە: هەڵسەنگاندنی دەقە ئەدەبییەکان کە قوتابییانی قۆناغی ئامادەیی دەیخوێنن کە لە بەر ڕۆشنایی هەندێ لە بەها عەرەبییەکان بەپێی لە بەرچاوگرتنی بۆچوونی بڕیاردەری ئەدەب و دەقەکان لە قۆناغی ئامادەییدا ئەم بەهایانە ڕەچاو کراوە،

میتۆدی لێکۆڵینەوەکە: وەسفی شیکارییە، کۆمەڵگەیی لێکۆڵینەوەکەو نموونەکەی: دەقێکی ئەدەبی قوتابییانی قۆناغی ئامادەیی دەیخوێنن.

- ئامرازی لێکۆڵینەوەکە: ڕوونکردنەوەی (لیستێك لە بەهای عەرەبی) کە لە (٤١) بەها پێکدێت و بە سەر چوار تەوەرەدا دابەشکراوەو بریتییە لە بەهای بڕواداری و لە (٦) بەها پێکهاتووە، هەروەها بەها مرۆڤایەتی لە (١٤) بەها پێکهاتووە، هەروەها بەهای کۆمەڵایەتی کە لە (١٧) بەها پێکهاتوو، هەروەها بەهای گەردوونی کە لە (٤) بەها پێکهاتوو.

هۆیەکانی ئاماری : هاوکێشەی بەیەکەوەبەستنی بیرسۆن و ڕێژەیی سەدی و کێشی سەدی.

ئەنجامەکانی لێکۆڵینەوەکە:

١- زۆربەی بەهاکان کە لە ئامرازی لێکۆڵینەوەکەدا هەن بەڵام بە ڕادەی جیاواز لە ناوەڕۆك و دەقە ئەدەبیەکانی قۆناغی ئامادەییدا.
٢- دانانی پێشنیارێکی پێشبینیکراو لە ناوەڕۆکی دەقە ئەدەبییەکانی قۆناغی ئامادەییدا لە بەر ڕۆشنایی بەها عەرەبییە ئیسلامییەکان. (العمري، ٢٠٠٧، ص ح-د).

**٤- لێکۆڵینەوەی المهني (٢٠٠٧) :**

**"هەڵسەنگاندنی دەقە ئەدەبییەکان بۆ زنجیرەی دووەمی فێرکردنی بنەڕەتی لە بەر ڕۆشنایی چێژی ئەدەبی".**

لێکۆڵینەوەکە لە قاهیرە/میسر ئەنجامدراوە.

ئامانجی لێکۆڵینەوەکە: هەڵسەنگاندنی دەقە ئەدەبییەکان بۆ زنجیرەی دووەمی فێرکردنی بنەڕەتی لە بەر ڕۆشنایی چێژی ئەدەبی، میتۆدی لێکۆڵینەوەکە: میتۆدێکی وەسفی شیکارییە، کۆمەڵگەیی لێکۆڵینەوەکە و نموونەکانی: ئەودەقە ئەدەبیانەی بۆ قوتابییانی ئەڵقەی دووەمی فێرکردنی ئیسلامی دانراون، ئامرازی لێکۆڵینەوەکە: ڕوونکردنەوەی (لیستێك لە پێوەری چێژی ئەدەبی)، هۆیەکانی ئاماری : هاوکێشەی بەیەکەوەبەستنی بیرسۆن و ڕێژەیی سەدی و کێشی سەدی، ئەنجامەکانی لێکۆڵینەوەکە:

١- پێوەرەکانی چێژی ئەدەبی بە ڕادەیەکی زۆر بەرز تێدا بەکارهاتووە، زۆرترین پێوەری بەکارهاتوو ئەو پێوەرانەن کە پەیوەندییان بە ئەزموونی بیرکردنەوەوە هەیە.

٢- دەقە ئەدەبییەکان پێویستییەکانی زانیاری و دەروونی قوتابییان تێر ناکەن، لەوانە ئارەزووی بابەتی سۆزداری و ئاینی و پێویستی سەلماندنی خوود.(المهني، ٢٠٠٧،ص ك-م).

**٥- لێکۆڵینەوەکەی (حسين ٢٠١٤) :**

**"هەڵسەنگاندنی پەرتووکی ئەدەب و دەقەکان بۆ قۆناغی ئامادەیی (لقی ئەدەبی) بەپێی پێوەرەکانی چێژی ئەدەبی"**

لێکۆڵینەوەکە لە بەغداد/ عێراق ئەنجامدراوە.

ئامانجی لێکۆڵینەوەکە: هەڵسەنگاندنی پەرتووکی ئەدەب و دەقەکان بۆ قۆناغی ئامادەیی (لقی ئەدەبی) بەپێی پێوەرەکانی چێژی ئەدەبی، میتۆدی لێکۆڵینەوەکە: میتۆدێکی وەسفی شیکارییە، کۆمەڵگەیی لێکۆڵینەوەکەو نموونەکەی: دەقە ئەدەبییەکان لە پەرتووکی ئەدەب و دەقەکانی قۆناغی ئامادەیی (لقی ئەدەبی)، کۆمەڵگەیی لێکۆڵینەوەکە و نموونەکانی: (٢٤)

دەقی ئەدەبی لە خۆ دەگرێت کە بۆ پۆلی چوارەمی وێژەیی دانراوە، (٢٤) دەقی ئەدەبی بۆ پەرتووکی پۆلی پێنجەمی وێژەیی دانراوە، بۆ پۆلی شەشەمی وێژەیی (٢٦) دەقی ئەدەبی دانراوە، ئامرازەکانی لێکۆڵینەوەکە: ڕوونکردنەوە (لیستێك لە پێوەرەکانی چێژی ئەدەبی) ، هۆیەکانی ئاماری: هاوکێشەی بەیەکەوەبەستنی بیرسۆن و کێشی سەدی و ڕێژەی سەدی،ئەنجامەکانی لێکۆڵینەوەکە: پێوەرەکانی چێژی ئەدەبی لە دابەشکردندا جیاوازە بە سەر دەقە ئەدەبییەکاندا لە پەرتووکەکانی ئەدەب و دەقەکانی قۆناغی ئامادەیی/ بەشی وێژەیی کە لە خۆیان دەگرن. (حسین،٢٠١٤، ص٢-١٤٢)

## دووەم: هاوسەنگی لێکۆڵینەوەکانی پێشوو:

لێکۆڵەرەکە هەڵسا بە هاوکێشەی نێوان لێکۆڵینەوەکانی پێشوو بۆ دەرخستنی لایەنە لێکچووەکان و جیاوازەکانی نێوانیان کە ئەمانەن:

١- قۆناغەکانی فێربوون: زۆربەی لێکۆڵینەوەکانی پێشوو باسی قۆناغەکانی خوێندن دەکەن هەر لە سیستەمی فێربوونی گشتی قۆناغەکانی بنەڕەتی و ئامادەیی، هەندێکی جەخت لە سەر قۆناغە بنەڕەتیەکە دەکات وەك لێکۆڵینەوەکەی (الاستاذ، ٢٠٠٠) و (المهني، ٢٠٠٧)، و هەیانە گرنگی بە قۆناغەکانی ئامادەیی دەدات وەك لێکۆڵینەوەکانی (السید، ٢٠٠٥) و (العمري، ٢٠٠٧) و (حسین، ٢٠١٤).

٢- ئامانجی لێکۆڵینەوەکە: لێکۆڵینەوەکانی (السید، ٢٠٠٥) و (العمري، ٢٠٠٧) و (المهني، ٢٠٠٧) و (حسین، ٢٠١٤) ڕێکەوتوون لە سەر هەڵسەنگاندنی پەرتووك، بەڵام لە لێکۆڵینەوەکەی (الاستاذ، ٢٠٠٦) ڕێکەوتووە لە سەر شیکردنەوەی پەرتووك، وە جیاوازیان هەبوو لە پێوەرەکانی هەڵسەنگاندن کە پشتیان پێی بەستووە، لە لێکۆڵینەوەکەی (السید، ٢٠٠٥) هەڵسەنگاندن بە پێی پێوەری داهێنەر بوو، بەڵام لە لێکۆڵینەوەکەی (الاستاذ، ٢٠٠٦) هەڵسەنگاندنەکە لە بەر ڕۆشنایی پێوەری ئەدەبی ئیسلامی بوو، بەڵام لێکۆڵینەوەکەی (العمري، ٢٠٠٧) هەڵسەنگاندنەکە لە بەر ڕۆشنایی پێوەری بەهای عەرەبی بووە، بەڵام لێکۆڵینەوەکانی (المهني، ٢٠٠٧) و (حسین، ٢٠١٤) هەڵسەنگاندنەکە بە پێی پێوەرەکانی چێژی ئەدەبی بووە.

٣- نموونەی لێکۆڵینەوەکە: لێکۆڵینەوەکانی پێشوو پشتیان بەست بە پەرتووکی هەموو قۆناغە جیاوازەکان لە چەندین وڵاتی جیاجیادا.

٤- ئامرازە ئامارییەکان: هەموو لێکۆڵینەوەکان کە باسکرا ڕێژەی سەدییەکەیی بەکارهێنراوە و کێشی سەدییەکەیی هاوکێشەی بەیەکەوەبەستنی بیرسۆنە.

٥- ئەنجامەکان: جیاوازی لە ئەنجامی لێکۆڵینەوەکانی پێشوو هەیە بە پێی ئامانجی لێکۆڵینەوەکەو پێوەرەکانی هەڵسەنگاندن لە کۆی ئەنجامی لێکۆڵینەوەکان جیاوازی هەیە لە پەیدابوونی بڕێ پێوەری هەڵسەنگاندن لە پەرتووکی هەڵسەنگێنراو.

## سێیەم: ئاماژە و نیشانەی لێکۆڵینەوەی پێشوو:

دوای بینینی لێکۆڵینەوەکانی پێشوو لە لایەن لێکۆڵەرەوە پەیوەندی هەیە بە لێکۆڵینەوە پێشبینیکراوەکە کە چەند ئاماژەیەك هەیە لە چەند لایەنێکەوە:

١- لێکۆڵینەوەکە کە باسی پێوەرەکانی هەڵسەنگاندن دەکەن جەخت لە سەر ئەوە دەکەنەوە کە پێویستە پەرتووکی قوتابخانە پێوەری بەهرەیی تێدابێت، یان پێوەری ئەدەب یان پێوەری بەها یان پێوەری چێژی ئەدەبی هەریەکە هەژمار دەکرێت لە بواری هەڵسەنگاندنی لێکۆڵینەوەکە.

٢- هەڵسەنگاندن کرا بۆ پەرتووکی دەقی ئەدەبی بە پێی پێوەری جیاواز کە جەخت لە گرنگی پەرتووکی دەقی ئەدەبی دەکات پێویستە هەڵسەنگاندنی بۆ بکرێت بە پێی پێوەری جیاواز.

٣- پەیوەندی هەیە لە نێوان پێوەری داهێنەر یان ئەدەب، یان بەها، یان چێژی ئەدەبی و هەڵسەنگاندنی.

٨- لێکۆڵینەوە نەبووە کە باسی هەڵسەنگاندنی پەرتووکی زمان و ئەدەبی کوردی بکات بۆ پۆلی یازدەیەمی ئامادەیی بە پێسی پێوەری چێژی ئەدەبی لە هەرێمی کوردستانی عیراق.

٥- دیاریکردنی ئەو کەشە دەروونییەی کە بەسەر دەقەکەدا زاڵە.

٦- دیاریکردنی پێکهاتەی وێنەیی شیعری لە دەقەکەدا.

٧- دیاریکردنی بڕی گونجاو لە نێوان وشەکان و کەشی دەروونی کە لە دەقەکەدا هەیە.

**چوارەم: لایەنەکانی سوود وەرگرتن لە لێکۆڵینەوەکانی پێشوو:**

١- کۆکردنەوەو گرنگیدان بەو بابەتانەی کە پەیوەستە بەگۆڕانکارییەکانی ئێستای لێکۆڵینەوەکە.

٢- هەڵبژاردنی ئامرازە ئامارییەکان کە گونجاوە بۆ چارەسەرکردنی داتاکانی لێکۆڵینەوەکە بۆ دڵنیابوون لە وردی دەرئەنجامەکان.

٣-زیادبوونی سەرچاوەکان بۆ لێکۆڵینەوەکەی ئێستا پێویستن لە بەر ئەوەی زانیاری زیاترمان پێدەبەخشن.

٤- توانایی دیاریکردنی ئەو دێرانەیی کە لە دێڕێکی دەقێکی دیکەوە نزیکن.

٥- تێگەیشتنی واتا لە خۆگرتووەکان و بیرۆکەی قووڵبیان.

٦- هەستکردن بە ڕادەیی گونجان لە نێوان بیرۆکەو داڕشتن لە دەقەکەدا.

٧- لە بەر ڕۆشنایی بیرۆکەکان یان ئەو سۆزەی کە لە دەقەکەدا هەیە ناونیشانێکی گونجاو بۆ دەقەکە هەڵدەبژێردرێت.

# بەشی سێیەم

## میتۆدی لێکۆڵینەوەکە و ڕێکارەکانی

**یەکەم: کۆمەڵگەیی لێکۆڵینەوەکە نموونەکەی:**

**دووەم: ئامرازی لێکۆڵینەوەکە:**

**سێیەم: ڕاستگۆیی:**

**چوارەم: پڕاکتیزەکردنی ئامرازی لێکۆڵینەوەکە:**

**پێنجەم: جێگیرکردنی لێکۆڵینەوەکە:**

**شەشەم: هۆیەکانی ئاماری:**

# بەشی سێیەم

## - میتۆدی لێکۆڵینەوەکە:

لێکۆڵەر شێوازی وەسفی شیکاری بۆ شیکردنەوەی ناوەڕۆکی پەرتووکی زمان و ئەدەبی کوردی  بۆ پۆلی یازدەهەمی ئامادەیی (بەشی ئەدەب) بە پێی پێوانەی پێوەرەکانی چێژی ئەدەبی بەکارهێناوە، چونکە شێوازێکە بۆ شیکردنەوەی ناوەڕۆك و لە ڕێگاکانی ڕووماڵ کردن بە پێی هەنگاوەکانی لێکۆڵینەوەی وەسفی. (عليان، وغنيم، ٢٠٠٠، ص٤٢).

مەبەست لە میتۆدی وەسفی شیکاری (بۆ شیکردنەوەی ناوەڕۆك) زانینی خاسیەتەکانی ئامرازی گەیاندن یان پەرتووکی قوتابخانەکان و باسکردنی خەسڵەتەکانێتی بە شێوەی چەندێتی لە مەشدا لە پاڵ بەدەستهێنانی ئامانجەکان هێمای چەندێتی بەکاردەهێنێت. (الهاشمي، وعطية، ٢٠٠٩، ص١٧٥).

## ڕێکارەکانی لێکۆڵینەوەکە:

**یەکەم: کۆمەڵگەیی لێکۆڵینەوەکە و نموونەکەی:**

مەبەست لە کۆمەڵگەیی لێکۆڵینەوەکە  بریتییە لە کۆمەڵێ وشە و زاراوە یان چەند ڕەگەزێك کە لە دیاردەیەکی دیاری کراو بەشدار دەبن کە مەبەستی لێکۆڵینەوەیان لە سەر بکەین. (الجادري، ويعقوب، ٢٠٠٩ ، ص٩٢). بەڵام نموونەکە بەشێکە لەو کۆمەڵگەیەی کە لێکۆڵینەوەی لە سەر دەکرێ و لێکۆڵەر هەڵیدەبژێرێت و لێکۆڵینەوەکەی لە سەر بنچینەیەکی تایبەت ئەنجام دەدات تا بە دروستی نوێنەرایەتی کۆمەڵگەکە بکات، بەجۆرێ بتوانرێت ئامانجەکانی بەدەست هاتوو لەگەڵ کۆمەڵگەیی لیکۆڵینەوەکەدا بگونجێت. (داود، ١٩٩٠، ص٦٧) لە بەر ئەوەی کرۆکی ڵێکۆڵینەوەکە لە پەرتووکی زمان و ئەدەبی کوردی پۆلی یازدەهەمی ئامادەیی بە هەردوو لقی زانستی و ئەدەبی (بەشی ئەدەب) وەرگیراوە و لە قوتابخانەکانی هەرێمی کوردستانی عێراق بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠٢٠-٢٠٢١) وەرگیێراوە، کە لە لایەن لیژنەیەك لە بەڕێوەبەرایەتی پڕۆگرامە گشتییەکانەوەکە سەر بە وەزارەتی پەروەردەی هەرێمی کوردستانی عێراق چاپی (سیازدەهەم) بۆ ساڵی (٢٠١٨-٢٠١٩)

دانراوە، بۆیە کۆمەڵگای لێکۆڵینەوەکە هەمان نموونەیە، بۆیە لێکۆڵینەوەکە دەکەوێتە سایەی هەموو زاراوەکانی کۆمەڵەکەوە بە پێی پێوەری چێژی ئەدەبی لە ڕووی لێکۆڵینەوە و شیکردنەوەوە، ژمارەی لاپەڕەکانی پەرتووکی زمان و ئەدەبی کوردی بۆ پۆلی یازدەهەمی ئامادەیی / بەشی زانستی و وێژەیی (بەشی ئەدەب)، پەرتووکەکە لە بەشی ڕێزمان و ئەدەب پێکهاتووە، لەلاپەڕە(٣) تاوەکو لاپەڕ(٩٨) بەشی ڕێزمانە، لە لاپەڕە(٩٩) بەشی ئەدەب دەستپێدەکات تاوەکو (٢٣٨)،واتا (١٣٩) لاپەڕەیە، بەڵام نموونەکانی دەقی ئەدەب لە لاپەڕە(١٠٩)وە دەستپێدەکات بە لاپەڕە (٢٣٨) کۆتایی دێت. خشتەی ژمارە (١) ئەوە ڕوون دەکاتەوە.

خشتەی ژمارە (١)

ژمارەی لاپەڕەو بابەتەکانی زمان و ئەدەبی کوردی بۆ پۆلی یازدەهەمی ئامادەیی (بەشی ئەدەب) بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠٢٠-٢٠٢١) زایینی:

| ژ | دەقی ئەدەبی | خاوەنی دەق | لاپەڕەکانی | ژمارەی دێر |
|---|---|---|---|---|
| ١ | پایز | گۆران | ١٠٩-١١٣ | ٢ کۆپلە |
| ٢ | ئیمشەو | مەولەوی | ١١٥-١١٨ | ٧ دێر |
| ٣ | سەرمەستی ئەوین | جگەرخوێن | ١١٢-١٢٧ | ١٢دێر |
| ٤ | حوببا شڤان | جاسمێ جەلیل | ١٣٨-١٤٤ | ٨ کۆپلە |
| ٥ | پەخشانی سەروادار | عەلائەدین سەجادی | ١٤٩-١٥٠ | ٣ڕیز |
| ٦ | پەخشانی ڕەوان | شاکر فەتاح | ١٥٠-١٥١ | ٥ڕیز |
| ٧ | پەخشانی زانستی | مەحموود نوری قەرەداغی | ١٥١-١٥٢ | ٦ڕیز |
| ٨ | هذا كتاب صرف لسان كردي | عەلی تەرماخی | ١٥٣-١٥٤ | ٩ڕیز |
| ٩ | عقیدة کوردیة | مەولانا خالید | ١٥٤-١٥٥ | ٧ڕیز |
| ١٠ | مەم وزین | مەلا مەحموودی | ١٥٦ | ٩ڕیز |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| | | بایەزید | | |
| ١١ | نموونەیەك لە مەولود نامە | شێخ حوسێنی قازی | ١٥٨-١٥٧ | ١٤ڕیز |
| ١٢ | نموونەیەك لە پەخشانی ڕۆژنامەی کوردستان | میقداد مەدحەت بەدرخان | ١٥٩-١٥٨ | ٨ڕیز |
| ١٣ | شەویش | فوئادی تەمۆ | ١٦٨-١٦٥ | ٤ڕیز |
| ١٤ | مەمی ئالان | عەبدە ڕەحیمی ڕەحمی هەکاری | ١٧٠-١٦٨ | ٦ڕیز |
| ١٥ | بۆ چرووك | زەکی سائیب | ١٧٢-١٧١ | ٨ڕیز |
| ١٦ | دەوری ئیستعمار | حسین حوزنی موکریانی | ١٧٣ | ٨ڕیز |
| ١٧ | -هۆنراوەی دڵداری و خۆشەویستی<br>-هۆنراوەی وەسفی دیمەنی سروشت<br>-پەندی پێشینان<br>-هۆنراوەی هەورامی<br>-هۆنراوەی خۆشەویستی | سەیید یاقوبی ماهیدەشتی | ١٨٢-١٧٥ | ٣دێڕ<br>٤دێڕ<br>١دێڕ<br>٣دێڕ<br>٤دێڕ |
| ١٨ | ژ هۆزانێن عەلی حەریری | عەلی حەریری | ١٩٠-١٨٣ | ٩دێڕ |
| ١٩ | -هۆنراوەی سۆفیەتی<br>-هۆنراوەی نیشتیمانپەروەری | مەحوی | ١٩٥-١٩١ | ٩دێڕ<br>٢چوارینە |
| ٢٠ | - شانازی بە زمانی کوردی | شێخ ڕەزای تاڵەبانی | ٢٠٤-١٩٦ | ٨دێڕ<br>٢دێڕ |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| | - زەمی شێخ عەلی<br>- نیشتیمانپەروەری<br>- ستایش<br>- دڵداری | | | ٨دێڕ<br>٣دێڕ<br>١پێنج<br>خشتەکی |
| ٢١ | - هۆنراوەی دڵداری<br>- هۆنراوەی ئایینی<br>-هۆنراوەی<br>نیشتیمانپەروەری | ناری | ٢٠٥-٢١٠ | ٩دێڕ<br>٦دێڕ<br>٥دێڕ |
| ٢٢ | - هۆنراوەی دڵداری<br>- جوانی سروشت<br>- ئامۆژگاری خەڵك<br>- هەستی<br>نیشتمانپەروەری<br>ونەتەوەیی<br>-ڕەوانبێژی زمانی<br>کوردی | زێوەر | ٢١١-٢١٨ | ٦دێڕ<br>٥دێڕ<br>٣دێڕ<br>٤دێڕ<br>٦دێڕ |
| ٢٣ | - هۆنراوەی خاك<br>- هۆنراوەی خۆشەویستی<br>- هۆنراوەی سێ زمان و<br>چوار قامچی | شێرکۆ بێکەس | ٢١٩-٢٢٢ | ١کۆرادە<br>١کۆرادە<br>١کۆرادە |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ٢٤ | - هۆنراوەی بەلاڤکرنا ڕۆشبیریێ<br>- هۆنراوەی خەبات<br>- هۆنراوەی هۆزانڤانێ ئەحمەد ناڵبەند<br>- هۆزانێ ب ناڤێ بەدرخانی | شێخ غەیاسەدییەکەین نەقشەبەندی | ٢٢٣-٢٢٩ | ٤دێڕ<br>٣دێڕ<br>٢دێڕ<br>١١دێڕ |
| ٢٥ | وتارێکی ڕەخنەیی | شێخ محەمەدی خاڵ | ٢٣٠-٢٣٤ | ٢٣ڕیز |
| ٢٦ | ستوونا کابانیان کابانی و مامۆستا | ڕەوشەن بەدرخان | ٢٣٥-٢٣٨ | ١٢دێڕ |

**دووەم: ئامرازی لێکۆڵینەوەکە:**

مەبەست لە ئامرازی لێکۆڵینەوەکە ئەو ڕێگایە دەگرێتەوە کە لێکۆڵەر لە کۆکردنەوەی زانیاری بەکاری دەهێنێت و بە هۆیەوە وەڵامی هەموو پرسیارەکانی لێکۆڵینەوەکەی دەداتەوە (العساف، ١٩٩٨، ص١٨٠). لە پێداویستییەکانی ئەم لێکۆڵینەوەیە ئامادەکردنی ئامرازی کۆکردنەوەی ئەو زانیاری و داتایانەیە کە لەگەڵ مەبەستەکانی لێکۆڵینەوەکەو ئەنجامەکەی دەگونجێت بۆیە لێکۆڵەر ئامرازی هەڵسەنگاندنی پەرتووکی زمان و ئەدەبی کوردی (بەشی ئەدەب)/ لقی زانستی و ئەدەبی ئامادەکرد کە پێوەرەکانی چێژی ئەدەبی ڕەچاوکردووە بە جۆرێ لەگەڵ سروشتی قۆناغی خوێندنی ئەو پۆلە بگونجێت.

لێکۆڵەر بۆ دارشتنی ئامرازی لێکۆڵینەوەکەو ئامادەکردنی ئەم هەنگاوانەی خوارەوەی پەیرەو کردووە:

١- شارەزایی پەیداکردن لە ئەدەبی پەروەردەیی و ئەو سەرچاوانەی کە بواری چێژی ئەدەبی دەگرێتەوە.

٢- گەڕانەوە بۆ ئەو لێکۆڵینەوانەی پێشوو کە پەیوەندییان بە بابەتی لێکۆڵینەوەکەوە هەیە.

٣- چاوپێکەوتنی تایبەتی لێکۆڵەر لەگەڵ ژمارەیەك لە مامۆستایانی زمان و ئەدەبی کوردی و سەرپەرشتیارانی زمانی کوردی لە هەرێمی کوردستانی – عێراق.

٤- ئەزموون و شارەزایی خاکەڕای لێکۆڵەر لە بواری وتنەوەی وانەی زمان و ئەدەبی کوردی.

٥- لێکۆڵەر ڕوونکردنەوەیەکی کراوە وەك پاشکۆی ژمارە (٢) ئاراستەی کۆمەڵێ شارەزاو پسپۆڕ لە بواری بەرنامەو پرۆگرامی زمانی کوردی و ڕێگاکانی وانەوتنەوەی بابەتەکە کردووە کە لە پاشکۆی ژمارە (١) دا دەردەکەوێت بۆ شارەزابوون لە پێوەری چێژی ئەدەبی کە لە گەڵ پەرتووکی زمان و ئەدەبی کوردی بۆ پۆلی یازدەهەمی ئامادەیی بگونجێت.

٦- لە پاشکۆی (٣)دا لیستێکی بەرایی بۆ پێوەرەکانی چێژی ئەدەبی ئامادەکردووە کە پێویستە لە پەرتووکی زمان و ئەدەبی کوردیدا بۆ پۆلی یازدەهەمی ئامادەییدا هەبێت بە پێی پێوەرەکانی چێژی ئەدەبی فەراهەم بکرێ.

## سێیەم: ڕاستگۆیی:

ڕاستگۆیی یەکێکە لە سیما پێویستییەکان کە دەبێت لە ئامرازی لێکۆڵینەوەدا هەبێت کە لێکۆڵەر پشتی پێ دەبەستێت، چونکە ڕاستگۆیی لە بەکارهێنانی کەرستەدا لەو ڕێگایەوە بە دەست دێت کە توانای پێوانەکردنی هەبێت کە لە بنچینەدا لە پای پێوەرەکەدا دانرا بێت. (الهاشمي، وعطية، ٢٠٠٩ ، ص١٩٩). جا لە پیناو زانینی ڕادەی بەرجەستەکردنی پێوەرەکان بۆ ئەو ئەنجامەی کە لە پێناویدا لێکۆڵەر ڕاستگۆیی ئاشکرایی بەکارهێناوە تا دڵنیایی بە ئامانجی کەرستەکە بدات، جا باشترین ڕێگا بۆ دڵنیابوون لە ڕاستگۆیی ئەوەیە کە پسپۆڕان و شارەزاییان بڕیار لە سەر گونجاوی ئەو پەڕەگرافانەی بدەن کە پێویستە پێوانە بکرێن (Ebel,1972,p555) لە ڕێگەی پیشاندانی لیستێك لە پێوەرەکانی چێژی ئەدەبی وەك شێوەیەکی سەرەتایی پاشکۆی (٣) بە سەر کۆمەڵێ شارەزایان و پسپۆڕاندا کە پاشکۆی (١) لە خۆ دەگرێت تا بگەنە ئەو بڕیارەی تا چ ڕادەیەك لەگەڵ ئەو پێوەرەدا دەگونجێت کە لە پێناویدا دانراوە. بۆیە لە ڕاستگۆیی کەرستەکە دڵنیا دەبین، چونکە پێوەرەکان پشتیان بە ڕێژەی (٨٠%) ی ڕێکەوتنی نێوان پسپۆڕان و لێزانان بەستووە، چونکە بڕگەکە یان

پێوەرەكە بۆ بەدیهێنانی ڕاستگۆییەكە بە گونجاو دادەنرێ، چونكە ڕێژەی ڕێكەوتنی نێوان شارەزایانی بەدەست هێناوە كە برەكەی (٧٥%) و زیاتر دایە (Bloom,1977,p 512).

لەبەر ئەوە ژمارەی پسپۆڕان و دادوەران (٣٤) پسپۆڕن، كاتێ ڕەزامەندی (٢٨) پسپۆڕ بەدەست دەهێنێت، ئیدی پێوەرەكە بە باش دادەنێت ئەمەش دەكاتە نزیكەی (٨٠%) و زیاتر. دوای گۆڕانكاری و چاككردنی پێویست بە پێی بۆچوونەكانی ئەوان ئیدی ئامرازی لێكۆڵینەوەكە دەگاتە كۆتایی و بۆ جێبەجێكردن ئامادە دەبێت كە بە پێی پاشكۆی ژمارە (٤) كە لە بواری ناوەڕۆكدا (١٢) پێوەر پێكهاتووەو (٧) پێوەر لە بنیاتنانی هونەریدا.

## چوارەم: پراكتیزەكردنی ئامرازی لێكۆڵینەوەكە:

لێكۆڵەر شێوازی شیكردنەوەی ناوەڕۆكی بەكارهێناوە بۆ دەرخستنی ڕادەی لە خۆگرتنی ناوەڕۆكی پەرتووكی زمان و ئەدەبی كوردی بۆ پۆلی یازدەهەمی ئامادەیی (زانستی و وێژەیی) بەشی ئەدەب بۆ پێوەرەكانی چێژی ئەدەبی، كارو هەوڵەكانیش بەم جۆرەی خوارەوەیە:

أ- ئامانجی شیكردنەوە:

دیاریكردنی ڕادەی لە خۆگرتنی پێوەرەكانی چیژی ئەدەبی لە ناوەڕۆكی پەرتووكی زمان و ئەدەبی كوردی بۆ پۆلی یازدەهەمی ئامادەیی هەردوو لقی (زانستی و وێژەیی) بەشی ئەدەبەكەی، بە پێی لیستی پێوەرەكان كە بۆ ئەم مەبەستە ئامادەكراوە لە پاشكۆی ژمارە (٤) دا.

ب- یەكەی شیكردنەوە:

یەكەی شیكردنەوە پشت بە ئامانجی لێكۆڵینەوەكەو ناوەڕۆكی ئەو ئامرازیەی كە لێكۆڵینەوەكە ئامانجی ئەوەیە شیكردنەوەكە بخاتە ژێر دەسەڵاتی خۆیەوە، بۆ شیكردنەوەی ناوەڕۆكەكەش چەند یەكەیەك بەكاردەهێنێت كە ئەمانە:

**١- یەکەی تۆمارکردن:**

ئەمەش بچوکترین یەکەی شیکردنەوەیەو دەکەوێتە دەسەڵاتی لێکۆڵەرەوە بۆ هەڵسەنگاندنی ژمارەو یەکەی تۆمارکردن لەم لێکۆڵینەوەیەی ئێستادا کە بریتییە لە بیرۆکەو بەدوای وشەدا دێت، لێرەدا پێنج یەکەی بنچینەیی بۆ شیکردنەوە هەیە کە ئەمانەن:

أ- وشە: کە چەمك یان هێما یان ئاماژە پێکراوە دەگرێتەوە، بۆ نموونە لێکۆڵەر چەندێتی واژەیەکی دیاریکراو لە بەرچاو دەگرێت کە دەسەڵاتێکی پەروەردەیی یان هزری هەیە.

ب- کەسایەتی: بریتییە لە بەرچاو گرتنی چەندێتی خاسیەت و سیمایەکی دیاریکراو کە کەسایەتییەکی دیاریکراو یان کۆمەڵگەیەك لە کۆمەڵگەکانی وێنا دەکات.

ج- بابەت: بریتییە لە ڕستەیەك یان دەربڕینێك دەربارەی بیرۆکەیەك کە بابەتی شیکردنەوەکە قسەی لە سەر دەکات.

د- وشەو زاراوەکان: ئەو وشانەن کە وێناکەر لە ڕێگەی چەندێتییەوە بۆ ژمارەی لاپەڕەکانی یان کۆکردنەوەی ماوەی بیرۆکەکان لە گواستنەوەی واتاکاندا بەکارهێناوە.

هـ- بیرۆکە: بریتییە لە یەکەیەك کە بیرۆکەکان لە خۆدەگرێت دەربارەی بابەتێك یان شتێکی دیاریکراو، ئەمیش دوو جۆرە:

١- ئاشکرا: بریتییە لە ڕستەیەك یان دەستەواژەیەك کە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ ئاماژەی پێدەکرێ.

٢- لەخۆگرتن: ئەمیش ڕستەیەکە کە لە میانەی شێوازی قسەکردنەوە ئاماژەی پێدەکرێ.

**٢- یەکێتی ناوەڕۆك:**

ئەوشێوەیەی وەك چوارچێوەیەك دەوری داوە کە پێویستە پێ ببەخشرێ لە پای بەردەوامی بۆ دەستنیشانکردنی یەکەی تۆمارکردن لە کاتی کرداری شیکردنەوە. یەکێتی ناوەڕۆك و واتا لەم لێکۆڵینەوەیەدا ئەو پەرەگرافەیە کە بیرۆکە و بابەتەکە لە خۆدەگرێت.

**٣- یەکەی ئاماری:**

لێکۆڵەر (دووبارەکردنەوە) ی وەك یەکەیەکی ژماردن بەکارهێناوە تا لە هەموو پێوانەیەکی لاوەکی بۆ ژماردنی بیرۆکەکە چونکە توانای هەر پێوەرێك لە ڕێگەی دووبارەکردنەوە ئەنجام دەدرێ (الكبيسي، ٢٠١٠، ص٢٥٤)، (التميمي، ٢٠٠٩،ص ٢٥-٣٠).

## هەنگاوەکانی شیکردنەوە:

لێکۆڵەر لە جێبەجێکردنی ئامرازەکاندا چەند هەنگاوێکی گرتوەتەبەر:

أ- خوێندنەوەی ناوەڕۆکی پەرتووکی زمان و ئەدەبی کوردی بۆ پۆلی یازدەهەمی ئامادەیی (زانستی و وێژەیی) بەشی ئەدەبەکەی تا لە زەینی لێکۆڵەردا وێنەیەکی تەواو و ڕوون دەربارەی ناوەڕۆکەکەی دروست ببێت.

ب- بۆ ئەوەی لە زەینی شیکەرەوەدا وێنەیەکی ڕوون دروست ببێت دووبارە بابەتەکەی خوێندووەتەوە.

ج- دەستکردن بەکاری شیکردنەوە بۆ دیاریکردنی بڕی ئەوەی ناوەڕۆکی پەرتووکی زمان و ئەدەبی کوردی بۆ پۆلی یازدەهەمی ئامادەیی (زانستی و وێژەیی) بەشی ئەدەب لە خۆدەگرێت.

د- بۆهەر پێوەرێکی بەرهەم هاتوو لە کاری شیکردنەوەدا تەنها یەك دووبارەکردنەوەی پێ بدرێ.

هـ- ئەنجامەکانی شیکردنەوەکە لە فۆڕمی شیکردنەوەدا بنووسرێ و پۆلێن بکرێت و بگۆڕدرێت بۆ چەندین دووبارەبوونەوە، ئینجا بکرێن بە ڕێژەی سەدییەکەی تا بتوانرێت لێکبدرێنەوەو قسەیان لە سەر بکرێ.

## پێنجەم: جێگیر کردنی شیکردنەوەکە:

مەبەست ئەوەیە کە ئەنجامەکانی شیکردنەوەکە هەمان ئەنجام دەردەچێت یان ڕێکەوتنی هەردوو شیکردنەوەکە دەبێت گەر لە کاتێکدا شیکردنەوەکە لە لایەن لێکۆڵەرەوە لە سەر هەمان بابەت بکرێ یان لە لایەن لێکۆڵەرێکی دیکەوە لە سەر هەمان نموونەوە بکرێ هەمان جێگیری لە شیکردنەوەی ناوەڕۆکدا دوای ئەوەی گۆڕانکاری تێدا دەکرێ دەوەستێتە سەر شارەزایی و لێزانی شیکەرەوە لە چۆنیەتی شیکاری و جۆری پۆلێنکردن و ڕادەی ڕوونی خستنەسەری جۆری یەکەی شیکاری و ڕادەی ڕوونی هەنگاوەکانی و دەستووری شیکردنەوەکە و جۆری نموونەی شیکاریەکە (محمد، و عبدالعظیم، ٢٠١٢، ص١١٩)، لە بەر ئەوەی لێکۆڵەر بۆ دروستکردنی جێگیرکردن پەنای بردووەتە بەر شیکردنەوەی دەرەکی[1] لە پڕۆگرامەکانی زمانی کوردی و ڕێگاکانی وانەوتنەوە، بۆیە لێکۆڵەر وێنەیەکی لە ئامرازی شیکردنەوەکەو جێگیری زمان و ئەدەبی کوردی بۆ پۆلی یازدەهەمی ئامادەیی کە لە ساڵی خوێندنی (٢٠٢٠-٢٠٢١) دەخوێندرێت خستووەتە بەردەست هەردوو شیکەرەوەکە دیارە دوای ئەوەی لە سەر کاری شیکردنەوەکەو بنەماکانی ڕێکەوتوون.

جا بۆ ئەوەی سنوورێك بۆ دەستوەردانی کەسێتی شیکەرەوەکە دابنرێ و مەرجی بابەتییانەی تێدا ڕەچاو بکرێ و هاوکێشەی (جی کۆپەر - G.coopr) بەکاربهێنرێ، لێکۆڵەر لە دوای گەیشتن بە هۆکاری جێگیربوون دوو جۆرە ڕێکەوتنی بەکارهێناوە:

١- نزیکی لە بۆچوونی هەردوو شیکەرەوە دەرەکییەکە:

بە جۆرێ هەردوو شیکەرەوەکە بە جیاو سەربەخۆ کاردەکەن بگەنە ئەنجامی لە یەکتر نزیك و لەگەڵ ئەنجامەکان و شیکردنەوەکەی لێکۆڵەر بگونجێت، ئەمەش بە گرتنەبەری هەمان کاری شیکردنەوەو نموونەو هەمان کەرستە.

[1] شیکاری یەکەم: ژیان عەبدولکەریم عەلی، مامۆستای یاریدەدەر، ڕیگاکانی وانەوتنەوەی زمانی کوردی، زانکۆی بەغداد، کۆلێژی پەروەردەی ئیبن ڕوشد بۆ زانستە مرۆڤایەتییەکان.

شیکاری دووەم: محەمەد ئەحمەد محەمەد، مامۆستایی یاریدەدەر، ڕێگاکانی وانەوتنەوە ی گشتی، زانکۆی کەرکووك- کۆلێژی پەروەردە بۆ زانستە مرۆڤایەتییەکان .

٢- گونجانی لێکۆڵەر لەگەڵ خودی خۆیدا لە نێوان دوو کاتی جیاوازدا بەجۆرێ لێکۆڵەر کاتێ هەردوو شیکردنەوەکە نێوانیان (١٤) چوارده ڕۆژ بێت بۆنموونەی هەمان ناوەڕۆك (Holsti,1969,p118) بگاتە ئەنجامێکی لە یەکتر نزیك. لەخشتەی ژمارە (٢) دا ئەوە ڕوون دەکاتەوە:

خشتەی ژمارە (٢)

ئەنجامەکانی ڕاوەرگرتنی لێکۆڵەر لەگەڵ خۆی و شیکەرەوەی یەکەم و دووەم

| بوارەکانی ڕوونکردنەوە | لێکۆڵەر لەگەڵ خۆیدا | لێکۆڵەر لەگەڵ شیکەرەوەی یەکەم | لێکۆڵەر لەگەڵ شیکەرەوەی دووەم |
|---|---|---|---|
| بواری ناوەڕۆك | %٩١ | %٨٧ | %٨٢ |
| بواری بنیاتی هونەری | %٨٨ | %٨٤ | %٨٣ |
| ڕوون کردنەوەی هەمووکی | %٨٩ | %٨٥ | %٨٤ |

لە بەر ڕۆشنایی ئەنجامی ژمارەی مامەڵەی جێگیری کە لە نێوان (٨٢%-٩١%) دایە، دەکرێ ئەم ڕێژانە بۆ جێگیری بە بەرز دابنرێ هەروەك چۆن لە ئەدەبی پەروەردەییدا ئاماژەی پێکراوە (الحيدري، ٢٠١٢، ص١٢٠).

## شەشەم : هۆیەکانی ئاماری:

لێکۆڵەر لە کاری لێکۆڵینەوەکەی و چارەسەری ژمارەکاندا ئەو ژمارانەی دەستی کەوتووە ئەم ڕێگایانەی گرتووەتەبەر :

١- هاوکێشەی فیشەر (Fisher) ناوەندێکی ژمێری بۆ گۆڕینی نرخی هەر ژمارەیەك لە ئاماژەکانی ئامرازەکەو ڕێکخستنیان بە پێی ئاماژەکانی دیکە لە چوارچێوەی هەر بوارێکدا بە پێی ئەم یاسایەی خوارەوە:

$$\text{ناوەندە ژمێری} = \frac{\text{د١×٣+د٢×٢+د٣×١}}{\text{کۆ/ د}}$$

بۆ زانین:

د١= دووبارەکردنەوەی وەڵامەکان بۆ شوێنگرەوەی یەکەم (بەردەستە).

د٢= دووبارەکردنەوەی وەڵامەکان بۆ شوێنگرەوەی دووەم (تا ڕادەیەك بەردەستە).

د٣= دووبارەکردنەوەی وەڵامی شوێنگرەوەی سێیەم (بەردەستە نییە).

(Fisher,1956,p 327)

٢- کێشی سەدییەکەی: بۆ ڕوونکردنەوەی هەر ئاماژەیەك لە ئاماژەکانی ڕوونکردنەوەو زانینی ڕادەکەی و ڕێکخستنی دەربارەی ئاماژەکانی دیکە.

کێشی سەدییەکەی= ناوەندە ژمێری ×١٠٠

ڕادەی بەرز* (الامام وآخرون، ١٩٩٠، ص٣٢).

٣-هاوکێشەیی چەسپاوی( کوبر )= چەند جارەی ڕێککەوتن × ١٠٠

چەند جارەی ڕێککەوتن+ چەند جارەی ڕێکنەکەوتن

(cooper,1974,p27)

* ڕادەی بەرزی=٣

# بەشی چوارەم

# خستنەڕووی ئەنجامەکانی لێکۆڵینەوەکە و ڕاڤەکردنیان

# بەشی چوارەم

## خستنەڕووی ئەنجامەکانی لێکۆڵینەوەکەو ڕاڤەکردنیان:

ئەم بەشە خستنەڕووی ئەنجامەکان و لێکدانەوەیان دەخاتە ڕوو کە لێکۆڵەر بەدەستیهێناون لە هەڵسەنگاندنی پەرتووکی زمان و ئەدەبی کوردی بۆ پۆلی یازدەهەمی ئامادەیی/ بەشی ئەدەب بە پێی پێوەرەکانی چێژی ئەدەبی لە ڕێگەی ئەو ئامرازانەی کە بۆ ئەم مەبەستە ئامادەی کردووە.

## لێکۆڵەر بە پێی ئەم هەنگاوانەی خوارەوە ئەنجامەکان دەخاتە ڕوو:

١- ژماردنی ئەو دووبارەبووانەی کە لە هەر بوارو هەر پێوانەیەك و هەر ئاماژەیەك لە ئاماژەکانی کەرەسەکان بەردەستە بە پێی هەر سێ شوێنگرەوەکە بۆ بەدەستهێنانی بەهای ناوەندە ژمێری و کێشی سەدییەکەی.

٢- بۆ مەبەستی ژماردنی بەهای ناوەندە ژمێری و کێشی سەدییەکەی و هەر ئاماژەیەك لە ئاماژەکانی کەرەسەکان لیکۆڵەر پشتی بە پێوەرێکی سیانی بەستووە، چونکە شوێنگرەوەی یەکەم سێ پلەی پێدراوەو شوێنگرەوەی دووەم دوو پلەی پێدراوەو شوێنگرەوەی سێیەم یەك پلەی پێدراوە.

٣- ڕەچاوکردنی ناوەندی پلەکانی پێوەرەکە سێ ڕەهەندییە کە ئەویش (٢)وە وەك پێوەرێك دانراوە کە هەردوو ڕووی تواناو بێ توانایی ئاماژەکان جیابکاتەوە، دانانی هەر ئاماژەیەك کە پێوەرەکە ناوەندە ژمێری بەدەستهێناوە (٢) وە کە دەبینین ئەو ئاماژانەی لە پەرتووکەکەدا بەدەستهاتووە لە لایەکەوە بەرزە ، لە لایەکی دیکەوە ئەو ئاماژانەی بەدی نەهاتوون نزمە[١].

٤- لێکۆڵەر لە هەر بوارێکی ئامرازەکاندا ئاماژەکانی لە ئامرازەکاندا لە سەرەوە بۆ خوارەوە لە بەرزترین ناوەندەژمێری بۆ کەمترین ناوەندەژمێری ڕێکخستووە.

[١] لێکۆڵەر ئەو بوارو ئاماژەیەی کە ناوەندێکی دروستی بەدەستهێناوە (٢) بە زۆرترین بواری داناوە کە بە چێژی ئەدەبی دادەنرێ، بەڵام ئەو بوارەی کە نەگەیشتووەتە ئەم ناوەندە کە کەمترین پلەی دابرانە (٢) بە پێوەری چێژی ئەدەبی دانانرێ، ئەمەش پشتی بە بۆچوونی شارەزایان بەستووە.

## خستنەڕووی بوارەکان:

لێکۆڵەر لەم بوارانەدا بە پێی ناوەندە ژمێری و کێشی سەدییەکەیان دەیخاتەڕوو. لە خشتەی ژمارە (٣) دا ئەوە ڕوون دەکاتەوە.

خشتەی ژمارە (٣)

ناوەندەژمێری لە بوارەکانی ئامرازەکانداو کێشی سەدییەکەیان:

| پلە | بواری چێژی ئەدەبی | ناوەندە ژمێری | کێشی سەدی |
| --- | --- | --- | --- |
| ٢ | بواری بنیاتی هونەری | ٢,٠٠٦ | %٦٦,٧٥ |
| ١ | بواری ناوەڕۆك | ١,٨٦٦ | %٦٢,٢٦ |

لە خشتەی ژمارە (٣) دا ئەوە ڕوون دەکاتەوە:

١- بواری (بنیاتی هونەری) ی ناوەڕۆك بە پلەی یەکەم هاتووە، کە تەوەرێکی بەدی هاتووە، چونکە ناوەندە ژمێری (٢,٠٠٦) ەو بە کێشی سەدییەکەی (%٦٦,٧٥) ە.

٢- بواری ناوەڕۆك بە پلەی دووەم هاتووە کە ئەمیش نزیکە لە بەدی هاتوو، چونکە ناوەندە ژمێری گەیشتووەتە (١,٨٦٦) بە کێشی سەدییەکەی (%٦٢,٢٦) کە ئەمەش لە چاو پێوەری بەدەستهاتوو کەمە وەك پێشتر لێکۆڵەر دیاریکردووە.

## ئەنجامی پێوەرەکان:

## ئەنجامەکانی بواری یەکەم / بواری ناوەڕۆك:

ئەم بوارە (١٢) دوازدە پێوەر لە خۆ دەگرێت کە پێوەرەکە ئەنجامەکانی دەرخست کە بەهای ناوەندە ژمێری لە نێوان بەرزترین ناوەند (٢,١٥) و نزمترین ناوەند (١,٥١) ە، بۆیە دەتوانین بڕیار بدەین کە پێوەرەکانی ئەم بوارە بەدی هاتووە، لە خشتەی ژمارە (٤) دا ئەوە ڕوون دەکاتەوە.

خشتەی ژمارە (٤)

ناوەندە ژمێری بۆپێوانەکردنی بواری ناوەڕۆك و کێشی سەدییەکەی

| پلە | پێوەرەکان | ناوەندەژمێری | کێشی سەدی |
|---|---|---|---|
| ١ | لەگەڵ میتۆدەکانی مرۆڤایەتیدا یەك دەگرێتەوەو پشتگیری لایەنە باشەکانی دەکات کە مرۆڤ بەرز ڕادەگرێت وەك ئازادی پلەربڕین و ویستەکانی. | ٢,١٥ | %٧١,٦ |
| ٢ | دۆخی لاوازی و بێ دەسەڵاتی ڕووندەکاتەوەو بە دۆخێکی ڕەوتەنی دادەنێت. | ٢,٠٩ | %٦٩,٨ |
| ٣ | بە شێوەیەکی هەستەکی و دوور لە ئەندێشەکاری ڕاستییەکان وێنادەکات. | ٢,٠٨ | %٦٩,٤ |
| ٤ | لەگەڵ ئەو دۆخەدا دەگونجێت کە قوتابییان تێدا دەژین بە پیی مەیل و پێویستییەکانیان. | ٢,٠٧ | %٦٩ |
| ٥ | هانی بەر پرسیاریەتی و بەشداری چالاکانەی باش لە ژیاندا دەکات. | ٢,٠٥ | %٦٨,٤ |
| ٦ | لەگەڵ ئەوەدایە کە مرۆڤ گیاندارێکی باشەو تواناى گۆڕانی هەیەو خراپ نییە. | ٢,٠١ | %٦٧,١ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٧ | لە گەردووندا خەیاڵی جوان دەکات. | ١,٩٥ | %٦٥,١ |
| ٨ | دۆخەکانی مرۆڤ لە ساتە وەختی بەختەوەری و هەڵچووندا وێنا دەکات. | ١,٦٩ | %٥٦,٤ |
| ٩ | پەیوەندییە شتە مادی و بەرجەستیەکانی مرۆڤ و پێداویستییە گرنگەکانیان بەهێز دەکات. | ١,٦٥ | %٥٥ |
| ١٠ | پەیوەندی نێوان مرۆڤ و گیاندارەکانی دیکەی خودای باڵادەست جێگیر دەکات. | ١,٦٣ | %٥٤,٣ |
| ١١ | یەکێتی و یەکڕیزی و برایەتی و یەکگرتن لە نێوان ڕۆڵەکانی نیشتیمان ڕووندەکاتەوە دەست لە ڕق و ناکۆکی تیرەگەری هەڵدەگرین. | ١,٥٢ | %٥٠,٦ |
| ١٢ | جەخت لە سەر پێشەنگیەکی چاك دەکاتەوە کە پێداگری لە سەر بەهاکانی هێز دەکات وەك هەرەوەزی کردنی یەکترو قوربانیدان. | ١,٥١ | %٥٠,٤ |
| | ناوەندی بوارەکە | ١,٨٦٦ | ٦٢,٢٦ % |

لە خشتەی ژمارە (٤) دا ئەوە ڕوون دەکاتەوە:

پێوانە بەدەستهاتووەکان لە بواری ناوەڕۆکدا بۆ ئاماژەکانی (١، ٢، ٣، ٤، ٥، ٦) کە ناوەندە ژمێرییان گەیشتووەتە (٢,١٥)، (٢,٠٩)، (٢,٠٨)، (٢,٠٧)، (٢,٠٥)، (٢,٠١) وە بە کێشی سەدییەکەیان (٧١,٦%)، (٦٩,٨%)، (٦٩,٤%)، (٦٩%)، (٦٨,٤%)، (٦٧,١%) هەروەها نیوەی ئاماژەکان بە پێی ڕێکخستنی لە سەرەوە بۆ خوارەوە:

١- لەگەڵ میتۆدەکانی مرۆڤایەتیدا یەك دەگرێتەوەو پشتگیری لایەنە باشەکانی دەکات کە مرۆڤ بەرز ڕادەگرێت وەك ئازادی ڕادەربڕین و ویستەکانی.

٢- دۆخی لاوازی و بێ دەسەلاتی ڕووندەکاتەوەو بە دۆخێکی ڕەوتەنی دادەنێت.

٣- بە شێوەیەکی هەستەکی و دوور لە ئەندێشەکاری ڕاستییەکان وێنادەکات.

٤- لەگەڵ ئەو دۆخەدا دەگونجێت کە قوتابییان تێدا دەژین بە پێی مەیل و پێویستییەکانیان.

٥- هانی بەر پرسیاریەتی و بەشداری چالاکانەی باش لە ژیاندا دەکات.

٦- لەگەڵ ئەوەدایە کە مرۆڤ گیاندارێکی باشەو توانای گۆڕانی هەیەو خراپ نییە.

## ئەو پێوەرانەی لە بواری ناوەڕۆکدا بەدەستنەهاتوون:

١- پێوەری (لە گەردووندا خەیاڵی جوان دەکات) ناوەندە ژمێری (١,٩٥) ی بەدەستهێناوە، کەچی کێشی سەدییەکەی (٦٥,١%) ە.

٢- پێوەری (دۆخەکانی مرۆڤ لە ساتە وەختی بەختەوەری و هەڵچووندا وێنا دەکات) ناوەندە ژمێری (١,٦٩) بە دەستهێناوەو کێشی سەدییەکەی (٥٦,٤%) بەدەستهێناوە.

٣- پێوەری (پەیوەندییە شتە مادی و بەرجەستیەکانی مرۆڤ و پێداویستییە گرنگەکانیان بەهێز دەکات) ناوەندە ژمێری (١,٦٥) بەدەستهێناوە کەچی کێشی سەدییەکەی (٥٥%) بەدەستهێناوە.

٤- پێوەری (پەیوەندی نێوان مرۆڤ و گیاندارەکانی دیکەی خودای باڵادەست جێگیر دەکات) ناوەندە ژمێری (١,٦٣) بەدەستهێناوە، بەڵام کێشی سەدییەکەی (٥٤,٣%) بەدەستهێناوە.

٥- پێوەری (یەکێتی و یەکڕیزی و برایەتی و یەکگرتن لە نێوان ڕۆڵەکانی نیشتیمان ڕووندەکاتەوەو دەست لە ڕق و ناکۆکی تیرەگەری هەڵدەگرین) ناوەندە ژمێری (١,٥٢) بەدەستهێناوە، کێشی سەدییەکەی (٥٠,٦%) بەدەستهێناوە.

٦- پێوەری (جەخت لە سەر پێشەنگییەکی چاك دەکاتەوە کە پێداگری لە سەر بەهاکانی هێز دەکات وەك هەرەوەزی کردنی یەکترو قوربانیدان) ناوەندە ژمێری (١,٥١) ی بەدەستهێناوە لە کاتێکدا کێشی سەدییەکەی (٥٠,٤%) ی بەدەستهێناوە.

**ئەنجامەکانی پێوەری یەکەم:**

(بەشێوەیەکی هەستەکی و دوور لە ئەندێشەکاری ڕاستییەکان وێنا دەکات).

ئەم پێوەرە (٤) چوار ئاماژەی تێدایە، بەجۆرێ ئامانجەکانی لێکۆڵینەوەکە دەریخست کە بەهای ناوەندە ژمێری وەك بەرزترین پلە دەگاتە (٢,٤٢) و نزمترین پلەش دەگاتە (١,٥٩)، ناوەندی پێوەرەکەش(٢,٠٨)، ئەمەش بەڵگەیەکە بۆ بەدیهاتنی ئەم پێوەرەو لە خشتەی ژمارە (٥) دا ئەوە ڕوون دەکاتەوە.

خشتەی ژمارە (٥)

ئەنجامەکانی شیکردنی پیوەری یەکەم بۆ بواری ناوەڕۆك:

| زنجیرەی ڕاوەرگرتنەکە | پلە | ئاماژەکان | ناوەندە ژمێری | کێشی سەدی |
|---|---|---|---|---|
| ٣ | ١ | بەراوردکردنی ئەو بیرۆکەیەی کە نووسەر بەڕاستی تێیدا دەژی. | ٢,٤٢ | %٨٠,٧ |
| ٢ | ٢ | ڕیزبەندی بیرۆکەکان و گونجانیان لەگەڵ یەکتر. | ٢,٢٧ | %٧٥,٧ |
| ١ | ٣ | زاڵبوونی خەیاڵ لە دەقی ئەدەبیدا. | ٢,٠٥ | %٦٨,٣ |
| ٤ | ٤ | پەیوەندی نێوان بیرکردنەوەو لایەنی هەستەکی نووسەرو جیهانی بەرجەستە وێنا دەکات. | ١,٥٩ | %٥٣ |
| | | ناوەندی پێوەرەکە | ٢,٠٨ | %٦٩,٤ |

لە خشتەی ژمارە (٥) دا ئەوە ڕوون دەکاتەوە:

ئەو ئاماژانەی لە پێوەری یەکەمدا بەدیهاتوون ئەوەیە کە بەرزترین پلە ئەمانەن (١، ٢، ٣)، چونکە ناوەندە ژمێرییان (٢,٤٢)، (٢,٢٧)، (٢,٠٥) ە بە کێشی سەدییەکەیان دەگاتە(%٨٠,٧)، (%٧٥,٧)، (%٦٨,٣) وە دەقی ئاماژەکانیش بە پێی ڕیزبەندی لە سەرەوە بۆ خوارەوەیە:

- بەراوردکردنی ئەو بیرۆکەیەی کە نووسەر بەڕاستی تێدا دەژی..

- ڕیزبەندی بیرۆکەکان و گونجانیان لەگەڵ یەکتر.

- زاڵبوونی خەیاڵ لە دەقی ئەدەبیدا.

بەڵام ئەو ئاماژەیەی کە لە پێوەری یەکەمدا بەدینەهاتووە (پەیوەندی نێوان بیرکردنەوەو لایەنی هەستەکی نووسەرو جیهانی بەرجەستە وێنا دەکات) و ناوەندەژمێری (١,٥٩) بەدەستهێناوە، لە کاتێکدا کێشی سەدییەکەی (٥٣%) ی بەدەستهێناوە، ئەمەش نیشانەیە بۆ بەدینەهاتنی ئەم پێوەرە، (هۆکاری لاوازی ئەم ئاماژەیە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە پەرتووکی زمان و ئەدەبی کوردی پۆلی یازدەهەمی ئامادەیی لە بەشی ئەدەبەکەی تایبەتە بە ڕێبازی ڕۆمانتیکی کە زیاتر پشت بەخەیاڵ دەبەستێت و کەسایەتی شاعیریش ڕووداوەکان دوور لە ڕاستی دەخاتەڕوو چونکە پەنا بۆ هەست و سۆز دەبات ئەمەش کاریگەری دەخاتە سەر قوتابی و دوورە لە بەها پەروەردەییەکانەوە).

**ئەنجامەکانی پێوەری دووەم:**

(لە گەردووندا خەیاڵی جوان دەکات).

ئەم پێوەرە (٣) سێ ئاماژەی تێدایە، ئەنجامەکانی لێکۆڵینەوەکە دەریخست کە بەهای ناوەندە ژمێری دەکەوێتە نێوان (٢,٥٦) وەك بەرزترین پلەو (١,٢) وەك نزمترین پلە ناوەندی پێوەرەکەش دەگاتە (١,٩٢)، ئەمەش بەڵگەیە بۆ بەدینەهاتنی ئەم پێوەرە، لە خشتەی ژمارە (٦) دا ئەوە ڕوون دەکاتەوە.

## خشتەی ژمارە (٦)

ئەنجامەکانی شیکردنەوەی پێوەری دووەم بۆ بواری ناوەڕۆك:

| زنجیرەی ڕاوەرگرتن | پلە | ئاماژەکان | ناوەندە ژمێری | کێشی سەدی |
|---|---|---|---|---|
| ٣ | ١ | لایەنەکانی جوانی سروشت وێنا دەکات. | ٢,٥٦ | %٨٥,٣ |
| ٢ | ٢ | جوانییەکانی گیاندارانی خودایی باڵادەست لە سروشتدا دەردەخات. | ٢,١٠ | %٧٠ |
| ١ | ٣ | جەخت لەوە دەکاتەوە کە لایەنەکانی جوانی ڕووح لە جوانی شێوە و ڕواڵەت زۆرترە. | ١,٢ | %٤٠ |
| | | ناوەندی پێوەرەکە | ١,٩٥ | %٦٥,١ |

لە خشتەی ژمارە (٦) دا ئەوە ڕوون دەکاتەوە:

ئاماژە بەدەستهاتووەکان لە پێوەری دووەمدا بەرزترین پلە لە هەردوو ئاماژەکەدا گەیشتە (٢،٣) چونکە ناوەندە ژمێرییان (٢,٥٦) و (٢,١٠) بوو و بە کێشی سەدییەکەیان (%٨٥,٣) و (%٧٠) بوو، دەقی هەردوو ئاماژەکەش بە پێیی ڕیزبەندی لە سەرەوە بۆ خوارەوە بوو:

- لایەنەکانی جوانی سروشت وێنا دەکات.

- جوانییەکانی گیاندارانی خودایی باڵادەست لە سروشتدا دەردەخات.

بەڵام ئاماژەیی بەدی نەهاتوو لە پێوەری دووەمدا دەگەڕێتەوە بۆ ئاماژەیەك، (جەخت لەوە دەکاتەوە کە لایەنەکانی جوانی ڕووح لە جوانی شێوە و ڕواڵەت زۆرترە) و ناوەندە ژمێری (١,٢) ی بەدەستهێناو کێشی سەدییەکەی (%٤٠) ی بەدەستهێناو ئاماژەیەکە بۆ بەدی نەهاتنی ئاماژەکە, (هۆکاری لاوازی ئەم ئاماژەیەش بۆ نەبوونی ئەو چێژە دەگەڕێتەوە لە دەقە ئەدەبیەکانی پەرتووکی زمان و ئەدەبی کوردی پۆلی یازدەهەمی ئامادەیی چونکە

جوانی ڕووح خۆی لە نواندنی کردەوەکانی ژیانی ڕۆژانە دەبینێتەوە، نەك لە دیاردەیەکی ڕۆمانتیکی کە زادەی خەیاڵ و هەواو ئارەزووەکانی مرۆڤ بن).

## ئەنجامەکانی پێوەری سێیەم:

(هانی بەرپرسیاریەتی و بەشداری چالاکانەی باش لە ژیاندا دەکات).

ئەم پێوەرە (٣) سێ ئاماژەیی تێدایە ئەنجامەکانی لێکۆڵینەوەکە کە بەهای ناوەندە ژمێری دەکەوێتە نێوان (٢,٣٥) وەك بەرزترین پلەو (١,٦٢) وەك نزمترین پلە، ناوەندی پێوەرەکەش (٢,٠٥) ە، ئەمەش نیشانەیە بۆ بەدیهاتنی پێوەرەکە، لە خشتەی ژمارە (٧) دا ئەوە ڕوون دەکاتەوە.

خشتەی ژمارە (٧)

ئەنجامەکانی شیکردنەوەی پێوەری سێیەم بۆ بواری ناوەڕۆك:

| زنجیرەی ڕاوەرگرتنەکە | پلە | ئاماژەکان | ناوەندە ژمێری | کێشی سەدی |
|---|---|---|---|---|
| ١ | ١ | یارمەتی قوتابییان دەدات بۆ تیگەیشتن لە کۆمەڵگاو تاکەکانی. | ٢,٣٥ | %٧٨,٣ |
| ٢ | ٢ | بەرپرسیاریەتی مرۆڤ لە ژیاندا ڕووندەکاتەوە. | ٢,١٩ | %٧٣ |
| ٣ | ٣ | سیستەمی کۆمەڵایەتی باو وێنا دەکات. | ١,٦٢ | %٥٤ |
| | | ناوەندی پێوەرەکە | ٢,٠٥ | %٦٨,٤ |

لە خشتەی ژمارە (٧) دا ئەوە ڕوون دەکاتەوە:

ئەو ئاماژانەی لە پێوەری سێیەمدا بەدەستهاتوون:

بەرزترین پلە هەردوو ئاماژەیی (١، ٢) بەدەستیانهێناوە چونکە ناوەندە ژمێری (٢,٣٥) و (٢,١٩) بوو، هەروەها بە کێشی سەدییەکەی (%٧٨,٣) و (%٧٣) بوو، دەقی هەردوو ئاماژەکەش بە پێی ڕیزبەندی لە سەرەوە بۆ خوارەوە بوو:

- یارمەتی قوتابییان دەدات بۆ تیگەیشتن لە کۆمەڵگاو تاکەکانی..

- بەرپرسیاریەتی مرۆڤ لە ژیاندا ڕووندەکاتەوە.

بەڵام ئاماژەیی بەدینەهاتوو، ئاماژەکە (سیستەمی کۆمەڵایەتی باو وێنا دەکات) ناوەندە ژمێری (١,٦٢) و کێشی سەدییەکەی (٥٤%) ی بەدەستهێنا، ئەمەش نیشانەیە بۆ بەدینەهاتنی ئاماژەکە، (سیستەمی ژیانی کۆمەڵایەتی هەمیشە بووەتە هۆی دروستبوونی ئەو جیاوازییە چینایەتییەو ناکۆکی نێوان مرۆڤەکانی قووڵتر کردووەتەوە، چونکە لە ئەنجامی ئەم سیستەمە کەسانێکی نادادپەروەرو نەژمێری بەرهەم دێت کە دواجار کارێکی وا دەکات کە سەرجەم پەیوەندییەکان دەپیچڕێنێت بە تایبەت پەیوەندی کۆمەڵایەتییەکان، چونکە دەزانین مرۆڤ بێ کۆمەڵگا ناژێت و هیچ نرخێکی نییە، کە وابوو هەمووان وەك یەك مافمان لەم سیستەمەدا هەیە، نەك لە سایەی سیستەمێکی ڕۆمانتیکی کە کۆمەڵگا بەرەو داڕمان ببات و تاکەکانی سەری لێبشێوێت).

**ئەنجامەکانی پێوەری چوارەم:**

(پەیوەندییە شتە مادی و بەرجەستیەکانی مرۆڤ و پێداویستییە گرنگەکانیان بەهێز دەکات).

ئەم پێوەرە (٣) سێ ئاماژە لە خۆدەگرێت ئەنجامەکانی لێکۆڵینەوەکە دەریخست کە بەهای ناوەندە ژمێری کەوتووەتە نێوان (٢,٠١) وەك بەرزترین پلەو (١,١٨) ش وەك نزمترین پلە، ناوەندی پێوەرەکەش (١,٦٥) ە، ئەمەش نیشانەیەکە بۆ بەدینەهاتنی ئەم پێوەرە، لە خشتەی ژمارە (٨) دا ئەوە ڕوون دەکاتەوە.

خشتەی ژمارە (٨)

ئەنجامەکانی شیکردنەوەی پێوەری چوارەم بۆ بواری ناوەڕۆك:

| زنجیرەی ڕاوەرگرتنەکە | پلە | ئاماژەکان | ناوەندە ژمێری | کێشی سەدی |
|---|---|---|---|---|
| ١ | ١ | بەشداری لە بەرزکردنەوەی بەهای مرۆڤ دەکات لە بری ئەوەی ملکەچی ئارەزووی کەسی بێت. | ٢,٠١ | %٦٧ |
| ٣ | ٢ | بەجۆرێ ژیانی مرۆڤ وێنا دەکات کە بریتیە لە تێکەڵەیەك لە شتی مادی و مەعنەوی. | ١,٧٦ | %٥٨,٧ |
| ٢ | ٣ | مرۆڤ لە نێو داهێنانەکانی هەموو بوارەکانی ژیاندایە. | ١,١٨ | %٣٩,٣ |
| | | ناوەندی پێوەرەکە | ١,٦٥ | %٥٥ |

لە خشتەی ژمارە (٨) دا ئەوە ڕوون دەکاتەوە:

ئاماژە بەدەستهاتووەکانی لە پێوەری چوارەمدا، بەرزترین پلە (١) بووە چونکە ناوەندە ژمێری (٢,٠١) بوو، کێشی سەدییەکەی (%٦٧) بوو. دەقی ئاماژەکە بە پێی ئەم ڕیزبەندیەیە:

- بەشداری لە بەرزکردنەوەی بەهای مرۆڤ دەکات لە بری ئەوەی ملکەچی ئارەزووی کەسی بێت.

بەڵام هەردوو ئاماژەی بەدینەهاتوو لە پێوەری چوارەمدا ئاماژەیی(٢) (بەجۆرێ ژیانی مرۆڤ وێنا دەکات کە بریتیە لە تێکەڵەیەك لە شتی مادی و مەعنەوی)، ناوەندە ژمێری (١,٧٦) ی بەدەستهێناو کێشی سەدییەکەی (%٥٨,٧) ی بەدەستهێنا، ئەمەش ئاماژەیە بۆ بەدینەهاتنی ئەم ئاماژەیە، چونکە (ژیانی مرۆڤ پڕە لە هەڵوێست، تێکەڵەیەکە لە باشی و خراپی کە ئەمەش دەتوانێت ئەو مرۆڤانەمان بۆ دەستنیشان بکات کە باوەشیان بە

دونیادا کردووەو خۆیان داڕنیوە لە هەموو هەستێکی مرۆڤانە کە ئەمەش ژیانی ناتەندروستی تا ڕادەیەك ئەمڕۆی جیهانی مادییە کە هیچ تام وچێژێکی نەهێشتووە، ئەمەش لە سایەی ئەو کەشە ڕۆمانتیکییە نایەتە دی کە بمانەوێت قوتابی لەسەری پەروەردە بکەین).

بەڵام ئاماژەیی (٣) (مرۆڤ لە نێو داهێنانەکانی هەموو بوارەکانی ژیاندایە) ناوەندە ژمێری (١,١٨) ی بەدەستهێناو کێشی سەدییەکەی (٣٩,٣%) ی ئەم نیشانەیە بۆ بەدینەهاتنی ئەم ئاماژەیەیە (ئەگەر چی مرۆڤ دەستی بە زۆربەی بوارەکانی ژیان گەیشتووە درکی بەو نهێنیانە کردووە، بەڵام ئەم پەرەسەندنانەی مرۆڤ ئەگەر بەشێوەیەکی ژیرانە بەکارنەهێنرێت ڕەنگە مرۆڤایەتی تووشی کارەسات بکات وەك ئەوەی دەبینرێت لەم پەتایەدا (کۆرونا)، کە ئەمەش دەستکردی مرۆڤە کە ماڵ وێرانی لە دوایە، بەڵام لە ژینگەیەکی ڕۆمانتیکیدا مرۆڤ ئەرکەکانی خۆی لێدەشێوێت ئەمەش هۆکاری لاوازی ئەم پێوەرەیە).

## ئەنجامەکانی پێوەری پێنجەم:

(لەگەڵ میتۆدەکانی مرۆڤایەتیدا یەك دەگرێتەوەو پشتگیری لایەنە باشەکانی دەکات کە مرۆڤ بەرز ڕادەگرێت وەك ئازادی ڕادەربڕین و ویستەکانی).

ئەم پێوەرە (٣) سێ ئاماژە لە خۆدەگرێت و ئەنجامەکانی لێکۆڵینەوەکە دەریخست کە بەهای ناوەندە ژمێری دەکەوێتە نێوان (٢,٣٤) وەك بەرزترین پلەو (١,٩٢) وەك دەتزانین بڵێین نزمترین پلە، ناوەندی پێوەرەکەش (٢,١٥) یە ئەمەش بەڵگەیە بۆ بەدیهاتنی پێوەرەکە، لە خشتەی ژمارە (٩) دا ئەوە ڕوون دەکاتەوە:

خشتەی ژمارە (٩)

ئەنجامەکانی شیکردنەوەی پێوەری پێنجەم بۆ بواری ناوەڕۆك:

| زنجیرەی ڕاوەرگرتنەکە | پلە | ئاماژەکان | ناوەندە ژمێری | کێشی سەدی |
|---|---|---|---|---|
| ٢ | ١ | مرۆڤ بوونی خۆی و پەیوەندی بە ئازادی ڕادەربڕین و ویست و هەڵبژاردن ڕووندەکاتەوە. | ٢,٣٤ | %٧٨ |
| ١ | ٢ | لە گرنگی ویژدانی مرۆڤایەتی بۆ بەدیهێنانی ئارامی لە کۆمەڵگادا تێدەگات. | ٢,١٨ | %٧٢,٧ |
| ٣ | ٣ | لایەنی باشەی مرۆڤ و ڕۆڵی کاریگەری لە گەشەکردنی ڕووندەکاتەوە. | ١,٩٢ | %٦٤ |
| | | ناوەندی پێوەرەکە | ٢,١٥ | %٧١,٦ |

لە خشتەی ژمارە (٩) دا ئەوە ڕووندەکاتەوە:

ئاماژە بەدیهاتووەکان لە پێوەری پێنجەمدا:

بەرزترین پلە بەر هەردوو ئاماژەیی (٢,١) دەکەوێتە، چونکە ناوەندە ژمێرییان (٢,٣٤) و (٢,١٨) وە بە کێشی سەدییەکەی (%٧٨) و (%٧٢,٧) بوو، دەقی هەردوو ئاماژەکە لە سەرەوە بۆ خوارەوە ڕیزکراوە:

- مرۆڤ بوونی خۆی و پەیوەندی بە ئازادی ڕادەربڕین و ویست و هەڵبژاردن ڕووندەکاتەوە.

- لە گرنگی ویژدانی مرۆڤایەتی بۆ بەدیهێنانی ئارامی لە کۆمەڵگادا تێدەگات..

بەڵام ئاماژەیی بەدینەهاتوو لە پێوەری پێنجەمدا ئاماژەیی (لایەنی باشەی مرۆڤ و ڕۆڵی کاریگەری لە گەشەکردنی ڕووندەکاتەوە) ناوەندە ژمێری(١,٩٢) بەدەستهێنا و کێشی سەدییەکەی (%٦٤) ی بەدەستهێنا، ئەمەش بەڵگەیە بۆ بەدینەهاتنی ئەم ئاماژەیە، (لە بەر

ئەوەی مرۆڤەکان بەردەوام تووشی پاڵەپەستۆی دەروونی دەبنەوە ئەمەش سەرئەنجام سەردەکێشێت بۆ ئەوەی کە مرۆڤەکان بەردەوام نەبن لە بیرکردنەوەی ئەرێنیانە یان کرداری ئەرێنیانە، تا ئەمەش لاواز بێت گیانی گۆڕانکاری بۆ بەرژوەندی مرۆڤەکان ئەستەمە بێتە دی، هەر ئەمەشە هۆکاری لاوازی ئەم ئاماژەیە لە کاتێکدا نموونەی دەقە ئەدەبییەکان لە شیعری نیشتیمانیدا گیانێکی جەنگاوەرانەی لێ دروستکردین لە بری ئەوەی ئێمە بە قەڵەم داوای مافی خۆمان بکەین).

## ئەنجامەکانی پێوەری شەشەم:

(لەگەڵ ئەوەدایە کە مرۆڤ گیاندارێکی باشەو توانای گۆڕانی هەیەو خراپ نییە).

ئەم پێوەرە (٣) سێ ئاماژە لە خۆدەگرێت، ئەنجامەکانی لێکۆڵینەوەکە دەریخست کە بەهای ناوەندە ژمێری لە نێوان (٢,٢٥) وەك بەرزترین پلە بۆ (١,٧٧) وەك نزمترین پلە ناوەندی پێوەرەکەش (٢,٠١) ە، ئەمەش بەڵگەیە بۆ بەدیهاتنی پێوەرەکە، لەخشتەی ژمارە (١٠) دا ئەوە ڕوون دەکاتەوە.

خشتەی ژمارە (١٠)

ئەنجامەکانی شیکردنەوەی پێوەری شەشەم بۆ بواری ناوەڕۆك

| زنجیرەی ڕاوەرگرتنەکە | پلە | ئاماژەکان | ناوەندە ژمێری | کێشی سەدی |
|---|---|---|---|---|
| ٣ | ١ | کەسایەتی مرۆڤ دەردەخات کە ملکەچبوون بۆ گوێنەدان ڕەتدەکاتەوە. | ٢,٢٥ | %٧٥ |
| ١ | ٢ | توانایی مرۆڤ بۆ بەرپرسیاریەتی و بەشداری بۆ بەرجەستەکردنی لایەنە جیاوازەکانی وێنا دەکات. | ٢,٠٢ | %٦٧,٣ |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ٢ | ٣ | وێناکردنی مرۆڤ و چاوبڕینە ژیانێکی شەرەفمەندانە. | ١,٧٧ | %٥٩ |
| | | ناوەندی پێوەرەکە | ٢,٠١ | %٦٧,١ |

لە خشتەی ژمارە (١٠) دا ئەوە ڕوون دەکاتەوە:

ئاماژە بەدەستهاتووەکان لە پێوەری شەشەمدا:

بەرزترین پلە بە هەردوو ئاماژەیی (٣,١) کەوتووە، چونکە ناوەندە ژمێرییان (٠٢،٢) ،(٢٥،٢)، ە، کیشی سەدییەکەیان (٧٥%)، (٦٧,٣%) یە دەقی هەردوو ئاماژەکە بە پێی ڕێزبەندی لە سەرەوە بۆ خوارەوەیە.

- کەسایەتی مرۆڤ دەردەخات کە ملکەچبوون بۆ گوێنەدان ڕەتدەکاتەوە.

- توانای مرۆڤ بۆ بەرپرسیاریەتی و بەشداری بۆ بەرجەستەکردنی لایەنە جیاوازەکانی وێنا دەکات.

بەڵام ئاماژەیی بەدینەهاتوو لە پێوەری شەشەمدا بۆ ئاماژەیی (وێناکردنی مرۆڤ و چاوبڕینە ژیانێکی شەرەفمەندانە)، ئەمەش ناوەندە ژمێری گەیشتە (١,٧٧) و کێشی سەدییەکەی گەیشتە (٥٩%) کە ئاماژەیە بۆ بەدینەهاتنی ئەم ئاماژەیە، (دروستکردن و بنیاتنانی کەسایەتی تاك لە هەرەتی لاویەتی کە قۆناغی ئامادەیی خوێندنە دەست پێدەکات و بەرە بەرەو گەشەکردن و دواتر بنج دادەکوتێت لە سەر بنیاتی سەرەتای دروستبوونی کە ئەویش لە قۆناغی خوێندنی ئامادەیی بووە، دیارە ئەمەش لە سەر پەروەردەیەکی دروست دەتوانرێت ئەم کەسایەتییە دروست بکرێت نەك لە ئەنجامی ئەو دەقە شعرییانەی کە باس لە دڵداری و ئارەزووەکانی دەکات).

## ئەنجامەکانی پێوەری حەوتەم:

(پەیوەندی نێوان مرۆڤ و گیاندارەکانی دیکەی خودای باڵا دەست جێگیر دەکات).

ئەم پێوەرە (٣) سێ ئاماژە لە خۆدەگرێت، ئەنجامەکانی لێکۆڵینەوەکە دەریخست کە بەهای ناوەندە ژمێری لە نێوان (١,٨٩) وەك بەرزترین پلە بۆ (١,٤٢) وەك نزمترین پلە.

قەتیسبووە، ناوەندی پێوەرەکەش (١,٦٣) ە، ئەمەش بەڵگەیە بۆ بەدینەهاتنی پێوەرەکە. لە خشتەی ژمارە (١١) دا ئەوە ڕوون دەکاتەوە:.

خشتەی ژمارە (١١)

ئەنجامەکانی شیکردنەوەی پێوەری حەوتەم بۆ بواری ناوەڕۆك:

| زنجیرەی ڕاوەرگرتنەکە | پلە | ئاماژەکان | ناوەندە ژمێری | کێشی سەدی |
|---|---|---|---|---|
| ١ | ١ | جەخت لە سەر پەیوەندی نەرم و نیانی نێوان مرۆڤ و دەوروبەری لە گیاندارانی زیندوو نازیندوو دەکاتەوە. | ١,٨٩ | %٦٣ |
| ٢ | ٢ | چەسپاندنی پەیوەندی لە نێوان هەموو مرۆڤەکان. | ١,٥٨ | %٥٢,٧ |
| ٣ | ٣ | چەسپاندنی پەیوەندی نێوان مرۆڤەکان و خودای باڵادەست. | ١,٤٢ | %٤٧,٣ |
| | | ناوەندی پێوەرەکە | ١,٦٣ | %٥٤,٣ |

لە خشتەی ژمارە (١١) دا ئەوە ڕوون دەکاتەوە:

هەموو ئاماژەکان بەدینەهاتوون.

ئەو ئاماژانەی کە بەدینەهاتوون:

ئاماژەی (١) (جەخت لە سەر پەیوەندی نەرم و نیانی نێوان مرۆڤ و دەوروبەری لە گیاندارانی زیندوو نازیندوو دەکاتەوە)، ناوەندە ژمێری (١,٨٩) و کێشی سەدییەکەی (%٦٣) بەدەستهێناوەو ئاماژەیە بۆ بەدینەهاتنی ئەم ئاماژەیە، دەگەڕێتەوە (بوونی پەیوەندی لە نێوان مرۆڤەکاندا لە کۆمەڵگادا پێویستە، جا جۆری پەیوەندییەکە تا بە شێوەیەکی جوان و ڕێك و نەرم و نیان بێت هەر زۆر دروستە، بەڵام هۆکاری ئەم لاوازیەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە زۆربەی ئەو دەقە ئەدەبییانەی لە قۆناغی پۆلی یازدەهەمدایە باس لە نموونەی ژیانی شارستانی و مەدەنی ناکەن کە زۆر پێویستە بۆ ئەم قۆناغەی قوتابی کە لە سەر پەروەردەیی پیکەوە ژیان و گونجاندن کاربکات).

ئاماژەیی (٢) (چەسپاندنی پەیوەندی لە نێوان هەموو مرۆڤەکان) ناوەندە ژمێری (١,٥٨) و کێشی سەدییەکەی (٥٢,٧%) ی بەدەستهێناوە. ئەمەش نیشانەیە بۆ بەدینەهاتنی ئاماژەکە، (دروستکردنی پەیوەندییەکی باشی لەگەڵ تەواوی مرۆڤەکان مەحاڵ و ئەستەمە، چونکە ئایدۆلۆژیاو بیروڕای جیاوازە کە واتە ناکرێت لەگەڵ هەمووان وەکو یەکبین، چەسپاندنی تۆوی پەیوەندی لە نێوان مرۆڤەکاندا کارێکی دروستەو ئەو پەڕی نیشانەی پێشکەوتن و مرۆڤ دۆستانەیە، هۆکاری لاوازیەکە لەم ئاماژەیە ئەوەیە کە زۆر کەم ئەو دەقە ئەدەبییانە باس لەم پەیوەندییە دەکەن، کە هەموو دەزانین قوتابییان لەم قۆناغەدا پێویستیان بە زۆرترین هاوڕێیەتی دروست هەیە تا سوود بە خۆی و ئەوانی تر بگەیەنێت).

ئاماژەیی (٣) (چەسپاندنی پەیوەندی نێوان مرۆڤەکان و خودای باڵادەست)، ناوەندە ژمێری (١,٤٢) و کێشی سەدییەکەی (٤٧,٣%) ی بەدەستهێناوە، ئەمەش ئاماژەیە بۆ بەدینەهاتنی ئاماژەکە، (بەهۆی بوونی بیروباوەڕی جیاواز پەیوەندی مرۆڤ بۆ خودا دەگۆڕێت، دواجار ئیمان پەیوەستە بەخودی کەسەکانەوە، هەموو کەسێك دەزانێت ڕاست و دروست چییە، هەر بۆیە ئێمە نەمانتوانیوە ئەو پەیوەندییە وەکو خۆی بە قوتابییانی بناسێنین ئەمەش هۆکاری ئەم لاوازیەیە کە ئاماژەی پێکراوە)

**ئەنجامەکانی پێوەری هەشتەم:**

(دۆخی لاوازی و بێ دەسەڵاتی ڕووندەکاتەوەو بە دۆخێکی ڕەوتەنی دادەنێت).

ئەم پێوەرە (٢) دوو ئاماژە لە خۆدەگرێت، ئەنجامەکانی تویژینەوەکە دەریخست کە بەهای ناوەندە ژمێری لە نێوان (٢,١١) وەك بەرزترین پلە بۆ (٢,٠٨) وەك نزمترین پلەیەو ناوەندی پێوەرەکەش (٢,٠٩) یە، ئەمەش بەڵگەیە بۆ بەدیهاتنی پێوەرەکە، لە خشتەی ژمارە (١٢) دا ئەوە ڕوون دەکاتەوە:

خشتەی ژمارە (١٢)

ئەنجامەکانی شیکردنەوەی پێوەری هەشتەم بۆ بواری ناوەڕۆك:

| زنجیرەی ڕاوەرگرتنەکە | پلە | ئاماژەکان | ناوەندە ژمێری | کێشی سەدی |
|---|---|---|---|---|
| ٢ | ١ | خۆ دوورگرتن و زێدەڕۆیی لە باسکردنی دۆخەکانی لاوازی لای مرۆڤ. | ٢,١١ | %٧٠,٣ |
| ١ | ٢ | لایەنەکانی لاوازی و بێ دەسەڵاتی لای مرۆڤ وێنا دەکات. | ٢,٠٨ | %٦٩,٣ |
| | | ناوەندی پێوەرەکە | ٢,٠٩ | %٦٩,٨ |

لە خشتەی ژمارە (١٢) دا ئەوە ڕوون دەکاتەوە:

هەر دوو ئاماژەکە کە لە پێوەری (٨) دا هەن بەدیهاتوون، چونکە بەرزترین پلە بۆ هەردوو ئاماژەکە (٢,١) ناوەندە ژمێری گەیشتووەتە (٢,١١)، (٢,٠٨) وە کێشی سەدییەکەی (%٧٠,٣)، و (%٦٩,٣) یە وە دەقی هەردوو ئاماژەکەش بەگوێرەی ڕێکخستنی لە سەرەوە بۆ خوارەوەیە.

- خۆ دوورگرتن و زیدەڕۆیی لە باسکردنی دۆخەکانی لاوازی لای مرۆڤ.

- لایەنەکانی لاوازی و بێ دەسەڵاتی لای مرۆڤ وێنا دەکات.

## ئەنجامەکانی پێوەری نۆیەم:

(دۆخەکانی مرۆڤ لە ساتە وەختی بەختەوەری و هەڵچووندا وێنا دەکات).

ئەم پێوەرە (٣) سێ ئاماژە لە خۆدەگرێت، ئەنجامەکانی لێکۆڵینەوەکە دەریخست کە بەهایی ناوەندە ژمێری لە نێوان (٢,٠٨) وەك بەرزترین پلەو (١,٠٦) وەك نزمترین پلە قەتیسبوو، هەروەها ناوەندی پێوەرەکەش (١,٦٩) یەو ئەمەش بەڵگەیە کە ئەم پێوەرە بەدینەهاتووە، لە خشتەی ژمارە (١٣) دا ئەوە ڕوون دەکاتەوە:

خشتەی ژمارە (١٣)

ئەنجامەکانی شیکردنەوەی پێوەری نۆیەم بۆ بواری ناوەڕۆك:

| زنجیرەی ڕاوەرگرتنەکە | پلە | ئاماژەکان | ناوەندە ژمێری | کێشی سەدی |
|---|---|---|---|---|
| ١ | ١ | ساتەکانی هەڵچوون و شوێنەوارە خراپەکانی لە سەر مرۆڤ وێنا دەکات. | ٢,٠٨ | %٦٩,٣ |
| ٢ | ٢ | ساتەکانی خۆشی و شادیی وکاریگەری لە سەر دەروونی مرۆڤ وینا دەکات. | ١,٩٤ | %٦٤,٧ |
| ٣ | ٣ | هەڵچوونی مرۆڤ وەك دۆخیکی لە ناکاو لە سەر سروشتی مرۆڤ وێنا دەکات. | ١,٠٦ | ٣، %٣٥ |
| | | ناوەندی پێوەرەکە | ١,٦٩ | %٥٦,٤ |

لە خشتەی ژمارە (١٣) دا ئەوە ڕوون دەکاتەوە:

ئاماژە بەدەستهاتووەکان لە پێوەری نۆیەمدا ئەوەیە کە بەرزترین پلە هی ئاماژەیی (١) ە، چونکە ناوەندە ژمێری (٢,٠٨)، وە کێشی سەدییەکەی (%٦٩,٣) وەدەقی ئاماژەکەش بە پێیی ڕێکخستنی لە سەرەوە بۆ خوارەوەیە.

- ساتەکانی هەڵچوون و شوێنەوارە خراپەکانی لە سەر مرۆڤ وێنا دەکات..

بەڵام ئاماژە بەدینەهاتووەکان لە پێوەری نۆیەمدا ئەوەیە:

ئاماژەیی (٢) (ساتەکانی خۆشی و شادیی وکاریگەری لە سەر دەروونی مرۆڤ وینا دەکات) ناوەندە ژمێری (١,٩٤) ی بەدەستهێناوە، کیشی سەدییەکەی (%٦٤,٧) ی بەدەستهێناوە بۆ بەدینەهاتنی ئەم ئاماژەیە ، (دیارە کە نووسەر دەقێکی ئەدەبی دەنووسێت دەبێت ڕەچاوی سەرجەم لایەنەکانی ژیان بکات کە لە دەوروبەری چۆن و چی دەگوزەرێت، هەر بۆ ئەو مەبەستەش ئەوەی کە دەبێت لە دەقێکی ئەدەبیدا هەبێت ڕەخساندنی کەشێکی گونجاوە بۆ خوێنەر کە ئەویش هەستکردنە بە خۆشی و ڕەنگدانەوەی لە سەر دڵ و

دەروونی تاکی کوردی، بەڵام ڕەنگە نەتوانین ئەو ڕاستییە بشارینەوە کە دەقەکانی ئەدەبی بۆ خۆشی نووسرابن زۆر کەمن یاخود هەر نین ئەمەش ئەو ڕاستەیە دەردەخات کە هۆکارە بۆ لاوازی ئاماژەکە دیارە ئەمەش لەوەوە سەرچاوەی گرتووە کە گەلی کورد لەوەتەی هەیە هەر بەشی ڕاکەڕاکو ماڵوێرانیبووە).

ئاماژەیی (٣) (هەڵچوونی مرۆڤ وەك دۆخیکی لە ناکاو لە سەر سروشتی مرۆڤ وێنا دەکات) ناوەندە ژمێری (١,٠٦) و کێشی سەدییەکەی (٣٥,٣%) یە بەدەستهێناوە بەم شێوەیەش ئاماژەکە بەدینەهاتووە (گومان لەوەدا نییە کە هەر هەڵچوونێك دۆخگەلێکی وا لە ناکاو دەخولقێنێت کە دەبێتە پێوەرێك بۆ هەڵسەنگاندنی ئەو مرۆڤە کە دووچاری ئەو گرفتە دەبێتەوە هەر بۆیە ئەمە ئاماژەیە بۆ لاوازی ئەو ئاماژەیە، چونکە مرۆڤ لە ژیانی ڕۆژانەی خۆیدا دووچاری هەڵچوونی لە ناکاو دەبێتەوە بەڵام نابێت کاریگەری هەبێت، بۆیە هیچ دەقیکی ئەدەبی نییە ئەم جۆرە کردەوانە لای قوتابییان پەروەردە بکات).

## ئەنجامەکانی پێوەری دەیەم:

(جەخت لە سەر پێشەنگییەکی چاك دەکاتەوە کە پێداگیری لە سەر بەهاکانی هێز دەکات وەك هەرەوەزی کردنی یەکترو قوربانیدان).

ئەم پێوەرە (٣) سێ ئاماژە لە خۆدەگرێت، ئەنجامەکانی لێکۆڵینەوەکە دەریخست کە بەهای ناوەندە ژمێری لە نێوان (١,٩١) وەك بەرزترین پلەو (١,١٢) وەك نزمترین پلەدایە ناوەندی پیوەرەکەش (١,٥١)ە ئەمەش بەڵگەیە کە ئەم پێوەرە بەدینەهاتووە. لە خشتەی ژمارە (١٤) ئەوە ڕوون دەکاتەوە.

خشتەی ژمارە (١٤)

ئەنجامەکانی پێوەری دەیەم بۆ بواری ناوەڕۆك:

| زنجیرەی ڕاوەرگرتنەکە | پلە | ئاماژەکان | ناوەندە ژمێری | کێشی سەدی |
|---|---|---|---|---|
| ١ | ١ | ئاکار و بەها جوانەکان وێنا دەکات و جەخت لە سەر گرنگییان دەکاتەوە لە ژیاندا. | ١,٩١ | %٦٣,٧ |
| ٢ | ٢ | جەخت لە سەر میتۆدی هەرەوەزی دەکات و هانی دەدات. | ١,٥١ | %٥٠,٣ |
| ٣ | ٣ | ڕەفتاری قێزەون و شوێنەوارە خراپەکانی وێنا دەکات. | ١,١٢ | %٣٧,٣ |
| | | ناوەندی پێوەرەکە | ١,٥١ | %٥٠,٤ |

لە نەخشەی ژمارە (١٤) دا ئەوە ڕوون دەکاتەوە:

هەموو ئاماژەکان بەدینەهاتوون.

ئاماژە بەدینەهاتووەکان:

ئاماژەیی (١) (ئاکار و بەها جوانەکان وێنا دەکات و جەخت لە سەر گرنگییان دەکاتەوە لە ژیاندا)، ناوەندە ژمێری (١,٩١) ی بەدەستهێناوە وە کێشی سەدییەکەی (%٦٣,٧) ی بەدەستهێناوە ئاماژە بۆ بەدینەهاتنی، ئەوەیە(هەر ئاکارو ڕەوشتێکی جوان وا دەکات کە بەهایەکی جوان و شیاو بەو کەسایەتییە ببەخشێت کە دەیەوێت بە ئەنجامی بگەیەنێت، گرنگیدان بەو جۆرە لە ژیاندا وا دەکات گوزەرانی مرۆڤەکان بەرەو ئاراستەیەکی دروست هەنگاو بنێت، بەلام هۆکاری لاوازی ئەم ئاماژەیە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە بەشی ئەدەب لە پەرتووکی زمان و ئەدەبی کوردی پۆلی یازدەهەمی ئامادەیی هیچ دەقێکی ئەدەبی نابینرێت هاوشێوەی ئەو بەها بەرزەی کە چاوەڕوان دەکرێت لە پەروەردەکردنی قوتابییان بێتەدی).

ئاماژەیی (٢) (جەخت لە سەر میتۆدی هەرەوەزی دەکات و هانی دەدات) ناوەندە ژمێری (١,٥١) ی بەدەستهێناوەو کێشی سەدییەکەی (٥٠,٣%) بەم شێوەیەش ئەم ئاماژەیە بەدینەهاتووە، چونکە (بەشداریکردن و یارمەتیدان و کاری هەرەوەزی هەنگاوی یەکەمی سەرکەوتنن، بەڵام ئەمڕۆ ئەم پرەنسیپانە زۆر کاری پێ ناکرێت چونکە گۆڕانکاری لە سیستەمی ژیانی کۆمەڵایەتی و ئابووری و....هتد هاتۆتە ئاراوە، ئەمەش هۆکاری ئەو لاوازییەیە کە لەم ئاماژەیە دایە لە کاتێکدا هیچ ڕێنیشاندەرێك بۆ قوتابییان بەدیناکرێت کە گرنگە بۆیان تا خۆیانی لە سەر دروستبکەن).

ئاماژەیی (٣) (ڕەفتاری قێزەون و شوێنەوارە خراپەکانی وێنا دەکات)، ناوەندە ژمێری (١,١٢) ی بەدەستهێناوە کێشی سەدییەکەی (٣٧,٣) ی بەدەستهێناوە، ئەمەش بەدینەهاتنی ئاماژەکە دەردەخات کە (هۆکاری لاوازییەکەی خۆی لەوەدا دەبینێتەوە کە ئەمە دەرئەنجامی ئەو عەقڵیەتەیە لە بیرو هۆشی تاکی قوتابییان و ئەو ژینگەیەی تێدا دەژیت کە کار لە سەر ئەوە دەکرێت بەرزترین نمرە بەدەستبهێنێت جا بیر لەوە ناکرێتەوە ئەم قوتابیە تا چەند ئامادەیە لە ڕووی پەروەردەییەوە بۆ کۆمەڵگا، کە ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ نەبوون یان کەمی دەقێکی ئەدەبی هاوشێوەی ڕێبەرنامەیەك بۆ قوتابییان).

## ئەنجامەکانی پێوەری یازدەهەم:

(یەکێتی و یەکڕیزی و برایەتی و یەکگرتن لە نێوان ڕۆڵەکانی نیشتیمان ڕووندەکاتەوەو دەست لە ڕق و ناکۆکی تیرەگەری هەڵدەگرن).

ئەم پێوەرە (٣) سێ ئاماژە لە خۆدەگرێت، ئەنجامەکانی لێکۆڵینەوەکە دەریخست کە بەهایی ناوەندە ژمێری دەکەوێتە نێوان (١,٥٩) وەك بەرزترین پلەو، و (١,٤١) وەك نزمترین پلە ناوەندی پێوەرەکەش (١,٥٢) ە، ئەمەش بەڵگەیە بۆ بەدینەهاتنی پێوانەکە، لە خشتەی ژمارە (١٥) دا ئەوە ڕوون دەکاتەوە:

خشتەی ژمارە (١٥)

ئەنجامەکانی شیکردنەوەی پێوەری یازدەهەم لە بواری ناوەڕۆك:

| زنجیرەی ڕاوەرگرتنەکە | پلە | ئاماژەکان | ناوەندە ژمێری | کێشی سەدی |
|---|---|---|---|---|
| ٣ | ١ | پێویستە ڕێزی میتۆد و بۆچوونی ئەوانی تر بگیرێ. | ١,٥٩ | %٥٣ |
| ٢ | ٢ | وەلانانی ناکۆکی و پێداگیری لەسەر میتودی یەکگرتن دەکات. | ١,٥٥ | %٥١,٧ |
| ١ | ٣ | لایەنگیری دەست هەڵگرتن لە ململانێ و ناکۆکی تیرەگەری و خێڵایەتی دەکات. | ١,٤١ | %٤٧ |
| | | ناوەندی پێوەرەکە | ١,٥٢ | %٥٠,٦ |

لە خشتەی ژمارە (١٥) دا ئەوە ڕوون دەکاتەوە:

هەموو ئاماژەکان بەدینەهاتوون :

ئاماژەیی (٣) (پێویستە ڕێزی میتۆد و بۆچوونی ئەوانی تر بگیرێ) ناوەندە ژمێری (١,٥٩) ی بەدەستهێناوەو کێشی سەدییەکەی (%٥٣)ی بەرکەوتووە، ئاماژەکە بەدینەهاتووە، (بەهۆی نەمانی وکەمبوونی پرەنسیپەکانی بەهای بەرزی مرۆڤایەتی تا ڕادەیەك ڕێزگرتن کەم بۆتەوە لەگەڵ هەموو ئەو هەرەمەکییەی کە لە سۆشیال میدیا سوێندی لێ خواردووە تا چ داب و نەریتی جوانی کوردەواریمان بە چەندین سەدە بنیاتمان نابوو لە ناوی بەرێت، کە ئەمەش لە داهاتوویەکی نزیکدا کارەسات لە بنەماکانی کۆمەڵایەتی و ئابووری ورۆشنبیری دەخولقێنێت، ئەوەی هۆکارە بۆ ئەم لاوازییە لەم ئاماژەیەدا ئەوەیە کە ئەو میتۆدو بۆچوونانەی لە شێوەی دەقێکی ئەدەبی دانراوە لەگەڵ قۆناغی ئەم قوتابییانەی

کە دەقەکە دەخوێنن نێوانیان بە نزیکەی سەدەو نیوێیەکە کە ئەمەش هیچ زانیاری و شارەزاییەکی ئەو سەردەم و ژینگەیەی نییە).

ئاماژەیی (٢) (وەلانانی ناکۆکی و پێداگری لە سەر میتۆدی یەکگرتن دەکات) ناوەندە ژمێری (١,٥٥) ی بەدەستهێناوەو کێشی سەدییەکەی (٥١,٧%) ی بەرکەوتووە بەم شێوەیەش ئەم ئاماژەیە بەدینەهاتووە، چونکە (ئەوە ڕاستییەکی حاشا هەڵنەگرە کە بوونی بیروڕای جیاواز لە سەر بنەمای نا زانستی دەبێتە مایەی چاندنی ڕق و کینەیەکی بێشوماری بێ سوود لە کۆمەڵگادا، هەر ئەمە هۆکارە بۆ لاوازی ئەو ئاماژەیە هیچ یان تەنها نموونەیەکی دەقی ئەدەبی ببینرێت باس لەوە بکات کە ئێمە لە کردارو گوفتارماندا یەکگرتوو بین کە ڕەنگە لە هەموو نەتەوەکانی تری سەر گۆی زەوی زیاتر پێویستمان پێیەتی).

ئاماژەیی (١)(لایەنگیری دەست هەڵگرتن لە ململانێ و ناکۆکی تیرەگەری و خێڵایەتی دەکات) کە ناوەندە ژمێری (١,٤١)ی بەدەستهێناوەو کێشی سەدییەکەی(٤٧%) ەو ئەم ئاماژەیە بەدینەهاتووە (ئێمە وەکو میللەتی کورد دەتوانین بڵێین بە دەرنەبووین لەو ململانێیەی کە لە نێو کۆمەڵگاکەماندا بوونی هەبوو ، ئەمەش ئاسەواری بوونی ئایدۆلۆژیای جیاوازەو بوونی چینایەتی و شەڕی ئایینی، بۆیە لاوازی ئەم ئاماژەیە هۆکاری نەبوونی دەقێکی ئەدەبی واقیعییە ڕەنگدانەوەی نێو کۆمەڵگای کوردی ڕوونبکاتەوە نەك دەقێکی ئەدەبی ڕۆمانتیکی).

## ئەنجامەکانی پێوەری دوازدەهەم:

(لەگەڵ ئەو دۆخەدا دەگونجێت کە قوتابییان تێیدا دەژین بە پێی مەیل و پێویستییەکانیان).

ئەم پێوەرە (٣) سێ ئاماژە لە خۆدەگرێت، ئەنجامەکانی لێکۆڵینەوەکە دەریخست کە بەهای ناوەندە ژمێری کەوتووەتە نێوان (٢,١٣) وەك بەرزترین پلەو، (٢,٠٢)، وەك نزمترین پلە، ناوەندی پێوەرەکەش (٢,٠٧)، ئەمەش بەڵگەیە بۆ بەدیهاتنی ئەم پێوانەیە، لە خشتەی ژمارە (١٦) دا ئەوە ڕوون دەکاتەوە.

خشتەی ژمارە (١٦)

ئەنجامەکانی شیکردنەوەی پێوەری دوازدەهەم بۆ بواری ناوەڕۆك:

| زنجیرەی ڕاوەرگرتنەکە | پلە | ئاماژەکان | ناوەندە ژمێری | كێشی سەدی |
|---|---|---|---|---|
| ٢ | ١ | لایەنی قارەمانیەتی و قوربانیدان و خۆشەویستی وێنا دەکات. | ٢,١٣ | %٧١ |
| ٣ | ٢ | بابەتی کۆمەڵایەتی وێنا دەکات ئەوانەی پەیوەندییان بەو دۆخەوە هەیە کە قوتابییان تێدا دەژین. | ٢,٠٦ | ٦٨,٧ % |
| ١ | ٣ | بەدەنگ ئارەزو و دنیایی و ئایینەکانی قوتابییانەوە دەچێت. | ٢,٠٢ | ٦٧,٣ % |
| | | ناوەندی پێوەرەکە | ٢,٠٧ | %٦٩ |

لە خشتەی ژمارە (١٦) دا ئەوە ڕووندەکاتەوە: کە هەموو ئاماژەکان بەدیهاتوون.

## ئەنجامەکانی بواری دووەم / بواری بنیاتی هونەری بۆ ناوەڕۆك:

ئەم بوارە (٧) حەوت پێوەر لە خۆدەگرێت، ئەنجامەکانیش دەریخست کە بەهای ناوەندە ژمێری لە نێوان بەرزترین پلە (٢,٤٤) و نزمترین پلەش (١,٧٢) دایە، بەم شێوەیەش دەکرێ بڕیار بدرێ بۆ بەدیهاتنی ئەم بوارە، لە خشتەی ژمارە (١٧) دا ئەوە ڕوون دەکاتەوە.

خشتەی ژمارە (١٧)

پلەیی بەدیهاتوو بۆ پێوەرەکانی بواری بنیاتی هونەری بۆ ناوەڕۆك:

| پلە | پێوەرەکان | ناوەندە ژمێری | کێشی سەدی |
|---|---|---|---|
| ١ | دەقی ئەدەبی بە شێوازێکی ناڕاستەوخۆ وتاری ئایینی و ڕێنمایی و ئامۆژگاری ڕووندەکاتەوە. | ٢,٤٤ | %٨١,٢ |
| ٢ | یەکانگیری دەقی ئەدەبی لە ڕووی بەداوای یەکداهاتنی پیتەکان و سەرچاوەکانیان و دەنگەکانیان و لێکدانەوەی واتاکانیان. | ٢,٠٤ | %٦٧,٨٧ |
| ٣ | دەکرێت دۆخی ویژدانی و هەڵچوونی لەگەڵدا بێت. | ٢,٠٢ | %٦٧,٢٣ |
| ٤ | جەخت لە سەر ئەوە بکرێ کە دەقی ئەدەبی لە ڕووی دارشتن و ڕستەی ڕاگەیاندنەوە بەشێوازی هەمەجۆر بێت. | ١,٩٧ | %٦٥,٥٧ |
| ٥ | کێش و سەروا لەگەڵ دەقە ئەدەبییەکان هاوسەنگ بێت. | ١,٩٣ | %٦٤,٢ |
| ٦ | خۆ دوورگرتن لە زیادەڕۆیی و جوانکاری لە وشەدا. | ١,٩٢ | %٦٣,٨٥ |
| ٧ | خۆ دوورگرتن لە وەسفی گشتی و ڕەچاوکردنی وێنەی ئەدەبی لە دەقی ئەدەبیدا. | ١,٧٢ | %٥٧,٣ |
| | ناوەندی بوارەکە | ٢,٠٠٦ | ٦٦,٧٥ % |

لە خشتەی ژمارە (١٧) دا ئەوە ڕوون دەکاتەو:

پێوەرە بەدیهاتووەکان لە بواری (بنیاتی هونەر) ی ناوەڕۆك بۆ ئاماژەکان (١، ٢، ٣) ناوەندە ژمێری گەیشتووەتە (٢,٤٤) و (٢,٠٤) (٢,٠٢) و کێشی سەدییەکەیان (%٨١,٢) و (%٦٧,٨٧) و (%٦٧,٢٣) ە.

**ئاماژەکانیش بە پێیی ڕێکخستنی لە سەرەوە بۆ خوارەوەیە:**

١- دەقی ئەدەبی بە شێوازێکی ناڕاستەوخۆ وتاری ئایینی و ڕێنمایی و ئامۆژگاری ڕووندەکاتەوە..

٢- یەکانگیری دەقی ئەدەبی لە ڕووی بەداوای یەکداهاتنی پیتەکان و سەرچاوەکانیان و دەنگەکانیان و لێکدانەوەی واتاکانیان.

٧- دەکرێت دۆخی ویژدانی و هەڵچوونی لەگەڵدا بێت.

**ئەوە پێوەرە بەدینەهاتووانەی بواری (بنیاتی هونەری) ناوەڕۆک:**

١- پێوەری (جەخت لە سەر ئەوە بکرێ کە دەقی ئەدەبی لە ڕووی داڕشتن و ڕستەی ڕاگەیاندنەوە بەشێوازی هەمەجۆر بێت) ناوەندە ژمێری (١,٩٧) ی بەدەستهێناوە، کێشی سەدییەکەی (٦٥,٥٧%).

٢- پێوەری (کێش و سەروا لەگەڵ دەقە ئەدەبییەکان هاوسەنگ بێت) ناوەندە ژمێری (١,٩٣) ی بەدەستهێناوە لە کاتێکدا کێشی سەدییەکەی (٦٤,٢%) ە.

٣- پێوەری (خۆ دوورگرتن لە زیادەڕۆیی و جوانکاری لە وشەدا) ناوەندە ژمێری (١,٩٢) ی بەدەستهێناوەو کێشی سەدییەکەی (٦٣,٨٥%) ە بەدەستهێناوە.

٤- پێوەری (خۆ دوورگرتن لە وەسفی گشتی و ڕەچاوکردنی وێنەی ئەدەبی لە دەقی ئەدەبیدا) ناوەندە ژمێری (١,٧٢) ی بەدەستهێناوەو کێشی سەدییەکەی (٥٧,٣%) ە بەدەستهێناوە.

**ئەنجامەکانی پێوەری یەکەم:**

(دەقی ئەدەبی بە شێوازێکی ناڕاستەوخۆ وتاری ئایینی و ڕێنمایی و ئامۆژگاری ڕووندەکاتەوە).

ئەم پێوەرە (٣) سێ ئاماژە لە خۆدەگرێت، ئەنجامەکانی لێکۆڵینەوەکە دەریخست کە ناوەندە ژمێری دەکەوێتە نێوان (٢,٥٨) وەك بەرزترین پلەو (٢,٣٠) وەك نزمترین پلە، ناوەندی پێوەرەکەش(٢,٤٤) ە، ئەمەش بەڵگەیە بۆ بەدیهاتنی پێوەرەکە.

لە خشتەی ژمارە (١٨) دا ئەوە ڕوون دەکاتەوە.

خشتەی ژمارە (١٨)

ئەنجامەکانی شیکردنەوەی پێوەری یەکەم بواری بنیاتی هونەری بۆ ناوەڕۆك

| زنجیرەی ڕاوەرگرتنەکە | پلە | ئاماژەکان | ناوەندە ژمێری | کێشی سەدی |
|---|---|---|---|---|
| ٣ | ١ | پشت بەو شێوازانە دەبەستێت کە لە سەر هەڵچوون و ویژدانی پەیدابووە. | ٢,٥٨ | %٨٦ |
| ٢ | ٢ | ڕووداوەکان بە شێوەیەك وێنا دەکات کە لە ڕاستییەوە نزیك بن. | ٢,٤٣ | %٨١ |
| ١ | ٣ | جەخت لە سەر یەکێتی بابەتی دەقەکە دەکات. | ٢,٣٠ | %٧٦,٧ |
| | | ناوەندی پێوەرەکە | ٢,٤٤ | %٨١,٢ |

لە خشتەی ژمارە (١٨) دا ئەوە ڕوون دەکاتەوە:

هەموو ئاماژەکان لە پێوەرێکدا بەدیهاتوون (دەقی ئەدەبی بە شێوازێکی ناڕاستەوخۆ وتاری ئایینی و ڕێنمایی و ئامۆژگاری ڕووندەکاتەوە) کە بەرزی پلەی ئاماژەکانیش (١، ٢، ٣) ناوەندە ژمێرییان بەم جۆرەیە (٢,٥٨)، (٢,٤٣)، (٢,٣٠)، کێشی سەدییەکەیان (%٨٦)، (%٨١)، (%٧٦,٧) وە ئاماژەکانیش بە پێی ڕیکخستنی لە سەرەوە بۆ خوارەوەیە:

- پشت بەو شێوازانە دەبەستێت کە لە سەر هەڵچوون و ویژدانی پەیدابووە.

- ڕووداوەکان بە شێوەیەك وێنا دەکات کە لە ڕاستییەوە نزیك بن.

- جەخت لە سەر یەکێتی بابەتی دەقەکە دەکات.

## ئەنجامەکانی پێوەری دووەم:

(کێش و سەروا لەگەڵ دەقە ئەدەبییەکان هاوسەنگ بێت).

ئەم پێوەرە (٣) سێ ئاماژە لە خۆدەگرێت، ئەنجامەکانی لێکۆڵینەوەکە دەریخست کە بەهای ناوەندە ژمێری دەکەوێتە نێوان (١,٩٥) وەك بەرزترین پلە و (١,٩٠) وەك نزمترین پلە، ناوەندی پێوەرەکەش (١,٩٣) یە، ئەمەش بەڵگەیە کە پێوەرەکە بەدینەهاتووە، لە خشتەی ژمارە (١٩) ئەوە ڕوون دەکاتەوە.

خشتەی ژمارە (١٩)

ئەنجامەکانی شیکردنەوەی پێوەری دووەم بواری بنیاتی هونەری بۆ ناوەڕۆك

| زنجیرەی ڕاوەرگرتنەکە | پلە | ئاماژەکان | ناوەندە ژمێری | کێشی سەدی |
|---|---|---|---|---|
| ٣ | ١ | جوانی ڕێکخستنی و دابەشکردنی لەگەڵ بەحرە پیشان دراوەکان. | ١,٩٥ | %٦٥ |
| ١ | ٢ | هەماهەنگی مۆسیقای ناوەکی و لەرینەوەی دەنگ و دابەشبوونی لەگەڵ دەقە ئەدەبیەکاندا. | ١,٩٣ | %٦٤,٣ |
| ٢ | ٣ | ڕوونی سەرواکان و هەماهەنگی مۆسیقای ناوەکییان. | ١,٩٠ | %٦٣,٣ |
| | | ناوەندی پێوەرەکە | ١,٩٣ | %٦٤,٢ |

لە خشتەی ژمارە (١٩) دا ئەوە ڕوون دەکاتەوە:

کە هەموو ئاماژەکان بەدینەهاتوون.

ئاماژەیی (٣) (جوانی ڕێکخستنی و دابەشکردنی لەگەڵ بەحرە پیشان دراوەکان) ناوەندە ژمێری (١,٩٥) ی بەدەستهێناوە وە کێشی سەدییەکەی (٦٥%) ە ئەمەش بەڵگەیە بۆ بەدینەهاتنی پێوەرەکە، (هۆکاری ئەم لاوازیەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ئەو بەرهەمانەی مۆرکی بێگانەی پێوەیە لە لایەن قوتابییان لەم قۆناغەدا ڕەت دەکرێتەوەو زیاتر چێژ لە دەقی خۆماڵی دەبینن بە تایبەتی لە ڕووی ڕێکخستن و دابەشکردنی بەحرەکانەوە وەك کێشی پەنجەی خۆماڵی).

ئاماژەیی (١) (هەماهەنگی مۆسیقای ناوەکی و لەرینەوەی دەنگ و دابەشبوونی لەگەڵ دەقە ئەدەبیەکاندا) ناوەندە ژمێری (١,٩٣) ی بەدەستهێناوە وە کێشی سەدییەکەی (٦٤,٣%) یە وە نیشانەی بەدینەهاتنی ئەم پێوەرەیە، (ئەم جۆرە لەهەماهەنگییە نابینرێت لە هەندێك لەو دەقە ئەدەبییانەی کە لە پەرتووکی زمان و ئەدەبی کوردی بەشی ئەدەبەکەیدا هەیە، چونکە قوتابییان لە واتای هەندێك لە وشەکان نازانن یان تێناگەن ئەمەش بە هۆی بوونی بەشە دیالێکتی جیاواز و بەکارهێنانی وشەی بێگانە لە نموونە شیعرییەکاندا کە هیچ چێژێك نامێنێتەوە تاوەکو ئەو هەماهەنگییە ببینێت هەر ئەمەشە هۆکاری لاوازی ئەم ئاماژەیە).

ئاماژەیی (٢) (ڕوونی سەرواکان و هەماهەنگی مۆسیقای ناوەکییان)، ناوەندە ژمێری(١,٩٠) وە کێشی سەدییەکەی (٦٣,٣%) وەنیشانەی بەدینەهاتنی ئەم پێوەرەش (دەگەڕێتەوە بۆ ئەو هۆکارانەی کە قوتابی لە شێوە شیعری سەردەمی خۆی زیاتر چێژ وەردەگرێت چونکە بۆ سەردەمی خۆی دەنووسرێت، ئەوەی کە لە پەرتووکی زمان و ئەدەبی کوردی بەشی ئەدەبەکەیەتی سەرواکانی تا ڕادەیەك قورسن و لەگەڵ ئەو تواناو ویستەی ئەوان ناگونجێت ئەمەش وای کردووە هۆکاری لاوازیەکەی بێت).

## ئەنجامەکانی پێوەری سێیەم:

(خۆ دوورگرتن لە وەسفی گشتی و ڕەچاوکردنی وێنەی ئەدەبی لە دەقی ئەدەبیدا).

ئەم پێوەرە (٢) دوو ئاماژە لە خۆدەگرێت، ئەنجامەکانی لێکۆڵینەوەکە دەریخست کە بەهای ناوەندە ژمێری (١,٩٠) ە و کە بەرزترین پلەو (١,٥٤) وەك نزمترین پلەو ناوەندی پێوەرەکەش (١,٧٢) ە ئەمەش بەڵگەیە بۆ بەدینەهاتنی ئەم پێوەرە. لە خشتەی ژمارە (٢٠) دا ئەوە ڕوون دەکاتەوە:

خشتەی ژمارە (٢٠)

ئەنجامەکانی شیکردنەوەی پێوەری سێیەم بواری بنیاتی هونەری بۆ ناوەڕۆك

| زنجیرەی ڕاوەرگرتنەکە | پلە | ئاماژەکان | ناوەندە ژمێری | کێشی سەدی |
|---|---|---|---|---|
| ٢ | ١ | وێنەیی ڕەوانبێژی بۆ لێکدانەوەی واتای دەقی ئەدەبی بەکاردەهێنرێت. | ١,٩٠ | %٦٣,٣ |
| ١ | ٢ | لە ڕوونکردنەوەی واتاکاندا بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ نووسین بەکار دێت. | ١,٥٤ | %٥١,٣ |
| | | ناوەندی پێوەرەکە | ١,٧٢ | %٥٧,٣ |

لە خشتەی ژمارە (٢٠) دا ڕوون دەکاتەوە:

ئاماژەیی (٢)(وێنەیی ڕەوانبێژی بۆ لێکدانەوەی واتای دەقی ئەدەبی بەکاردەهێنرێت) ناوەندە ژمێری (١,٩٠) بەدەستهێناوەو وە کێشی سەدییەکەی (%٦٣,٣) بەدەستهێناوە. بەم شێوەیەش ئەم پێوەرە بەدینەهاتووە، (ئەم جۆرە دەقانە لەم قۆناغەدا دەبینرێت خاوەن ڕەوانبێژییەکی زۆر قووڵە هەر ئەمەیە هۆکاری لاوازیەکەی پێویستی بە شارەزاییەکی باش هەیە تا بتوانێت چێژی لێوە وەربگرێت جا ئەمەش بە هۆی ئەو زانستەی لە هۆنراوەی ڕوانبێژیدا هەیە کە زۆر جار بە قۆناغی ئامادەیی کە قوتابییان تێدا دەخوێنن نامۆیەو ناگونجێت).

ئاماژەیی(١) (لە ڕوونکردنەوەی واتاکاندا بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ نووسین بەکاردێت). ناوەندە ژمێری (١,٥٤) ە و کێشی سەدییەکەی (٥١,٣%). ئەمەش نیشانەیە بۆ بەدینەهاتنی پێوەرەکە، (ئەمە ئاماژەیەکی ڕوونە بۆ لاوازیەکەی لە کاتێکدا قوتابی هەندێك لە واتای وشەکان نازانێت و لە بیری خۆیدا بە واتایەکی تر ساغی دەکاتەوە، ڕەنگە ئەمەش بۆ ئەوە ڕاست بێت کە هەندێك جار هەندێك لە مامۆستایانیش واتای وشەکان نازانن).

## ئەنجامەکانی پێوەری چوارەم:

(جەخت لە سەر ئەوە بکرێ کە دەقی ئەدەبی لە ڕووی داڕشتن و ڕستەی ڕاگەیاندنەوە بەشێوازی هەمەجۆر بێت).

ئەم پێوەرە (٣) سێ ئاماژە لە خۆدەگرێت، ئەنجامەکانی لێکۆڵینەوەکە دەریخست کە بەهای ناوەندە ژمێری دەکەوێتە نێوان (٢,٠٦) وەك بەرزترین پلەو (١,٨٨) وەك نزمترین پلە، ناوەندی پێوەرەکەش دەگاتە (١,٩٧)، ئەمەش بەڵگەیە بۆ بەدینەهاتنی ئەم پێوەرە، لە خشتەی ژمارە (٢١) دا ئەوە ڕوون دەکاتەوە.

خشتەی ژمارە (٢١)

ئەنجامەکانی شیکردنەوەی پێوەری چوارەم بواری بنیاتی هونەری بۆ ناوەڕۆك

| زنجیرەی ڕاوەرگرتنەکە | پلە | ئاماژەکان | ناوەندە ژمێری | کێشی سەدی |
|---|---|---|---|---|
| ١ | ١ | گونجاوی شێوازی زمان دەقی ئەدەبی داهێنراو دروست دەکات. | ٢,٠٦ | %٦٨,٧ |
| ٣ | ٢ | چاوخستنەسەر شێوازی داڕشتن لە دەقی ئەدەبیدا. | ١,٩٦ | %٦٥,٣ |
| ٢ | ٣ | ڕێکەوتنی شێوازی نووسەر لەگەڵ پێداویستی و ئارەزووەکانی خوێندنەوەی قوتابییان لە بواری ئەدەبدا. | ١,٨٨ | %٦٢,٧ |
| | | ناوەندی پێوەرەکە | ١,٩٧ | %٦٥,٥٧ |

لە خشتەی ژمارە (٢١) دا ڕوون دەکاتەوە:

کە ئاماژەیی بەدیهاتوو لە پێوەری چوارەمدا (گونجاوی شێوازی زمان دەقی ئەدەبی داهێنراو دروست دەکات)، ناوەندە ژمێری گەیشتووەتە (٢,٠٦) و کێشیی سەدییەکەی (٦٨,٧%) ە.

بەڵام ئاماژە بەدینەهاتووەکان ئەمانەن:

ئاماژەیی (٣)(چاوخستنەسەر شێوازی داڕشتن لە دەقی ئەدەبیدا) ناوەندە ژمێری (١,٩٦) ی بە دەستهێناوە، کێشی سەدییەکەی (٦٥,٣%) یە، کە ئاماژە بەدینەهاتووە، (هۆکاری ئەم لاوازیەیە لەم ئاماژەیەدا بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ئەو دەقە ئەدەبیانەی کە ئێستا لە پەرتووکی زمان و ئەدەبی کوردی بەشی ئەدەبەکەیدا هەیە بۆ ئامانج و سەردەمێکی جیاواز نووسراوە بۆ کاتی خۆی توانراوە چێژی لێوەربگیرێت بەڵام لە ئێستادا ئەم جیاوازەو هەست بەو چێژە ناکرێت لە لایەن قوتابییانەوە).

ئاماژەیی(٢)(ڕێکەوتنی شێوازی نووسەر لەگەڵ پێداویستی و ئارەزووەکانی خوێندنەوەی قوتابییان لە بواری ئەدەبدا) ناوەندە ژمێری (١,٨٨)ی بەدەستهێناوە و کێشی سەدییەکەی (٦٢,٧%)ە ئەمەش بەڵگەیە بۆ بەدینەهاتنی ئەم ئاماژەیە (مەرج ئەو دەقە ئەدەبیەی کە دەنووسرێت بە شێوازێکی باڵا بێت و لەگەڵ پێداویستی ئەو قۆناغەی تەمەنی قوتابییان بگونجێت هۆکاری ئەم لاوازیەش ئەوەیە کە ئەمە لە پەرتووکی زمان و ئەدەبی کوردی بەشی ئەدەبەکەی پۆلی یازدەهەمی ئامادەیی بە هەر دوو لقی زانستی وێژەییەوە نابینرێت).

### ئەنجامەکانی پێوەری پێنجەم:

(یەکانگیری دەقی ئەدەبی لە ڕووی بەدوا یەکداهاتنی پیتەکان و سەرچاوەکانیان و دەنگەکانیان و لێکدانەوەی واتاکانیان).

ئەم پێوەرە (٣) سێ ئاماژە لە خۆدەگرێت، ئەنجامەکانی لێکۆڵینەوەکە دەریخست کە بەهای ناوەندە ژمێری لە نێوان (٢,١٠) وەك بەرزترین پلەو (١,٩٩) وەك نزمترین پلە

دەردەخات، ناوەندی پێوەرەکەش (٢,٠٤) ە. ئەمەش بەڵگەیە بۆ بەدیهاتنی ئەم پێوەرە، لە خشتەی ژمارە (٢٢) دا ئەوە ڕوون دەکاتەوە.

خشتەی ژمارە (٢٢)

ئەنجامەکانی شیکردنەوەی پێوەری پێنجەم بواری بنیاتی هونەری بۆ ناوەڕۆك

| زنجیرەی ڕاوەرگرتنەکە | پلە | ئاماژەکان | ناوەندە ژمێری | کێشی سەدی |
|---|---|---|---|---|
| ١ | ١ | پەیوەستبوونی دەنگەکان و هاوئاهەنگەکانیان. | ٢,١٠ | %٧٠ |
| ٢ | ٢ | ڕەوانی دەربڕینەکەو نەرمونیانیان. | ٢,٠٢ | %٦٧,٣ |
| ٣ | ٣ | دەربڕین و درکاندنی وشەکان بە ڕوونی لە سەر واتاکان. | ١,٩٩ | %٦٦,٣ |
| | | ناوەندی پێوەرەکە | ٢,٠٤ | %٦٧,٨٧ |

لە خشتەی ژمارە (٢٢) دا ڕوون دەکاتەوە:

ئاماژە بەدیهاتووەکان لە پێوەری پێنجەمدا (یەکانگیری دەقی ئەدەبی لە ڕووی بەدوا یەکداهاتنی پیتەکان و سەرچاوەکانیان و دەنگەکانیان و لێکدانەوەی واتاکانیان) کە بەرزترین (١، ٢) ناوەندە ژمێری گەیشتووەتە (٢,١٠)، (٢,٠٢)، کێشی سەدییەکەیان گەیشتووەتە (%٧٠) و (%٦٧,٣) و ئاماژەکانیش بەپێی ڕێزکردنی لە سەرەوە بۆ خوارەوە هاتووە:

-پەیوەستبوونی دەنگەکان و هاوئاهەنگەکانیان.

-ڕەوانی دەربڕینەکە و نەرمونیانیان.

بەڵام ئاماژە بەدینەهاتووەکان:

ئاماژەیی(٣) (دەربڕین و درکاندنی وشەکان بە ڕوونی لە سەر واتاکان)، ناوەندە ژمێری (١,٩٩) و کێشی سەدییەکەی (%٦٦,٣) یە ئەمەش وا دەگەیەنێت کە ئەم ئاماژەیە

بەدینەهاتووە، چونکە(شێوازی دەربڕین بەندە بە پلەی ڕۆشنبیری و فرەیی زەخیرەی فەرهەنگی لای نووسەران، بۆیە هۆکاری لاوازی ئەم ئاماژەیەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە لە پەرتووکی زمان و ئەدەبی کوردی پۆلی یازدەهەمی ئامادەیی لە بەشی ئەدەبەکەی کەمتر ڕەچاوی لایەنی زانستی کراوە لە دەقە ئەدەبییەکاندا).

## ئەنجامەکانی پێوەری شەشەم:

(خۆ دوورگرتن لە زیادەڕۆیی و جوانکاری لە وشەدا).

ئەم پێوەرە(٢) دوو ئاماژە لە خۆدەگریت، ئەنجامەکانی لێکۆڵینەوەکە دەریخست کە بەهای ناوەندە ژمێری دەکەوێتە نێوان (١,٩٥) وەك بەرزترین پلەو (١,٨٨) وەك نزمترین پلە ناوەندی پێوەرەکەش(١,٩٢)ە، ئەمەش بەڵگەیە بۆ ئەم پێوەرە، لە خشتەی ژمارە (٢٣) دا ئەوە ڕوون دەکاتەوە.

خشتەی ژمارە (٢٣)

ئەنجامەکانی شیکردنەوەی پێوەری شەشەم بواری بنیاتی هونەری بۆ ناوەڕۆك

| زنجیرەی ڕاوەرگرتنەکە | پلە | ئاماژەکان | ناوەندە ژمێری | کێشی سەدی |
|---|---|---|---|---|
| ٢ | ١ | جەخت لە سەر گونجاوی و داڕشتن لەگەڵ بیرۆکەکاندا دەکات. | ١,٩٥ | %٦٥ |
| ١ | ٢ | بنیاتی هونەری ڕواڵەتی دەربڕین بە بێ زۆر لە خۆکردن وێنا دەکات. | ١,٨٨ | %٦٢,٧ |
| | | ناوەندی پێوەرەکە | ١,٩٢ | %٦٣,٨٥ |

لە خشتەی ژمارە (٢٣) دا ڕوون دەکاتەوە:

کە هەموو ئاماژەکان بەدینەهاتوون.

ئاماژە بەدینەهاتووەکان:

ئاماژەیی (٢) (جەخت لە سەر گونجاوی و داڕشتن لەگەڵ بیرۆکەکان دەکات)، ناوەندە ژمێری گەیشتووەتە (١,٩٥) وە کێشی سەدییەکەی گەیشتووەتە (٦٥%) ئەمەش بەڵگەیە کە ئەم ئاماژەیە بەدینەهاتووە، (هۆکاری ئەم لاوازییە لەم ئاماژەیە دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی ئەو پەیوەندییە لە داڕشتنی دەقی ئەدەبی لە لایەن نووسەرەوە لەگەڵ بیرو تێگەیشتنی قوتابییان لە قۆناغی ئامادەیی و ئەم سەردەمی پێشکەوتنی جیهانی زیرەکی).

ئاماژەیی (١) (بنیاتی هونەری ڕواڵەتی دەربڕین بە بێ زۆر لە خۆکردن وێنا دەکات). ناوەندە ژمێری (١,٨٨) وە کێشی سەدییەکەی (٦٢,٧%) ە، ئەمەش بەڵگەیە بۆ بەدینەهاتنی ئەم ئاماژەیە (هۆکاری لاوازی ئەم بابەتەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە بنیاتی زانستی ئەم دەقە ئەدەبیانە لە پلەی قوتابییاندا نین هەر بۆیە هەر لە چوونە ژوورەوە بۆ بابەتی زمان و ئەدەبی کوردی بە تایبەت بەشی ئەدەبەکەی هەر دەڵێت قوتابی بە زۆر هاتووەتە ژوورەوە ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە هەستی بە چێژی ئەدەبی کەم یان هەر ناکات هەر بۆیە زۆر لە خۆکردنێك لە دەربڕینەکانیان دەبینرێت).

## ئەنجامەکانی پێوەری حەوتەم:

(دەکرێت دۆخی ویژدانی و هەڵچوونی لەگەڵدا بێت).

ئەم پێوەرە (٣)سێ ئاماژە لە خۆدەگرێت، ئەنجامەکانی لێکۆڵینەوەکە دەریخست کە بەهای ناوەندە ژمێری دەکەوێتەنێوان (٢,١٢) وەك بەرزترین پلەو (١,٩٠) وەك نزمترین پلە، ناوەندی پێوەرەکەش (٢,٠٢) ە، ئەمەش بەڵگەیە بۆ بەدیهاتنی ئەم پێوەرە. لە خشتەی ژمارە (٢٤) ئەوە ڕوون دەکاتەوە.

خشتەی ژمارە (٢٤)

ئەنجامەکانی شیکردنەوەی پێوەری حەوتەم بۆ بواری بنیاتی هونەری ناوەڕۆك

| زنجیرەی ڕاوەرگرتنەکە | پلە | ئاماژەکان | ناوەندە ژمێری | کێشی سەدی |
|---|---|---|---|---|
| ١ | ١ | هێزو توانایی سۆزو بڕشتی نووسەرەکە پیشاندەدات. | ٢,١٢ | ٧٠,٧% |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ٣ | ٢ | جەخت لە سەر ئەو بیرۆکەیە دەکاتەوە کە ڕەنگدانەوەی هەستی نووسەرەکەیە. | ٢,٠٣ | %٦٧,٧ |
| ٢ | ٣ | ئەزموونی هەڵچوونەکانی نووسەر وێنا دەکات. | ١,٩٠ | %٦٣,٣ |
| | | ناوەندی پێوەرەکە | ٢,٠٢ | %٦٧,٢٣ |

لە خشتەی ژمارە (٢٤) دا ڕوون دەکاتەوە:

کە ئاماژە بەدەستهاتووەکان لە پێوەری حەوتەمدا (دەکرێت دۆخی ویژدانی و هەڵچوونی لەگەڵدا بێت) کە بەرزترین پلە (١,٣)، ناوەندە ژمێری لە نێوان (٢,١٢) و (٢,٠٣) یە کێشی سەدییان (%٧٠,٧) (%٦٧,٧) ە، ئاماژەکانیش بە پێی ڕیزکردن لە سەرەوە بۆ خوارەوەیە:

- هێزو توانایی سۆزو بڕشتی نووسەرەکە پیشاندەدات.

- جەخت لە سەر ئەو بیرۆکەیە دەکاتەوە کە ڕەنگدانەوەی هەستی نووسەرەکەیە.

بەڵام ئاماژە بەدینەهاتووەکان ئەمانەن:

